# ناکردن لە کوردیدا

نامەیەکە

عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسوڵ

پێشکەشی کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەددینی

کردووە بەشێکە لە پێویستییەکانی پلەی ماجستێر

لە زمانی کوردیدا

صفر ١٤١٢ك — ئەیلول ١٩٩١ ز

# ناکردن لە کوردیدا

نامەیەکە

عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسوڵ

پێشکەشی کۆلێجی ئادابی زانکۆی سەلاحەددینی
کردووە بەشێکە لە پێویستیەکانی پلەی ماجستێر
لە زمانی کوردیدا

صفر - ١٤١٢ ك ‏ ‏ ‏ ‏ ایلول - ١٩٩١ ز

ئه م نامه یه به چاودێری من له کولێجی ئادابی ـ زانکۆی سه لاحه دین ئـامادە کراوه و به شێکه له پێویستییه کانی پله ی ماجستێر له زمانی کوردی ( رسته سازی ) •

ناو: محمد معروف فتاح
مێژوو: ٢٤/ ١٠/ ١٩٩١

به پێی ئه م پێشنیاره ئه م نامه یه پێشکه ش به لێژنه ی هه ڵسه نگاندن ده که م •

ناو: محمد معروف فتاح
سه رۆکی لێژنه ی خوێندنی بـــالا
له به شی کوردی
مێژوو/ ٢٤/ ١٠/١٩٩١

ئێمه ئەندامانی لیژنەی موناقەشە و هەڵسەنگاندن ، ئەم نامەیەمان خوێندەوە و لەگەڵ
قوتابییەکەدا موناقەشەمان دەربارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی تری کرد و بڕیارماندا
کە شایانی ئەوەیە بە پلەی (          ) بڕوانامەی ماجستێری لە زمانی
کوردیدا (ڕستەسازی) پێبدرێ .

ناو: أمين علي سعيد موتابچي

سەرۆکی لیژنە :

مێژوو: ٢٤/ ١٠/ ١٩٩١

| | | |
|---|---|---|
| ناو: محمد معروف فتاح | ناو: عبدالمجيد رشيد أحمد | ناو: محمد فاروق عمر صديق |
| ئەندام . | ئەندام . | ئەندام . |
| مێژوو: ٢٤/ ١٠/ ١٩٩١ | مێژوو: ٢٤/ ١٠/ ١٩٩١ | مێژوو: ٢٤/ ١٠/ ١٩٩١ |

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێجی ئادابەوە پەسەندکرا .

ناو: عبدالكريم عبدالسادة الفضا

عەمیدی کۆلێجی ئاداب

زانکۆی سەلاحەدین

مێژوو: ٢٤/ ١٠/ ١٩٩١

## پێشکەش

١ـ به باوکم ، که یه‌کەم مامۆستایه له ژیانمداو فێری کردم، که چۆن ڕاژه‌ی گه‌ل ونیشتمانم بکه‌م •

٢ـ به مامۆستا (سه عه‌دوڵلاحاجي حه‌مه‌د ئه‌مین‌رواندوزی )که له سه‌ره‌تای خوێندندا فێری کردم ،که چۆن به کوردی بنووسم

٣ـ به مامۆستا (عومه‌ر شێخه‌ڵلا ده‌شته‌کی )که له سه‌ره‌تای خوێندنی ئاماده‌ییدا خولیای ئه‌ده‌بی کوردی کردم •

٤ـ به مامۆستا ( وریا عومه‌ر ئه‌مین ) که له سه‌ره‌تای خوێندنی - زانستگادا خولیای ڕێزمانی کوردی کردم •

٥ـ به هه‌موو مامۆستاکانی ترم •

# سوپاسنامە

سوپاس و ڕێزی تایبەتیم بۆ مامۆستای بەتواناو خۆشەویستم محەممەد مەعروف فەتاح ، کە بەو پەڕی دڵسۆزییەوە ئەرکی سەرپەرشتی کردنی ئەم نامەیەی گرتە ئەستۆو دەستی یارمەتی بۆ درێژ کردم .

# ناوەرۆك

# ناوەڕۆك


| بابەت | لابەرە |
| --- | --- |
| پێشەكی .................... | ١ |
| بەشی یەكەم : | ٣ |
| ١-١ پێناسەی تاكردن .................. | ٤ |
| ١-٢ واتای تاكردن .................. | ٥ |
| ١-٢-١ بەرامبەری .................... | ٦ |
| ١-٢-٢ پێچەوانەیی .................... | ٧ |
| ١-٢-٣ بەراووردی .................... | ٨ |
| ١-٢-٤ یەكسەری .................... | ٩ |
| ١-٢-٥ سووربوون .................... | ٩ |
| ١-٢-٦ پێداگرتن .................... | ١٠ |
| ١-٢-٧ دوودڵی .................... | ١١ |
| ١-٣ تاكردن وئەركەكانی زمان وجۆری ڕستە ....... | ١٢ |
| ١-٣-١ زانیاری وهەواڵ گەیاندن ............ | ١٢ |
| ١-٣-٢ پرسیار كردن .................... | ١٣ |
| ١-٣-٣ هەست دەربڕین ووروژاندن .......... | ١٧ |
| ١-٣-٤ فەرماندان .................... | ١٨ |
| ١-٣-٥ جێ خۆشكردن .................... | ٢١ |
| ١-٤ نیشانەكانی تاكردن .................... | ٢٢ |
| ١-٤-١ تاكردنی كار .................... | ٢٢ |
| ١-٤-٢ تاكردنی ڕستە .................... | ٢٧ |
| ١-٤-٣ تاكردنی ئاوەڵناو .................... | ٢٨ |
| ١-٤-٤ هەندێ نیشانەی تری تاكردن .......... | ٢٩ |
| ١-٥ جۆرەكانی تاكردن .................... | ٣١ |
| ١-٥-١ دەربڕاو .................... | ٣١ |
| ١-٥-٢ دەرنەبڕاو .................... | ٣٥ |
| ١-٦ كازەكانی پێشتر دەربارەی تاكردن لە كوردیدا ... | ٣٦ |
| ١-٧ هەڵسەنگاندنێكی كارەكانی پێشتر ....... | ٤٤ |

به‌شی دووه‌م : ٤٦

ناکردنی ڕسته‌ی ساده‌ له‌ کوردیدا ........ ٤٢

پێناسه‌ و تایبه‌تیه‌کانی ڕسته‌ی ساده‌ ........ ٤٧

ناکردنی ساده‌ترین ڕسته‌ی کوردی ............ ٥٠

ناکردنی ڕسته‌ی ساده‌ی فراوانکراو ......... ٥٦

١ـ هێز له‌ ڕسته‌ی ساده‌ی فراوانکراودا ......... ٥٦

٢ـ بواری ناکردن له‌ ڕسته‌ی ساده‌ی فراوانکراودا .. ٥٩

ناکردن له‌ ڕسته‌ی پرسیدا .............. ٦٣

به‌شی سێیه‌م : ٦٤

ڕسته‌ی ناساده‌ ................... ٦٥

ڕسته‌ی لێکدراو .................... ٦٦

پێکهاتنی ڕسته‌ی لێکدراو ............... ٦٦

جۆره‌کانی ڕسته‌ی لێکدراو ............... ٦٦

ناکردنی ڕسته‌ی لێکدراو ............... ٦٩

ناکردن و ئامرازه‌ لێکده‌ره‌کان ............ ٧٥

ڕسته‌ی ئاوێته‌ ..................... ٨٠

پێکهاتنی ڕسته‌ی ئاوێته‌ ................ ٨٠

جۆره‌کانی ڕسته‌ی ئاوێته‌ ................ ٨١

ناکردنی ڕسته‌ی ئاوێته‌ ................ ٨٤

١ ـ ناکردنی پاڕسته‌ی ناوی ............. ٨٥

٢ـ ناکردنی پارسته‌ی دیارخه‌ری ........... ٨٨

٣ـ ناکردنی پارسته‌ی ئاوه‌ڵکاری ........... ٩٥

ئه‌نجام : .................... ١٠٦

سه‌رچاوه‌کان ..................... ١٠٨

کورته‌یه‌کی باسه‌که‌ به‌ زمانی عه‌ره‌بی ..... ١١٠

کورته‌یه‌کی باسه‌که‌ به‌ زمانی ئینگلیزی ....... ١١١

# پێشەکی

## پێشەکی

ناکردن کردەیەکی ڕێزمانی یان واتایی یە، کە بە زۆری بە رپەچدانەوەو جێ بە جێ نەکردن دەگەیەنێ، هەرچەندە لە چەند زمانێکی تردا ناکردن بایەخێکی تەواوی پێدراوە و لێکۆڵینەوەیەکی زۆری لەبارەوە کراوە، لە کوردیدا لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی زانستانەی دەربارە نەکراوە، کە هەموو چەمك و جۆر و لایەنەکانی بگرێتەوە و هیچ کارو بەرهەمێکی گەورە و فراوانی بۆ تەرخان نەکراوە و زۆربەی زمانەوانە کوردەکان بە چەند دێڕێك بە سەریدا ڕۆیشتوون و بە گشتی باسەکانیان لە ژماردن و ڕیز کردنی نیشانەکانی ناکردنی کار دەرناچن و تەنیا لایەنی مۆرفۆلۆجیایان گرتووە و تەنانەت لەم لایەنەشەوە کەم وکورتییەکی زۆر لە کارەکاندا هەیە. ئنجا لەبەر ئەم هۆیانەو لەبەر گرنگی ناکردن لە زماندا، ئەم بابەتەم هەڵبژارد، بە مەبەستی ئەوەی بە پێی توانا هەوڵ بدەم، کە ئەو لایەنانە ڕوون بکەمەوە، کە پەیوەندییان بە ناکردنەوە هەن و ئەو کەلێنانە بگرم، کە لە باسی ناکردندا هەن بە تایبەتی لە ئاستی سینتاکسدا.

ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت، کە ئاستی مۆرفۆلۆجیامان فەرامۆش کردبێت.

هەربەو مەبەستەش کارەکەمان کردووە بە سێ بەش:-

لە بەشی یەکەمدا پێناسەیەکی ناکردنمان کردووە و واتاکانی ناکردنمان لێك داوەتەوە و باسی ناکردن و ئەرکەکانی زمان و جۆری ڕستەمان کردووە، لە پاشدا باسی نیشانەکانی کار، ڕستە، ئاوەڵناو و هەندێ نیشانەی ترمان کردووە، ئنجا باسی جۆرەکانی ناکردنمان کردووە. لە کۆتایی ئەم بەشەشدا بە سەر هەندێ لەو کارانەدا چوویینەتەوە، کە دەربارەی ناکردن نووسراون و ڕای تایبەتی خۆمان دەربارەی هەر یەکێکیان دەربڕیوە و

لە دوایيشدا بە گشتی هەڵمان سەنگاندوون و کەم وکورتییەکانیانمان دەرخستووە •

لە بەشی دووەمدا لە ناکردنی ڕستەی سادە دواوین و لە ڕووی هێزو بواری ناکردن لە سادەترین ڕستەی کوردی و ڕستەی سادەی فراوانکراومان کۆڵیوەتەوە •

بەشی سێیەمیش بۆ لێکۆڵینەوەی ناکردنی ڕستەی ناسادە تەرخان کراوە و یەکە یەکە لە ناکردنی ڕستەی لێکدراو و ڕستەی تێکەڵ دواوین •

لە بەشی دووەم و سێیەمدا بۆ خۆشکردنی زەمینەیەك بۆ باسی ناکردن چۆنیەتی پێکهاتن و دروست بوونی ڕستەکانمان بە کورتی باس کردووە و ئنجا باسی ناکردنیانمان کردووە ، دوای ئەمانەش بە کورتی ئەنجامەکانمان خستۆتە ڕوو •

# بەشی یەکەم

## بەشی یەکەم

١- پێناسەی ناکردن •

٢- واتای ناکردن •

٣- ناکردن و ئەرکەکانی زمان و جۆری ڕستە •

٤- نیشانەکانی ناکردن •

١- ناکردنی کار •

٢- ناکردنی ڕستە •

٣- ناکردنی ئاوەڵناو •

٤- هەندێ نیشانەی تری ناکردن •

٥- جۆرەکانی ناکردن •

١- دەربڕاو •

٢- دەرنەبڕاو •

٦- کارەکانی پێشتر دەربارەی ناکردن لە کوردیدا •

٧- کەم و کورتییەکانی کارەکانی پێشتر •

## ١ــ پێناسەی ناکردن :ــ

زۆربەی پێناسەکانی پێشتری ناکردن بەتایبەتی ئەوانەی لەکوردیدا دەبینرێن ، تەنیا لایەنی جێبەجێنەکردنی کاریان بەئەرکی ناکردن داناوە و هەمەجۆری و فرەئەرکی ناکردنیان بەبەرچاودا نەگرتووە (١) •

ئەگەر بەوردی سەرنجی ناکردن بدەین دەبینین ، ئەرکێکی زۆر فراوانی هەیە، کە جێبەجێنەکردن تەنیا یەکێکیانە • جگە لەمەش جێبەجێنەکردنی کارێک هەر لە رێگای ناکردنەوە نایەت • بۆنموونە ، مەبەستی جێبەجێنەکردن بەچەندین شێوە دەردەبڕێ ، هەرچەندە واتاکانیش کوت ومت وەکو یەک نەبن وەک لەم رستانەی خوارەوەدا دەردەکەوێ :ــ

١ــ ئێمە ترسنۆک نین •
٢ــ ئێمە ناترسین •
٣ــ ئێمە ترسمان نییە •
٤ــ ئێمە و ترس ( ترسان ) ؟
٥ــ ترس ( ترسان ) و ئێمە ؟
٦ــ ئێمە بترسین ؟
٧ــ کەی ئێمە دەترسین ؟
٨ــ ترسان دوورە لێمان •
٩ــ ئێمە دوورین لە ترسان •

هەروەها هەندێ چوار رستەیەکی ناکراو راتای بەجێنەهێنان ناگەیەنێت:ــ

---

١ــ بڕوانە بەشی کارەکانی پێشتر •

١ـ هه ركه گرمه‌ى بۆمباكه نه هات،هه مووسان له خه و ڕاپه ڕيـن ٠ ( واتا : كه گرمه‌ى‌هات)٠
٢ـ بريـا هه رگيز نه مديبـايه ٠ ( واتا : بيـنيـسم ) ٠

هه ندێ جاريش ڕستـه‌يه كێ ئه رێ ده توانێت،واتاى ناكردن ده ربـبڕێـت : ـ

١ـ كـه‌ى مـن درۆ ده‌كه‌م ؟ ( واتا : درۆ نـاكـه‌م ) ٠
٢ـ ( ئه گـه ر ) پـيـاو بێت ، چۆن ئه‌م كاره ده كات ؟ ( واتا : پـيـاو نييـه )٠
٣ـ خۆزگـه بمخـوێـنـدايـه ٠ ( واتـا : نـه‌مخـوێـنـد ) ٠

كه واتـه، ناكردن كرده يه كێ زمانه وانييـه ، كه جگه له ئه ركێ سه ره كـێ كـه جێ‌به‌جێ‌نه‌كردن و به ڕه چدانه‌وه‌ى به شيكێ ڕسته يان هه موو ڕسته كه يه ، له هه‌ندێ زماندا ( بۆ نموونـه كـوردى ) ئه ركێ پێچـه وانه يـى ، به راوردى ، يه كسـه رى ، سووربـوون ، پێداگرتـن و دوودڵـى به جێ ده هێـنـێ ٠ ئـه‌م كرده يه لـه كورديـدا بـه دانانـى نيشـانه كانێ ناكردن پێش ڕه گێ كار يان نـاو يـان ئاوه ڵنـاو ئه نجام ده درێ ، هه ندێ جاريش زياتـر له نيشـانه يه ك ئـه‌م ئه ركانـه سـازده‌ده‌ن ( نـه ......... نـه )٠ ده بێ تێبينـى ئه وه ش بكه يـن ، كـه جارێ وا هـه يـه،ئه نجامـدانـى كرده‌كـه پێويستـى به نيشـانه نييـــه، وه ك لـه ڕستـه كـانێ سـه ره وه دا ده رده كـه وێ ٠

## ٢ـ واتـــــاى نـــاكـــــردن : ـ

ئه گه رچی ڕه نگه به سه رنجێكێ ڕووكـه ش نـاكردن ته نيـا واتاى ڕوونـه دانـى كارێك يان به ڕه‌چـدانه‌وه‌ى هه ڵوێستێـك بگه يـێـنـێـت،به‌ڵام ئه گه ر به وردى سه رنج بده ين ده بيـنيـن ، كه ناكردن زياتـر له واتايـه ك ده گه يێنـێـت،كـه به شـێوه يه‌كێ گشتـى بريتيـن له مانه ى خواره وه : ـ

۱ـ بەرامبەری (تضاد) : ـ

یەکێ لە ئەرکە هەرە گرنگەکان و باوەکانی ناکردن بەدیهێنانی واتای بەرامبەرییە، کە بریتییە لە بەرپەچدانەوەی ڕوودانی مەبەستەکە بەشێوەیەکی دابڕی (قطعي) بەجۆرێك، کە هیچ گومانێك لە ناکردنی مەبەستەکە نەمێنێت و هیچ بوارێکی ڕوودانی بۆ نەهێڵێت . بەرامبەری بە دوو شێوە ساز دەکرێت : ـ

أ ـ بە ناکردنی کارەکان : ـ

۱ـ شۆخە نەهات .

۲ـ کارزان خوێندەوار نییە .

۳ـ جگەرە مەکێشە .

ب ـ بە ناکردنی کار یان ئاوەڵناو هاوشان لەگەڵ هەندێ وشە، کە بە زۆری لەگەڵ ناکردندا دێکەن : ـ

۱ـ ئەم گوڵە هیچ جوان نییە .

۲ـ من هەر نایەم .

۳ـ کەس لە خوا گەورەتر نییە .

لەم بارەدا شایانی تێبینییە، کە لە کاتی ناکردنی ڕستەی نادیاردا ڕەنگە ڕستەکە زیاتر لە واتایەك ببەخشن : ـ

۱ـ بۆم نەهێنرا . ۱ـ بۆمنیان نەهێنا .

۲ـ بەمن نەهات .

۳ـ هێنانی گران بوو .

٢ـ ئەم کارە بە من ناکرێ •

١ـ لە توانامدا نییە •

٢ـ نایکەم •

٣ـ وا بزانم ناکرێ •

٣ـ نانەکە نەخورا •

١ـ من پێم نەخورا •

٢ـ بەکەس نەدەخورا •

٣ـ مایەوە •

٤ـ لە خواردن نایەت (نانەکە خراپ بوو) •

٤ـ ئەو شتومەکە ناکڕرێ •

١ـ کەس نایکڕێ •

٢ـ بۆ کڕین نییە •

٣ـ گرانە •

٢ـ پێچەوانەیی (عکس) : ـ

ئەمەشیان واتای ڕوونەدانی مەبەستەکە دەگەیێنێت، بەڵام بە شێوەیەکی نادابڕ (غیر قطعي) بەجۆرێک بوارێک بۆ ڕوودانی مەبەستەکە دەهێڵێتەوە، ئەمەش کاتێ دەبێ، کە فرێزێکی ناوی یان ئاوەڵکاری لەگەڵدا بێت و هێزی سەرەکی بکەوێتە سەر• ئەمەش لە ئەنجامی ئەوەدایە، کە ناکردنەکە زۆربەی بۆ ئاوەڵکارەکە یان بەشێکی ڕستەکە دەگەڕێتەوە، نەك بۆ هەموو ڕستەکە : ـ

١ـ شاسوار بە پێ ناچێتە شار •    (ڕەنگە بە سواری بچێت) •

٢ـ من بە یانی نان ناخۆم •    (ڕەنگە کاتێکی تر یا شتێکی تر بخۆم) •

٣ـ ئێستا ئەو کارە نەکەن •    (کاتێکی تر یان کارێکی تر بکەن) •

٤ـ هەر من دەرنەچووم •    (ئەوانی تر دەرچوون) •

بۆگه یاندنی پێچه وانه ی جگه له کارێکی ناکراو ( فرێزی کاری) ده بێت ڕسته که به لای که مه وه توخمێکی تری تێدا بێت و توخمه که ش هه میشه هێزی له سه ر بێت ، وه ك فرێزی ئاوه ڵکاری ( به پێ )،( به یانی ) و ( ئێستا ) له ڕسته ی ( ١ ، ٢ و ٣ ) دا و فرێزی ناوی ( نان ) ، ( ئه وکاره ) و (من ) له ڕسته ی ( ٢ ، ٣ و ٤ )دا له سه ره وه .

٣ـ به راووردی ( مقارنه ) : ـ

واتایه کی گرنگی ناکردن به راووردیه ، ئه مه ش ( که متر له ٠٠٠٠٠ یان زیاتر له ٠٠٠٠٠ ) ده گه یێنێت . به م جۆره ده توانرێت،جیاوازی نێوان لایه نێك (شت ، که س ،٠٠٠٠٠٠ ) له دووکاتی جیاوازدا یان دوو لایه ن بکه ین و برێك له و تایبه تییه پیشان بده ین . ئه م واتایه ش به سێ جۆر ساز ده کرێت : ـ

أ ـ به کۆ کردنه وه ی ناکردن و به راورد له یه ك ڕسته دا : ـ

١ ـ هه ستیار له هۆنراو گه وره تر نییه .

٢ـ هۆزان له پار ده وڵه مه ندتر نییه .

٣ـ حه مرین به رزترین چیا نییه .

ب ـ به کۆ بوونه وه ی ناکردن و ئاوه ڵکاری چه ندێتی له ڕسته یه کدا : ـ

١ـ چالاك که مێ شاره زا نییه .

٢ـ شێوه ی گه لێك نه گۆڕاوه .

٣ـ هه ڵبه ست زۆر پاره خه رج ناکات .

دەگونجێن ، هەردوو جۆرەکەش لە یەك ڕستەدا بەدی بکرێن : —

١ـ من لە ئێوە زیاتر نیم ·

٢ـ تۆ لە ئێمە کەمتر نیست ·

ج ـ بەکۆکردنەوەی ناکردن و ژمارە : —

١ـ من چوار سێو ناخۆم ·          (واتا : زیاتر یا کەمتر)·

٢ـ ئەو دوو ڕۆژ نەمایەوە ·

٣ـ تۆ یەك نامەت نەنووسیوە ·

دیسان مەرجە ، کە هێزی سەرەکی لە سەر ژمارەکە بێت ·

٤ـ یەکسەری : —

هەندێ جار ناکردن واتای (یەکسەری) دەگەیێنێت ، کە کورتی ماوەی نێوان ڕوودانی دووکار دەردەبڕێت ، ئەمەشیان لەو دۆخانەدا دەبێت ، کە ڕستەکە لێکدراو بێت و کارەکەی ڕستەی یەکەم بە ناکراوی دووبارە کرابێتەوە لە هەمان ڕستەدا و بە هۆی (و) ی ئامرازی بەستنەوە لێك درابن ، بە مەرجێك کارەکان لە تافی ڕابردوودا بن : —

١ـ زەنگەکە لێیداو لێینەدا ، خوێندکارەکە دەرپەڕی ·

٢ـ بۆمباکە گەیشتە زەوی و نەگەیشتە زەوی ، تەقیەوە ·

٣ـ بانگی شێوانی داو نەدا ، ڕۆژووەکەی شکاند ·

٥ـ سوور بوون (تحدّي) : —

ئەگەر لە ڕستەکانی سەرەوەدا (خالی چوارەم) تافی کارەکان لە

ڕابردووەوە بگۆڕین بۆ ڕانە بردوو ، واتاکەش لە (یەکسەری) دەگۆڕێت بۆ (سوور بوون) ، واتا : کاری دووەم هەر ئەنجام دەدرێت بێ گوێ دانە هاتنەدی کاری یەکەم : —

١— زەنگەکە لێبداو لێنەدا ، خوێندکارەکە دەردەپەڕێ ·

٢— بۆمباکە بگاتە زەوی و نەگاتە زەوی ، دەتەقێتەوە ·

٣— بانگی شێوان بداو نەدا ، ڕۆژووەکەی دەشکێنێ ·

٦— پێداگرتن (داکۆکی) (تأکید) : —

ناکردن لە هەندێ ڕستەی ئاڵۆزدا بە تایبەتی کە پارستەکەی کات و مەرج پیشان بدات داکۆکی (تأکید) لە سەرکاری شارستەکە دەکات لە شێوەی ئەرێدا وەك لەم بارانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت : —

أ— بە ناکردنی کاری پارستە : —

١— کە نەهاتی، من ڕۆیشتم · (واتا : کاتێ کە هاتی، من ڕۆیشتم)·

٢— کە تەواوی نەکرد ، پێکەوە هاتینەدەرەوە · (واتا : کە تەواوی کرد، پێکەوە ····)

٣— کە نەگریا ، ئنجا داکاسا · (واتا : کە گریا، ئنجا داکاسا)·

ب— بە دووبارە کردنەوە و ناکردنی کاری ڕستەی یەکەم لە ڕستەی لێکدراودا : —

١— بخوێنێ و نەخوێنێ ، هەر دەرناچێت ·

٢— دزی کردبێت و نەکردبێت ، سزای بدە ·

٣— ببیەخشێ و نەیبەخشێ ، تاوانی نییە ·

ج— بە بەکارهێنانی ئاوەڵکاری (هەر ····) لەگەڵ ناکردنی کاری پارستەدا : —

١— هەرکە نەهاتم ، ئێوە بڕۆن ·

٢ــ هه ركاتێك نه نووست ، ده رگاكه داخه ٠

٣ــ هه ر نه یزانی ، لێی بده ٠

ء ــ هه ندێ جار پێدا گرتن به هۆی ڕسته یه كی پرسیاری دروست ده بێت ، كه ئه مه شیان به دوو شێوه ده بێت : —

اُ ــ ڕسته كه ئه رێ بێت و واتای نه رێ بدات : —

١ــ قابیله من درۆ بكه م ؟ (واتا : درۆ ناكه م )٠

٢ــ تۆ له پشتمان بیت ، ئێمه ده ترسین ؟ (واتا : ناترسین )٠

٣ــ ئێمه وامان وتووه ؟ (واتا : وامان نه وتووه )٠

ب ــ ڕسته كه نه رێ بێت و واتای ئه رێ بدات : —

اَ ــ بۆ ئێمه ئه وه نازانین ؟ (واتا : ده یزانین )٠

٢ــ وا ده زانی ، ئێمه پیاو نین ؟ (واتا : پیاوین )٠

٣ــ وا تێ ده گه ی ، ئێمه ش له و خاكه نین ؟ ( واتا : له و خاكه ین )٠

٧ــ دوو دڵی : —

هه ندێ جار له ئه نجامی ناكردن واتای دوو دڵی دێته كایه وه ٠ ئه م جۆره ش زۆر به ی به هۆی دووباره كردنه وه ی كارێك ده بێ ، كه ناكراو بێت له ڕسته یه كی پرسیاردا : —

١ــ بێم ٠٠٠٠ نه یه م ؟ ( نازانم ) بێم ( یان ) نه یه م ؟

اَ ــ ده بێ ، باران بباریێت ٠٠٠٠ نه باریێت ؟

٣ــ تۆ بڵێی ئه م نه خۆشه بمرێت ٠٠٠٠٠ نه مرێت ؟

ئه مه ش زۆرجار له گه ڵ كاری (زانین ، تێگه یشتن ، حاڵی بوون ٠٠٠)دا ده بینرێ : —

١ــ نازانم ، سەردەكەوين ٠٠٠٠٠٠ سەرناكەوين ؟

٢ــ تێناگەم ، دێيت ٠٠٠٠٠ نايێيت ؟

٣ــ حاڵی نەبووم ، چاك بوونەوە ٠٠٠٠٠ نەبوونەوە ؟

بە زۆری ئەم ئەركەی ناكردن لە شێوەی قسەكردندا دەردەكەوێت ٠

٣ــ ناكردن و ئەركەكانی زمان و جۆری ڕستە :ــ

ئاشكرایە، كە هەر ڕستەیەكی زمان وەرگرین ، زۆرتر لە ئەركێك دەبینی بۆیە لەم بەشەدا دەمانەوێت ، پەیوەندی نێوان ئەركەكانی زمان و جۆری ڕستە و ناكردن دیاری بكەین ٠ بەپێی ئەركەكانی زمان لەم دواییەدا زمانەوانەكان توانیویانە، (١) بەلای كەمەوە پێنج جۆر ڕستە جیا بكەنەوە::ــ

١ــ زانیاری و هەواڵ گەیاندن ٠

٢ــ پرسیار كردن ٠

٣ــ هەست دەربڕین و ورووژاندن ٠

٤ــ فەرماندان ٠

٥ــ جنێو خۆشكردن ٠

١ــ زانیاری و هەواڵ گەیاندن :ــ

بە هۆی ئەم ئەركەوە مرۆڤ ئەو زانیاریانە ڕادەگەیێنن ، كە لە هۆشدا هەن ، ئەو زانیاریانەش یا ڕاستن یا هەڵەن ، هەڵبەتە ، لەم بارەدا زۆربەی زانیارییە هەڵەكان بە ناكردن ڕاست دەكرێنەوە ، جگە لەو زانیاریانەی كە

---

١ــ محمد معروف فتاح ، ١٩٩٠، ل ٢٦٠

ڕاستییەکەیان لە ناکردندا دەبینرێ، وەك لەم ڕستانەدا دەردەکەوێ : —

١— بەگوڵێکی بەهار نایەت •

٢— ڕووەك بێ ئاو نارووێت •

٣— یەك و یەك ناکاتە سێ •

بە ناکردنی وشە لەم ڕستانەی سەرەوەدا ڕاستی ڕووداوەکە سەلمێنراوە، بەڵام مەرج نییە، هەموو ڕستەیەکی ناکراو ڕاست بێت، یا گومانی لێنەکرێ : —

١— ملی بە تۆ بیوران ناشکێت •

٢— لە جیهاندا کەس هێندەی تۆ جوان نییە •

٣— ئەم گەردوونە تێك ناچێت •

٢— پرسیارکردن : —

ڕستەی پرسیارکردن بەوە لە ڕستەی هەواڵدان جیا دەبێتەوە کە قسەکەر داوای زانیاری لە گوێگر یا خوێنەر دەکات، نەوەك زانیارییان بۆ ببەخشێت • ناکردنیش ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە ڕۆنانی ڕستەی پرسیاردا، چونکە دەتوانرێت، هەندێ ڕستە پرسیارییەکانی ئەرێش بە نەرێ دەربڕرێ، بەتایبەتی ئەگەر بتەوێ، تۆزێك بە ڕێزتر (نەرمتر) پرسیارەکە بکەیت • هەروەها ڕستەی پرسیاری ناکراو جگە لە ئەرکی پرسیارکردن واتای داخوازی و هەڕەشەش دەردەبرێت، بەمەرجێ کارەکەرانە بردوو بێت : —

١— ئەو نەهاتبوو ؟ = ئەو هاتبوو ؟

٢— خۆ دوا ناکەویت ؟ = دوا دەکەویت ؟

٣— تۆزێك بێ دەنگ نابن ؟ = بێ دەنگ دەبن ؟

ئـه و ڕستانەی پرسیـارو ناکراون و هیـچ وشـه یه کی پرسیـانی لەگەڵـدا نییە، جگه له پرسیارکردن واتای هه ڕه شه کردنیـش ده گه یێنن،بـه نیازی ئـه وه ی ده بێت، ڕوودا وه که پێچه وانه بێت . واتای ئه وه ش ده گه یـێـنـێت ، کـــه پێچـه وانەی کارەکه ڕاستـە،ئەم مه به ستـانه ش بـه پێـی ئاوازی ده ربـڕ یـن ده گـــــــۆ ڕ ێـــــــن : ــ

١ــ وانـه کە ت نـاخوێنـی ؟ ١ــ واتای پرسیا ر (ئایا تۆ وانه که ت ناخوێـنی؟)
٢ــ واتای هه ڕه شه (گه ر نه خوێنی سزات ده ده م)
٣ــ واتای پێچه وانه (تۆ وانه که ت زۆر ده خوێنی )
(تۆ و وانه نه خوێـند ن )

له گه ڵ (ئایا، بۆ، بـۆچی )دا ته نیا واتای پرسیـار ده مێـنـێـته وه : ــ

١ــ ئایا چیرۆ کێـك نـازانیـت ؟
٢ــ بۆ دیارنیـت ؟
٣ــ بۆ چی مـه لـه وانی نـازانـی ؟

له گه ڵ (چی ، چ )دا له جیاتی پرسیـار واتای سـه رسورمان ده به خشێت: ــ

١ــ چی .... چا ناخۆیـته وه ؟! ١ــ سه رسورمان (سەیرە چۆن تۆ چا ناخۆیته وه!) .
٢ــ چ ... چا ناخۆیـتـه وه ؟! ٢ــ هه ڕه شه (ده بێ بیخۆیتـه وه ) .
٣ــ پێچه وانه (تۆ زۆر چا ده خۆیتـه وه ) .

هه ندێ جار (چی ، چ ) دوو ... سێ جار دووباره ده بێته وه، بۆ به هێز تـر کردنـی هه مان مه به ست .

ئه گه ر پرسیار له کات بکرێت ( که ی ، که نگێ ، که یـنـێ ، چ کاتێـك ...... ) ، لـیـه گه ڵ کارێکی ناکراودا جگه له واتای پرسیـار واتای پێچه وانه ش ده گه یـێـنن : ــ

١- کەی نوێژ ناکەم ؟  ١- پرسیار (چ کاتێک نوێژ ناکەم ؟) .

٢- پێچەوانە (هەموو کاتێك نوێژ دەکەم) .

٢- کەنگێ من زیرەك نەبووم ؟

٣- کەینێ نەدەچوومە سەیران ؟

٤- چ کاتێك ئەرکم جێ بەجێ ناکەم ؟

هەروەها (کوا) لەگەڵ کاری ناکراودا هەمان واتا دەدات :-

١- کوا تۆ پارەت نییە ؟ ١- پرسیار (تۆ پارەت نییە) .

٢- پێچەوانە (پارەت هەیە) .

لەگەڵ (چۆن ، کوو) دا جگە لە واتای پرسیار واتای هەڕەشە و پێچەوانە و سەرسوڕمانیش دەدات بە پێی ئاوازی دەربڕین :-

١- چۆن ئەو کچە جوان نییە ؟ ١- پرسیار (بۆچی جوان نییە ؟) .

٢- کوو ئەو کچە جوان نییە ؟ ٢- هەڕەشە (مەڵێ جوان نییە) .

٣- پێچەوانە (جوانە) .

٤- سەرسوڕمان (چۆن ! جوان نییە ؟) .

ڕستەی ناکراوی پرسیاری لەگەڵ (کوێ ، کوێندەر ، کام لا ، .....) دا جگە لە پرسیار واتای پێچەوانەش (هەموو شوێنێک) پیشان دەدات :-

کام شوێن
کوێ
کوێندەر
کام لا

لە کوردستان ناخۆشە ؟ ١- پرسیار (کامە شوێنی ناخۆشە ؟) .

٢- پێچەوانە (هەموو شوێنێکی خۆشە) .

لەگەڵ ( چەند و ژمارە )دا جگە لە واتای پرسیار واتای سەرسوڕمانیش دەگەیەنێت : ـ

١ـ یەك دینارت پێ نەماوە ؟ ١ـ پرسیار (ئایا یەك دینارت پێ نەماوە ؟) •

٢ـ چەند دینارت پێ نەماوە ؟ ٢ـ سەرسوڕمان (چۆن یەك دینارت پێ نەماوە )•

هەندێ جار پرسیار کردن بە ڕستەی (ئەرێ) ش واتای (نەرێ) دەبەخشێت: ـ

١ـ قابیلە من درۆ دەکەم ؟ (واتا : درۆ ناکەم ) •

٢ـ تۆ خۆش بێت، من منەتی کێ دەزانم ؟ (واتا منەتی کەس نازانم )•

٣ـ ژنێك مردنی بە دواوە بێت، دڵی چیت پێی خۆش دەبێت ؟

(واتا : دڵت پێی خۆش نابێت ) •

هەندێ لەو ڕستە پرسانەی وشەی پرسیان تیادا بەکار دێت، ناتوانین کوت و مت بە هەمان واتا بیانگۆڕین بۆ نەرێ : ـ

١ـ ئەوە کێیە لە دەرگا دەدات ؟ ≠ ئەوە کێیە لە دەرگا نادات ؟

٢ـ کەی دەچیتەوە ماڵ ؟ ≠ کەی ناچیتەوە ماڵ ؟

٣ـ چۆن تامپۆنت کرد ؟ ≠ چۆن تامپۆنت نەکرد ؟

٤ـ تەمەنت چەند دەبێت ؟ ≠ تەمەنت چەند نابێت ؟

ئەمەش هۆی ئەوەیە، کە هیچ زانیارییەك لە ڕستەکاندا نییە، تاکو ڕاستی یا هەڵەی بسەلمێنێ، بەڵکو ڕستەکان داوای زانیاری لە کەسی دووەم دەکەن • ئەمەش هەرچەندە گشتییە بۆ هەموو ڕستەیەکی پرس، بەڵام لەم جۆرە ڕستانەدا پرسیارەکە وردترە و داوای شتی دیاریکراو (کەس، کات، ژمارە، چۆنیەتی ••••) دەکەن و پرسیار لە کارێکی دیاریکراو ناکەن وگومان لەوەدا نییە، کە ئەمانەش نابن بە نەرێ •

هه ندێ جاریش ده بینین ، ڕسته كه له شێوه ی ڕسته یه كی ناكراوی هه واڵدان دایه ، به ڵام مه به سته سه ره كییه كه مان پرسیارێكه و به ڕێز ده ری ده بڕین ، وه ك به میوانێك بڵێیت : ـ

١ـ ماستاوه كه مان ناخۆش نییه . ( واتا : ئایا ده یخۆیته وه ؟ ) .
٢ـ قاپه كه ت هیچ گۆشتی تێدا نییه . ( واتا : ئایا گۆشتت بۆ تێكه م ؟ ) .
٣ـ ده ستت له چێشته كه نه داوه . ( واتا : بۆ هیچت نه خواردووه ؟ ) .

٣ـ هه ست ده ربڕین و ورووژاندن : ـ (١)

له هه ست ده ربڕیندا كه سی یه كه م ڕاسته وخۆ ده رباره ی هه ست و ئاره زووی خۆی یان ناڕاسته وخۆ ده رباره ی هه ستی كه سی سێیه م یان دووه م ده دوێت و ده یانكات به باس و قسه كه ر هه ست و ئاره زوو و باوه ڕی خۆی به رابه ر دیارده كانی ده وروبه ری ده رده خات ، كه زۆر به ی له شێوه ی ڕسته ی سه رسوڕمان ده رده كه وێت ، كه له شێوه ی ئه رێ یان ناكراودا ده بێت : ـ

١ـ ئاخ ، ده ستم ناگاته قورتمی ! ( خۆزگه ده ستم ده گه یشتی ) .
٢ـ په ككو ، چه ند به دكاره ، نه فره تی خوای لێ بێ !
٣ـ ئۆف ، بۆ ئه وه نده ناڕه حه تی !

ئه وه ی شایانی باسه ، شێوه یه كی ناپه سه ندی هه ست ده ربڕین ئه و ڕستانه ن ، كه بۆ توانج و جنێودان به كاردێن : ـ

١ـ هه ی بێ ئاین ! .
٢ـ ناپیاوینه ! به دكار ! .
٣ـ ناپه سه ندی ناره سه ن ! .

---

(١) محمد معروف فتاح ، ١٩٨٦ ، ل ٣١ .

بە پێچەوانەوە لە وروژاندا قسەکەر باسی هەستی خۆی ناکات، بەڵکو دەیەوێت هەستی بەرامبەرەکەی بوروژێنێ و هەڵوێستێک لە کەسی دووەمدا دروست بکات • دیسان بۆ بەدی هێنانی ئەم ئەرکە زمان کەڵک لە ڕستەی ئەرێ یان نەرێ وەردەگرێ : —

١— گەر تێ نەکۆشی ، زۆر پەرێشانی • ═ (تێ بکۆشە)•

٢— ڕۆڵە مەرد بژی ، نەک وەکو بەندە •

٣— گەزۆی سولێمانی ، تا نەیخۆی، تامی نازانی •

بەکارهێنانی زمان بۆ هەست دەربڕین و هەست وروژاندن دەتوانرێ، بەیەک ئەرک دابنرێ ، چونکە زۆر نزیکن لە یەکترەوە • جگە لەمەش بۆ دەربڕینی ئەم جۆرە ئەرکە هەموو جۆرە ڕستەیەک بەکاردێت (هەواڵدان ، پرسیار،سەرسوڕمان، ...... ) بۆیە پێویست ناکات،بەجیایی باس بکرێ •

ئەوەی شایانی باسە، ڕەنگە زۆرجار ڕستەی هەست دەربڕین ئەگەر کارەکەی ڕابردوو بێت واتاکەی پێچەوانە دەربڕێت ، واتا: ئەرێ واتای نەرێ و نەرێ واتای ئەرێ دەربڕێت : —

١— خۆزگە بمکوشتایە • (نەمکوشت)•

٢— خۆزگە نەمکوشتایە • (کوشتم ) •

٤ — فەرماندان : —

بەهۆی ڕستەی فەرمانەوە کەسی یەکەم داوا لە کەسی دووەم دەکات ، کە کارێک بکات ، یا هەڵوێستێک بنوێنێت • ئەو فەرمانانەی کە بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵوێستی هەڵە یا ڕێگە نەدان بە کردارێک (هەڵە بێت یا ڕاست )لەگەڵ

هه ندێ داخوازی ئاساییدا له شێوەی ڕستەی ناکراودا ئاراسته ده کرێن : —

١ — یاری به ئاگر مه که ٠

٢ — با چیتر شه ڕ نه که ین ٠

٣ — گوێ مه ده رێ ٠

بۆ هێزترین ڕستەی فه رماندان له جۆری داخوازی ده بێت و زۆربه ی ئه م ڕسته داخوازییه ناکراوانه ش له شێوەی پرسیاردا ده بن : —

١ — نافه رمووی میوان بیت ؟ (واتا : میوان به )٠

٢ — تۆزێك ئاوم بۆ ناهێنی ؟ (واتا : ئاو بێنه )٠

٣ — بێ زه حمه ت چایه ك لێ نانێی ؟ (واتا : چا لێنێ )٠

ئه گه رچی هه ندێ ڕستەی فه رمان له شێوەی ئه رێ دا ده بینرێن، به لام له ناوه رۆكدا واتای نه رێ ده به خشن : —

١ — دار بڕین قه ده غه یه ٠ (واتا : دار مه بڕن )٠

٢ — واز له م کاره بهێنه ٠ (واتا : ئه م کاره مه که )٠

٣ — یەخەی نووستن به رده ن ٠ (واتا : مه نوون )٠

جاری واش هه یه، ڕستەی فه رمانی ناکراو هه رچه نده له شێوه ی هه والدانـدا ده بێت، به لام ئه رکی فه رمان ده بینێت : —

١ — هیچت نه خوارد ٠ (واتا : بخۆ )٠

٢ — بابه، پاره م بۆ نه ماوه ٠ (واتا : پاره م بۆ بده )٠

٣ — دکتۆر گیان زۆر ناساغم ٠ ( واتا: چاره م بکه )٠

بەڵام باوترین ڕستەی فەرمانی ناکراو دوو جۆرن : —

١— فەرمانی نەرێی دابڕ ( أمر نفي قطعي ).

ئەم جۆرەیان بە هۆی نیشانەی ( مە ) فەرمانێکی ناکراومان بۆ دروست دەکات کە بواری نەکردنی کارەکەی تیا ناهێڵێتەوە : —

١— دزی مەکە .

٢— جگەرە مەکێشە .

٣— سوێند مەخۆ .

٢— فەرمانی نەرێی دانەبڕ ( ئاسایی ) ( أمر نفي اعتيادي ).

ئەم جۆرەشیان بە هۆی نیشانەی ( نە ، نا ، نی ) فەرمانێکی ناکراومان بۆ دروست دەکات ، کە کارەکە فەرمانێکی دابڕ نییە و ڕەنگە کەسی دووەم جێ بە جێی نەکات ، هەرچەندە داواکار بە باشتری دەزانێت ، کە جێ بە جێ بکرێت . نیشانەی ( نە ) زۆرتر لە نیشانەکانی تر بۆ ئەم مەبەستە بەکاردێت : —

١— درۆ نەکەیت .

٢— پیاو نەکوژن .

٣— بەردان نەهاوێیت (١) .

نیشانەی ( نا ) زۆربەی بۆ ناکردنی فەرمانی ( دەبێت ) بەکاردێت لە شێوەی ( نابێ ، نابێت ) دەردەکەوێت : —

---

(١) لە ناوچەی سۆراندا، ( ڕواندز و خۆشناو ) و هەولێر ئەم ڕستە یە بەم شێوە یە دەردەبڕێت ( بەردان ناوێی ) بۆ فەرمانی دانەبڕ و ( بەردان ماوێ ) بۆ فەرمانی دابڕ .

١- نابێ ئەو کارە بکەیت .

٢- ئەمڕۆ ناڕۆن .

٣- لەمەودوا توخنی ئاگر ناکەویت .

بەڵام بەهۆی نیشانەی (نی) فەرمانێکی ناکراو دروست دەبێت، کە بڕیارەکە گشتییە بۆ کەسی دووەمی تاك و کۆ : -

١- کاتی پێکەنین نییە .

٢- جێگەی قومار نییە .

٣- ڕۆژی گریان نییە .

٥- جێی خۆشکردن : -

ئەرکێکی کۆمەڵایەتی هەموو زمانێکی سروشتی جێی خۆشکردنە، کە لەو گوتنانەدا دەردەکەوێ، کە هەموو ڕۆژێ بەنیازی خۆبردنەپێشەوە و خۆشەویست کردن لەناو خەڵكدا بەکار دێن، وەك (سڵاو و هەواڵ - پرسین). ئەم جۆرە دەربڕینانەش زۆر کەم لە شێوەی نەرێدا دەبینرێن، تەنیا لە چەند ڕستەیەکی دەگمەن نەبێت، کە تا ڕادەیەك نزا و پاڕانەوەن : -

١- ماندوو نەبیت .

٢- بێ وەی بیت .

٣- جەرگت نەسووتێ .

هەندێ جار ئەم ئەرکە لە شێوەی ڕستەی پرسیاریشدا دەبێت : -

١- خۆ نەخۆشنیت ؟

٢- باشتر نەبووی ؟

٣- بێمزەڕەتی ؟

بەم جۆرە ڕوون دەبێتەوە، کە ناکردن ڕۆڵێکی باش دەبینێت لە دەربڕینی ئەرکی ڕستەداو بە چەند شێوەیەك مەبەست دەگەیێنێت کە ڕەنگە زۆر جار شێوەو مەبەستەکە لەیەك جیا بن . لەبەر ئەوە دەبێت ئاگاداری ئاوازو جۆری دەربڕین و بارو دۆخی قسەکەر بین چونکە دەشێت پارچەیەك نووسین یا ئاخاوتن زیاتر لە ئەرکێك پیشان بدەن .

## ٤— نیشانەکانی ناکردن : —

لەبەر زۆری و هەمە جۆری نیشانەکانی ناکردن و ئەو بەشانەی کە نیشانەکانیان دەچێتە سەر دەیانکەین بە چوار بەش : —

### ١— ناکردنی کار : —

لە کوردیدا چەند نیشانەیەك هەیە بۆ گۆڕینی کارێکی ئەرێ بۆ نەرێ، کە هەریەك لەم نیشانانە لەگەڵ یەکێك یا زیاتر لە تاف و دۆخەکانی کاردا بەکار دێن . لەم بەشەدا بەپێی تافەکانی کار نیشانەکانی ناکردن پۆلین دەکەین . تافیش لە کوردیدا دەبێت بە دوو جۆرەوە : ڕابردوو و ڕانەبردوو . ڕانەبردووش ئەم بەشانەی لێ دەبێتەوە : —

١— ڕانەبردووی ئاسایی .

٢— ڕانەبردووی داخوازی .

٣— کاتی ئێستا .

٤— کاری فەرماندان .(١)

ا— فەرمانی دابڕ .

ب— فەرمانی دانەبڕ (ئاسایی) .

---

(١) کاری فەرماندان و کاتی ئێستاش بە تافی ڕانەبردوو دادەنێین چونکە هیچیان ڕابردوو نین و ماوەیان بەسەردا تێنەپەڕیوە و ڕەگی کارەکەش ڕەگێکی ڕانەبردووە .

تافی ڕابردووش دابەش دەکەین بۆ : ـ

١ـ ڕابردووی ئاسایی .

٢ـ ڕابردووی تەواو .

٣ـ ڕابردووی بەردەوام .

٤ـ ڕابردووی داخوازی (شرطي).

٥ـ ڕابردووی دوور .

ئنجا دێینە سەر باسی نیشانەکانی ناکردنی ڕستە و ئاوەڵناو .

یەکەم : ـ ڕانەبردوو : ـ

١ ـ ڕانەبردووی ئاسایی : ـ

بۆ ناکردنی کاری ڕانەبردووی ئاسایی نیشانەی (نا) بەکاردێت (١) و دەخرێتە جێگەی پێشگری (دە): ـ

١ـ دەچێنێت ـــــ ناچێنێت .

٢ـ دەنووین ـــــ نانووین .

٣ـ خوول دەخۆنەوە ـــــ خوول ناخۆنەوە .

٢ـ ڕانەبردووی داخوازی (شرطي) : ـ

بۆ ناکردنی کاری ڕانەبردووی داخوازی نیشانەی (نە) بەکاردێت و دەخرێتە جێگەی پێشگری (بـ) : ـ

١ـ بنووسم ـــــ نەنووسم .

٢ـ ڕابکێشین ـــــ ڕانەکێشین .

٣ـ بچێتەوە ـــــ نەچێتەوە .

---

(١) بۆ ناکردنی ڕانەبردووی ئاسایی هەندێك جار نیشانەی (ن) یش بەکاردێت ، بەتایبەتی لە ناوچەی بادینان و سۆرانەدا (ڕواندز و خۆشناو و دەوروبەریان) بەڵام تەنیا لە چەند وشەیەکدا وەك : (زانین ، توانین ، کارین ) : ١ـ ئەو هیچ نزانی ٢ـ ئەو ڕۆ نتوانم ، ٣ـ ئەو ژنکارم بینە ڤێرێ .

### ٣- کاتی ئێستا : - (١)

بۆ ناکردنی کاتی ئێستا نیشانەی (نی) بەکاردێت وەەردەم دەکەوێتە پێش کاتی ئێستای چاووگی (هە) بوون و وشەی پێش خۆی نەری دەکات : -

١- ئەم کچە جوان نییە . (...... نەهەیە).
٢- ئەوە کار نییە . (......... نەهەیە).
٣- پارەم زۆر نییە . (......... نەهەیە).

### ٤- کاری فەرمان : -

لێرەدا کاری فەرمان بە بەشێك لە تافی ڕانەبردوو دادەنێین، چونکە کات دووجۆرە : ئەوەی ڕابردوو نەبێت، ڕانەبردووە . کاری فەرمانیش هێشتا کارەکە جێ بەجێ نەکراوە و داوای جێ بەجێ کردنی دەکرێ ، لەبەر ئەوە هەر بەشێکە لە تافی ڕانەبردوو . نیشانەکانی ناکردن بۆ کاری فەرمان بە پێی جۆری فەرمانەکە دەگۆڕێت ، جۆرە هەرە باوەکانی فەرمانیش بریتین لە دوو جۆر ، کە تەنیا ئاڕاستەی کەسی دووەمی تاك و کۆ دەکرێن : -

ا - فەرمانی دابڕ : -

بۆ ناکردنی فەرمانێکی دابڕ کە بواری جێ بەجێ نەکردنی تێدا نەبێت و تەنیا ئاڕاستەی کەسی دووەمی تاك و کۆ بکرێت ،

---

(١) (هە) بوون تەنیا چاووگێکە لە زمانی کوردیدا سێ تافی هەبێت :-

ڕابردوو : (هە) بوو .
ئێستا : (هە) یە .  ← (هە) بوون
ڕانەبردوو : دەبێت .

نیشانەی (مە) بەکار دێت و دەخرێتە جێگەی پێشگری (ب) لە فەرمانی ئەرێدا :-

١- بنووسە ــــــ مەنووسە .

٢- برۆ ــــــ مەڕۆ .

٣- بسووڕێنەوە ــــــ مەسووڕێنەوە .

ب- فەرمانی دانەبڕ (ئاسایی) :-

بۆ ناکردنی فەرمانی ئاسایی کە بواری جێ بەجێ کردنی وەك یەکەم دابڕ نییە، نیشانەی (نە) بەکار دێت و دەخرێتە جێگەی پێشگری (ب) لە فەرمانی ئەرێدا :-

١- بخوێنە ــــــ نەخوێنیت .

٢- ببڕنەوە ــــــ نەبڕنەوە .

٣- ڕابپەڕن ــــــ ڕانەپەڕن .

دووەم :- تانی ڕابردوو :-

بەگشتی بۆ ناکردنی تانی ڕابردوو بە هەموو شێوەکانیەوە نیشانەی (نە) بەکاردێت و ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ دەکەوێتە پێش ڕەگی کارە ڕابردووەکە :-

١- ڕابردووی ئاسایی (نزیك)(1) :-

١- نووسیتم ــــــ نەنووسیتم .

٢- نووسیمان ــــــ نەمان نووسی .

٣- تێی هەڵدا ــــــ تێی هەڵنەدا .

٤- تایان لێ هات ــــــ تایان لێ نەهات .

---

(1) پێشی دەوترێت (ڕەگی کاری ڕابردوو) (ڕابردووی سادە) (ڕەگی چاوگ).

٢- ڕابردووی تەواو : -

١- کردوومە ـــــ نەمکردووە (١) .

٢- هێناوتە ـــــ نەتهێناوە .

٣- هەڵیان خستووە ـــــ هەڵیان نەخستووە .

٤- سەرمان داوە ـــــ سەرمان نەداوە .

٣- ڕابردووی بەردەوام : -

١- دەمخوێند ـــــ نەمدەخوێند (٢) .

٢- سەرت دەخستم ـــــ سەرت نەدەخستم .

٣- هەڵیان دەبڕی ـــــ هەڵیان نەدەبڕی .

٤- دەچوونە پێش ـــــ نەدەچوونە پێش .

٤- ڕابردووی داخوازی ( شرطي ) : -

١- بمکڕیایە ـــــ نەمکڕیایە .

٢- بڕۆیشتیتایە ـــــ نەڕۆیشتیتایە .

٣- هەڵمان بخستایە ـــــ هەڵمان نەخستایە .

٤- ڕابچڵەکینایە ـــــ ڕانەچڵەکینایە .

---

(١) لە ناوچەی هەولێر و سۆراندا لە جێگەی (و) پیتی (ی) بەکاردێت : نەمکردییە ، نەتهێنایە ، هەڵیان نەختییە ، سەرن نەدایە .

(٢) لە ناوچەی سۆراندا لە جێگەی (نە - دە) تەنیا (نا) بەکاردێت وەك : نامخوێند ، سەرت ناخستم ، هەڵیان نابڕی ، ناچوونەپێش .

٥ـ ڕابردووی دوور : ـ

١ـ بردبوو ـــــ نەبردبوو ·

٢ـ بووبوو ـــــ نەبووبوو ·

٣ـ هەڵبژاردبوو ـــــ هەڵنەبژاردبوو ·

٤ـ کولابووەوە ـــــ نەکولابووەوە ·

٢ـ ناکردنی ڕستە : ـ

زۆرجار لە ئەنجامی بەرپەرچدانەوەی پرسیارێك یان بۆ دەرنەختنی ئەو زانیارییەی لە پرسیارەکەدا دراوە، وەڵامی پرسیارەکە بە نەرێ دەدەینەوە · ئەو وشانەی کە بۆ ناکردنی وەڵام بەکاردێن، تایبەتمەندییان نییە و کەسی دووەم دەتوانێ بە ئارەزووی خۆی هەڵیان بژێرێت، وەك : (١)
( نەء، نا، نەخێر، هەء، چ ····· )·

١ـ ئازاد هات ؟ نەء، (براکەی هات )·

٢ـ تۆ دەچیت ؟ نا، (ناچم )·

٣ـ نان دەخۆن ؟ نەخێر، (نایخۆین ) ·

هەندێ جار بۆ دڵنیایی و پێداگرتن سوێندێکیش دەخرێتە دوای هەندێکیان بە تایبەتی (نە، نا ) وەك : ـ

١ـ نە وەڵڵا ، ناوەڵڵا، هاوەللا ·····

٢ـ نە بەخوا ، نابەخودای ، نە بخوددێ ·····

٣ـ نا بەسەری ···· خۆم ···· تۆ ····· باوکم ····

(١) هەروەها هەندێکی تر، کە زۆر باو نین : نە، هاو، هە، نۆ، نەو، ناو ····

٣ـ ناکردنی ئاوەڵناو : ـ

کاتێك یەکێ لە نیشانەکانی ناکردن دەخەینە سەر ئاوەڵناوێك، ئاوەڵناوێکی هاودژمان دەست دەکەوێت، بەڵام هیچ دەستوورێك نییە بۆ گونجانیان و هەر لە خۆوە رێك کەوتوون بە پێی ئاسانی دەربرینیان . ژمارەی ئەم نیشانانەش لە ژمارەی نیشانەکانی ناکردنی کار کەمتر نین، هەر وەك لەم نموونانەی خوارەوەدا دەبینین هەر یەکێك لەگەڵ کۆمەڵێك رێك دەکەوێت : ـ

١ـ نیشانەی ( نا ) : ـ

١ـ پەسەند ـــــ ناپەسەند .

٢ـ رەسەن ـــــ نارەسەن .

٣ـ لەبار ـــــ نالەبار .

٤ـ رەوا ـــــ نارەوا .

٥ـ خۆش ـــــ ناخۆش .(١)

٦ـ ..... ـــــ ناکەس بەچە .

٢ـ نیشانەی ( نە ) : ـ (٢)

١ـ شارەزا ـــــ نەشارەزا .

٢ـ خوێندەوار ـــــ نەخوێندەوار .

٣ـ ناسیار ـــــ نەناسیار .

٤ـ ....... ـــــ نەزۆك .

٥ـ ........ ـــــ نەمر .

---

(١) ناخۆش = تامێکی ناخۆشە، شتێکی ناخۆشە . نەخۆش = نەساغ، دەردەدار .
(٢) ناکردنی هەموو چاووگەکان لە زمانی کوردیدا بە نیشانەی ( نە ) دەبێت: ـ
نەڕژان، نەکردن، نەخەوتن، نەبوون، هەڵنەخستن، کوڵنەدان .

٣ـ نیشـــــانـەی (بـێ) : ـ

١ـ بەکـەڵـك ـــــــ بێ کـەڵـك ٠

٢ـ بەئابـڕوو ـــــــ بێ ئـابـڕوو ٠

٣ـ پـڕ / بـەسـوود ـــــ بێ سـوود ٠

٤ـ غـەمبار ـــــــــ بێ غـەم ٠

٥ـ ٠٠٠٠٠٠ ــــــــ بێ زار ٠

(١)
٤ـ نیشـانـەی (بـەد) : ـ

١ـ چاکەکـەر ـــــ بـەدکـار ٠

٢ـ نـاودار ــــ بەدنـاو ٠

٣ـ ڕەوشـت پـاك ــــ بەد ڕەوشت ٠

٤ـ قسـەخـۆش ــــ بـەدگـۆ ٠

٥ـ ٠٠٠٠٠٠٠ ــــ بـەدخـوو، بەدفـەڕ ٠

ئەو تایبـەتـییـەی گشتیـان کـۆ دەکاتەوە ئەوەیـە، کە هەردەم دەکەونـە پـێش وشـە ناکراوەکـە، تـەنیا لەو وشـانەدا نـەبـێت، کە لە کارێـك و وشـەیەکی تـر لێکـدراون، کە یەکسـەر دەکەونـە پـێـش ڕەگـی کارەکـــەـ: ـ

١ـ نـوێـژنـەکەر، بـەگـوێ نـەکـەر، بارنـەبەر، چاو نەشـۆر ٠

٤ـ هـەنـدێ نیشـانەی تـری نـاکـردن : ـ

هـەندێ نیشانەی تـر هـەن، کـە جگە لەوەی ئەرکی بەیەکەوە بەستنـــی دوو ڕستـەی سادە بەڕێوە دەبات، ئەرکی ناکردنی ڕستەیەك یـان دووان دەگرێـتە ئەستۆی خـــۆی ؛ ـ

(١) ئـەم دوونیشـانەیە (بـێ ، بـەد) هـەرگیـز کـاریـان پـێ نا ناکرێ٠

١ــ (نــەعـ ، نــەنــە ، نــانا ) : ــ

ئەم نیشانانە هەندێ جار قسەکەر بۆ ڕاستکردنەوەی خۆی بە کاریان دێنێ و بەزۆری دەکەونە نێوان دوو ڕستەو یان دووکەرتی ڕستەیەکەوە : ــ

١ــ ئازاد هات ، نەعـ براکەی هات •

٢ــ دوێنێ هاتم ، نەنە پێرێ بوو •

٣ــ بەیانی شەممەیە ؟ نانا یەکشەممەیە •

٢ــ (نــەك ) : ــ

ئەم نیشانەیە بۆ خستنەسەری ڕستەیەکی هاوشێوەی ڕستەی یەکەم بەکاردێت و دەکەوێتە سەرەتای ڕستەی یەکەم :ــ (١)

١ــ نەك هەر خانوو ، باخەکەشم فرۆشت •

٢ــ نەك هەر زیرەکە ، ئازاشە •

٣ــ نەك هەر دایکی باوکیشی هات •

٣ــ ( نەکە ، نەکو ، نەوەك ، نەوەکو ، نەبا ، نەبادا ) :ــ

ئەم نیشانانە دوو ڕستەی سادە بە یەکەوە دەبەستن و دەکەونە سەرەتای یەکێ لە ڕستەکانەوە ، بەڵام دەگونجێ ڕستەکان پاش‌و پێش بکرێن : ــ

١ــ نەکە پارەی نەمابێ ، پارەم بۆی نارد • ( پارەم بۆی نارد ، نەکە پارەی نەمابێ )•

٢ــ خواردن بێنە ، نەوەك برسیت بێ •

٣ــ با بچین ، نەبادا گلەیی بکات •

---

(١) واتا : هەردوو ڕستەکە یەك جۆربن ، فەرمان یان پرسیار ••••• یان ئەم دوو وشەیەی دەبەسترێن ، سەربە یەك بەشی ئاخاوتن بن •

٤ـ (نـه ٠٠٠٠٠ نـه ) : ـ

ئـهم جووتـه نیشـانه یه دوو ڕستـهی سـاده به یه‌که‌وه ده‌به‌ستنـه‌وه ، کـه هـه‌ر یه‌که‌یان ده‌که‌ونـه سـه‌ره‌تای ڕسته‌یه‌ك و نه‌رێـی ده‌کات : ـ

١ـ نـه بای پـێ دادێ ، نـه بـاران .

٢ـ نـه گـه‌نجم ده‌وێ ، نه مالـی دنیـا .

٣ـ نـه دێ و نـه ده‌ڕوا .

## ٥ـ جـــۆره‌کـانـی نـاکـردن : ـ

ده‌توانیـن ناکردن له ڕووی شـێوه‌وه بکه‌یـن بـه دوو جـۆر : ـ

### ١ـ ده‌ربـڕاو : ـ

ئه‌م جۆره‌یان یه‌کێـك لـه نیشـانه‌کانی ناکردن ئاشکرا تیادیـاره . لـه ڕووی به‌هێـزی و بـێ هێـزییه‌وه ده‌توانیـن ، سـێ جـۆر نه‌رێـی ده‌ربـڕاو (١) جیا بکه‌ینه‌وه (بـه‌هێـز ، بـێ هێـز و ئاسـایی )کـه له هـه‌موو جـــۆره ڕسته‌یه‌کدا (هه‌والـدان ، فه‌رمان ، پرسیـار ٠٠٠٠٠ )خۆیان ده‌نوێـنـن : ـ

١ـ بـه‌هێـز : ـ

ڕسته‌ی نـاکراوی به‌هێـز لـه‌و کاتانه‌دا ده‌بـێت ، که ڕسته نـاکـراوه‌کـــه (ئاوه‌لکـارێـك ، ئاوه‌لنـاوێك یان ڕانـاوێـك ) ی نادیاری (هه‌رگیـــز هیـچ ، هـه‌ر ، قـه‌ت ٠٠٠٠٠ ) تـێدا بـێـت : ـ

١ـ هه‌رگیز واز ناهێـنم .

٢ـ هیـچ پاره خه‌رج مه‌که .

٣ـ ئایا ئه‌م گۆشته هه‌رناخۆیت ؟

٤ـ قه‌ت نـه‌ده‌ی ئازاری گیانی ٠٠٠٠٠

٥ـ که‌س لێـره نـه بـوو .

---

(١) ده‌گونجێت ئـه‌م دابه‌شکردنه به‌پێی ڕێـزلێـنانیـش بکـرێ .

بە هێـزی ئەم ڕستانەی سەرەوە لەوەدا دەردەکەوێـت ، کە هیچ گومانێـك لـە کارە ناکراوەکەدا نامێـنـێت ، بەهـۆی دووبارە ناکردنەوە یان لـە لایـــەن ئاوەڵکـارە نادیارەکـانەوە .

٢ــ بـــێ هێـــز : ــ

نـەرێـی بێ هێـز بە زۆری لەگەڵ ئاوەڵناو و ئاوەڵکاری چەندیدا دروســـت دەبێـت ، چونکە کاتێـك کارەکە جەمسەرێکی ئاوەڵناوەکە نەرێ دەکات ، مـەرج نـییـە جەمسـەرەکەی تـری ڕاسـت بـێت بەڵکـو ڕەنگـە لـە پلەکانی ناوەڕاستدا جێگـــیر بێـت بۆ نموونـە : لـەڕستـەی (ئاوەکە سـارد نـییـە )دا مـەرج نـییـە ئاوەکە گـەرم بـێت ، بەڵکـو ڕەنگـە شـلەتێـن بـێت ، هەروەها لـــە ڕســـتەی (چــوار سـێوی نـەخـوارد )دەشـێت کەمتـر یـا زیاتـری خواردبێـت، یا لە ڕستـەی (زۆری نـەخوارد ) مـەرج نـییـە کەمی خـواردبـێت، بەڵکـو ڕەنگە تێـر بووبێـت . ئـەم جۆرەیان دەتوانـرێ ،بەم شێوانەی خـوارەوە دروسـت بکـــرێـــت : ــ

١ــ بــە ئاوەڵناوێـك و کارێکـی نـاکراو : ــ

دەتوانرێـت ئاوەڵناوەکان بکرێن بە دووجۆر : (جەمسەردار )[1] ئەو ئاوەڵناوانەن تەنیا ناوی هەردوو جەمسەرە پـێچـەوانەکانن ، بەڵام پلەکانی ناوەڕاستیـــان بە دەربـڕاوی نیـیـە ، وەك جـەمسەری ( مـێ ) کـە پێچـەوانەی جەمسەری (نێـر )ە : ــ

١ــ کـە وەکە مـێ نییـە . ( واتا : نێـرە ) .

٢ ــ ئـەو ئافرەتە ژن نیـیە . (واتـا : کچـە شـووی نـەکردووە ) .

---

(١) محمـد معـروف فتـاح ، ١٩٨٦ ، ل ١٧٧ .

بەڵام ئاوەڵناوی (پلەدار) ئەو ئاوەڵناوانەن، کە جگە لە ناوی هەردوو جەمسەرە پێچەوانەکە، پلەکانی ناوەڕاستیش ناوی دەربڕاویان هەیە، بۆ نموونە: لە نێوان سارد و گەرمدا، فێنك و شلەتێن هەیە. لە ڕستەیەکی وەك (بووکەکە سپی نەبوو) مەرج نییە ڕەشیش بێت، ڕەنگە ڕەشتاڵە یان سپیبات (سپیکەڵە) بێت، ژمارەی ئاوەڵناوی پلەدار لە جەمسەردار زۆرترە، بەڵام ناکردنی بێ هێزترە: —

١— ئازاد پیر نییە. (پیر، هەراش،گەنج، هەرزەکار، مێرد منداڵ، منداڵ، ساوا، کۆرپە).

٢— ئاوەکە لیخن نەبوو. (قوراو، لیخن، شێلو، بێگەرد، پاك).

٣— کابرا لە هۆشمەند ناچێت. (هۆشمەند، ئاسایی، گێل، دەبەنگ، شێت).

هەندێ جار پلەکانی بەراوردیش لەگەڵ ئاوەڵناوەکان بەکاردێن: —

١— ئەو لە تۆ باشتر نابێت.

٢— بێخاڵ خۆشترین هاوینەهەوار نییە.

٣— ئەمە هەرە گەورەکەیان نەبوو.

هەروەها لەگەڵ ئەو ئاوەڵناوانەی کە بە نیشانەکانی ناکردن (نە، نا، بێ، بەد) دروست کرابن و کارێکی ناکراویان لەگەڵدا بێت: —

١— نەشارەزا نەبوو.

٢— ناڕەوا نییە.

٣— بێ وەفا دەرناچێت.

---

(١) لە زمانی کوردیدا ئاوەڵناوی تەواو جەمسەردار نییە و هەموو ئاوەڵناوەکان پلەدارن، بەڵام هەندێ جار پلەکانی نێوان دوو جەمسەر بەناودەرنەبراون، ئەوەشیان لە بەروردی پلەکە، کە ڕەنگە هەستی پێ نەکرابێت، یان هەر ناوی بۆ دانەنراوە وەك: لە نێوان (نێرومێ) ڕەنگە (نێرەمووك) هەبێت یان لە نێوان (کچ وژن)، ئافرەتێك هەبێت کە ژنە، بەڵام هێشتا بەبووك نەچووە و نە گوێزراوەتەوە، یان بە پێچەوانە).

٢- به ژماره و كاریكی ناكراو : -

دیسان به ژماره و كاریكی ناكراونه ریی بێ هێز دروست ده بێت ، چونكه ڕه نگه مه به ستی قسه كه ر له و ژماره یه كه متر یا زیاتر بێت : -

١- چوار سێو مه خۆ .

٢- به هه زار دیناری ناده م .

٣- ده لیره ی نه بوو .

٣- به ئاوه ڵكاریك و كاریكی ناكراو : -

به به كارهێنانی ئاوه ڵكاریكی چه ندی و كاریكی ناكراو : -

١- هێنده م پێ ناخورێ .

٢- هه موو داستانه كه م نه بیستووه .

٣- تۆ زێك ماستاو ناخۆیته وه ؟

٤- زۆر قسه مه كه .

٣- ئاسایی : -

هه ندێ جار ڕسته ی ناكراوی ده ربڕاو زۆر به هێز نییه و زۆر یش بێ هێز نییه ، به ڵكو به شێوه یه كی ئاساییه و بڕواری ئه وه ش هه یه كاره ناكراوه كه بكرێت به ئه رێ : -

١- توخنی به دكارمه كه وه .

٢- نه چووم بۆ هه ولێر .

٣- شووشه كه ناشكێنی ؟

ئه م جۆره ش به وه له جۆری به هێز جیا ده كرێته وه ، كه (ئاوه ڵكار، ئاوه ڵناو یان ڕاناو )ی نادیاری تیادا نییه : -

١ـ هیچ کارێك مەکە . (بە هێز) .

کارمەکە . (ئاسایی) .

٢ـ هەرگیز چا ناخۆیتەوە ؟ (بە هێز) .

چا ناخۆیتەوە ؟ (ئاسایی) .

هەروەها لە بێ هێزیشەوە جیا دەکرێتەوە، کە ئاوەڵناو و ئاوەڵکاری چەندی تیادا بەدی ناکرێت : ـ

١ـ نانەکەم زۆر نەخوارد . (بێ هێز) .

نانەکەم نەخوارد . (ئاسایی) .

٢ـ ئێوە تۆزێك ناخەون ؟ (بێ هێز) .

ئێوە ناخەون ؟ (ئاسایی) .

٢ـ دەرنەبڕاو : ـ

ناکردنی دەرنەبڕاو، ئەو جۆرە ڕستانە دەگرێتەوە، کە هەرچەندە لە مەبەستدا واتای ناکردن دەدەن، بەڵام لە شێوەدا هیچ نیشانەیەکی ناکردنیان لەگەڵدا نییە، ئەمەش بە دوو ڕێگە دروست دەبێت : ـ

١ـ لە ڕستەی هەواڵداندا : ـ

بە زۆری لەو ڕستانە دەبێت، کە لە ڕابردوو دەدوێن، بە تایبەتی ئەگەر کارەکە ڕابردووی بەردەوام بێت . ئەمانەش لە ڕستەی سادە و ئاوێتەدا دەبینرێن : ـ

اـ ڕستەی سادە : ـ

١ـ پێشان جەژنانەی دەدامێ . (واتا : ئێستا نامداتێ) .

٢ـ دەڵێی منالی . (واتا : خۆتۆ منال نیت) .

٣ــ خواردنەکەت هەروەك خۆیەتی . (١) (واتا : هیچت نەخواردووە ).

٤ــ خۆزگە هاتبووایە (بهاتایە ). ( واتا : نەهاتووە ) .

ب ــ ڕستەی ئاوێتە : ــ

١ــ (گەر ) بمخوێندایە ، دەردەچووم . (واتا : نەمخوێند و دەرنەچووم ).

٢ــ تانوێژی دەکرد ، زۆرچاك بوو . ( واتا : ئێستا زۆر چاك نییە ).

٣ــ کەمناڵ بوو ، زۆر جوان بوو . ( واتا : ئێستا زۆر جوان نییە ).

٤ــ ئەگەر کوشتم ، چی ئەڵێی بیڵێ . ( واتا : نایکوژم ).

٥ــ (ئەگەر ) شێت بێت ، چۆن قسەی وا دەکات ؟ (واتا : شێت نییە).

٢ــ لە ڕستەی پرسیاردا : ــ

هەندێ لە ڕستەکانی پرسیار واتای ناکردنیش دەگەیێنن : ــ

١ــ توخوا ئەمە کارە ؟ (واتا : ئەمەکار نییە ) .

٢ــ پارەم هەبێت ، منەتی کێ دەزانم ؟ ( واتا : منەتی کەس نازانم ).

٣ــ قابیلە گاڵتەت پێ دەکەم ؟ ( واتا : گاڵتەت پێ ناکەم ).

٤ــ ئەوەی کڵاو سوور بێت ، هەمزاغایە ؟ ( واتا : هەمزاغا نییە ).

٦ــ کارەکانی پێشتر دەربارەی ناکردن لە کوردیدا : ــ

لەبەر ئەوەی بەشی هەرە زۆری ئەو کارە گشتیانەی دەربارەی زمانی کوردی لەمەوپێش کراون ، لە دوو توێی باسەکانیاندا ئەگەر ڕاستە و خۆش نەبێ ، پەنجەیان بۆ ناکردن هەر ڕاکێشاوە ، لێرەدا تەنیا بەسەرژمارەیەکیاندا

---

(١) ڕەنگە ئەمە پرسیار بێت لە شێوەی ڕستەی هەواڵدان . وەك بڵێیت : ــ (بۆ خواردنەکەت هەروەك خۆیەتی ؟) یا (بۆ هیچت نەخواردووە ؟ ) .

دەچینەوە، بەو نیازەی بابەتیانە وێنەیەکی ڕوون بکێشین بۆ هەندێ لەو کارانەی کە تائێستا دەربارەی ناکردن کراون، بەتایبەتی کە زۆربەشیان هەر تەنیا لەلایەنێکی ناکردن دەدوێن، ئەویش دیارکردنی نیشانەکانی ناکردن و شوێنیانە لەچاو کاردا :ـ

١ـ سەعید سدقی ناکردن دەکا بەدوو جۆر:((نهی حاضر ـ فعلیکه طلب منع بون لە شخص مخاطب لەکردەوەییکی پێ بکری . وکو (مەنوسە، مەخوینە، مەنوسن، مەخوینن))[١] .... ((نهی غائب ـ فعلیکه طلب منع بون شخص غیر مخاطبي لەکردەوەیی پێ بکرێ.... وکو ـ (نەنوسم، نەنوسی، نەنوسن) یاخو (بانەنوسم، بانەنوسین الخ).))[٢] بەڵام وەك ڕایەکی نەگۆڕی نەبێت، لەشوێنێکی تردا دەڵێت: ((مە ـ نە)أدات نهی و نفین . وکو (مەنوسە، نەی نوسی))[٣] بۆ ئەوەی دەری بخات کامە یە، ئەگەرچی لەسەرەوە (مە) بۆ ((نهی حاضر))و (نە) بۆ ((نهی غائب))دادەنێت، کەچی لەدوایيدا دەڵێت: (((نە) بۆ نهی حاضرە ـ وکو ـ (نەکەیت، نەڕۆیت، نەچیت).))[٤] دەربارەی نیشانەی (نا) ش دەڵێت : ((أدات نفی . وکو ـ (نای خوا، نای کا، نای با).))[٥]، هەروەها (هەرگیز) بە ((أدات نفی ابدی))[٦] دادەنێت.

---

(١) سعید صدقی، ١٩٢٨، ل ٤٢.

(٢) هەمان سەرچاوە، ل ٤٢ ـ ٤٣.

(٣) هەمان سەرچاوە، ل ٥٥.

(٤) هەمان سەرچاوە، ل ٧٠.

(٥) هەمان سەرچاوە،ل ٧٠.

(٦) هەمان سەرچاوە، ل ٥٤.

٢- نووری عەلی ئەمین بۆ ئەوەی پێناسەیەکی وردی ناکردن بکات باسی چۆنیەتی ناکردنی کار دەکات دەڵێت : ((فەرمانی ڕابووردوی شهودی لازم .... چۆن نەفی ئەکرێ ؟ تەنیا (نە) کە ئامرازی نەفیە ئەخرێتە بەردەم فەرمانەکەوە (١))). هەروەها باسی ناکردنی هەموو کارەکان دەکات : تێپەڕو تێنەپەڕ، ئەگەرچی لە ڕووی جۆری نیشانەی ناکردن تێپەڕو تێنەپەڕیەکن، بەڵام شوێنی نیشانەکە لە هەندێ تاقدا جیاوازە، هەروەها دەربارەی ناکردنی کاری فەرمان دەڵێت : ((هەرچی فەرمانی ئەمر هەیە کەویستمرا نەفی بکرێ جارێ پیتی (ب) کە نیشانەی ئەمرەو لەسەرەتاکەیەوەیەتی -لێ فڕێ ئەدرێ و ئنجا : أ- ئامرازی (مە) ی نەفی لە سیغەی مفردو جمعی مخاطبدا ئەخرێتە جێ (ب). ب- ئامرازی (نە) ش لە صیغەی مفردو جمعی متكلم و وغائبدا ئەخرێتە جێی (ب) (٢))). لێرەدا دوو پرسیار سەر هەڵدەدەن :-

١- ئایا چ جیاوازییەك لە نێوان (ب) و (نە) دا هەیە ؟ بۆ (ب) ی ناوناوە نیشانەو (نە) ی ناوناوە ئامراز ؟.

٢- ئایا (نە) تەنیا بۆ ناکردنی ((متكلم و غائب)) ە یان ((مخاطب)) یشی لەگەڵدایە ؟.

هەروەها دەربارەی نیشانەکانی ناکردن (نا ، نە ، مە ، بێ ، نی) دەڵێت : ((ئەو ئامرازانەن کە (ناو) و (فرمان) یان پێ (نەفی) ئەکرێ (٣))) دەبوایە تەنیا کار بنووسێت، چونکە ئەم نیشانانە تەنیا کار نەرێ دەکەن و ئاوەڵناوی دژواتاش دروست دەکەن، ئەگەرچی

---

(١) نووری علی أمین، ١٩٥٦، ل ١٥ .
(٢) هەمان سەرچاوە، ل ٣٣ .
(٣) هەمان سەرچاوە، ل ١٠٣ - ١٠٤ .

هه ندێكیان دەكەونە پێش كارو ناو و ئاوەڵناویشەوە ك لە نموونەی:(بێ پارە)دا (پارە) كە نەرێ نەكراوە، بەڵكو دژواتای ئاوەڵناوی (بەپارە) یە. دەربارەی (نا) دەڵێت : ((ئەو جێنیانەن كە بۆ (نەفی) پارچەكانی تری ئاخاوتن بەكار ئەهێنرێن. وەك : ــ ..... (نا) : ئەلوێ، ا ـ ناوی پێ (نەفی) بكرێ، وەك : (پیاو ـ ناپیاو) (كەس ـ ناكەس) . ))(١) . دیسان لێرەدا (پیاو) وەك ئاوەڵناوێك بەكار هاتووە،هەروەها (ناكەس) یش ئاوەڵناوە، بەڵام مەرج نییە دژواتاكەی (كەس) بێت،بەڵكو ڕەنگە (خانەدان) بگرێتەوە . هەروەها دەربارەی (بێ) دەڵێت : ((تەنیا ناوی پێ (نەفی) ئەكرێ . وەك : (كەس ـ بێ كەس) (دەنگ ـ بێ دەنگ) (پارە ـ بێ پارە).))(٢) ئەم ئاوەڵناوانەش (بێ كەس، بێ دەنگ، بێ پارە) دژواتان بۆ ئاوەڵناوەكانی (بەكەس / خاوەن كەس / كەسدار، بەدەنگ / خاوەن دەنگ / دەنگدار / بەپارە / خاوەن پارە / پارەدار). هەروەها چەندین ناوی جیا جیا بۆ نیشانەكانی ناكردن دا دەنێت، وەك : (جێ)(٣)، (ئامراز)(٤)، (ئاوەڵناوی چەندی موبهەم) و (ئاوەڵكار)(٥)،جگە لەمەش لە هەندێ شوێندا دەبینین، نەرێ بەنەرێ پێناسە دەكات : ((ئاوەڵكاری نەفی ئەو ئاوەڵكارانەن كە بۆ نەفی بەكار ئەهێنرێن)) .(٦)(٧)

---

(١) نوری علی امین ، ١٩٥٨، ل ١١٥ .

(٢) هەمان سەرچاوە ، ل ١١٦ .

(٣) هەمان سەرچاوە ، ل ١١٥ .

(٤) هەمان سەرچاوە، ل ١٣٤ .

(٥) نوری عەلی ئەمین ، ١٩٦٠ . ل ١٣٢ ـ ١٣٣ .

(٦) هەمان سەرچاوە، ل ١٩٠ .

(٧) هەمان سەرچاوە ، ل ١٩٠ .

٣ـ جگەر خوێن بە هەمان شێوە نیشانەکانی ناکردن پێناسە دەکات : ((آلاقی نەبوونی ئەون کو نەبوونی ددن زانین ))(١)، زۆر بەش باسی ئەو نیشانانە دەکات، کە لە کرمانجی ژووروودا بەکاردێن، وەك : (نیە نینە، نەهن، تونە، چونە و نە) بەڵام دیارە (ە)ی رەگی کاریش هەر بە بەشێك لە نیشانەکە دادەنێت و دەربارەی ((ئەرێ ـ مثبت نا ـ منفي ))دەڵێت : ((تیبێ ماندەلا (٣) نە (نە ـ نا ـ نۆ) . ))(٢) کە (نە بۆ ناکردنی کاری رابردوو دادەنێت و (نا) بۆ کاری رانەبردوو، بەڵام (نۆ) بۆ ناکردنی وەڵامی پرسیار دادەنێت هەروەها بۆ ناکردنی کاری فەرمان ((فەرمانا بنە کرنێ ))(٣) دوو نیشانە دادەنێت (مە ـ نە) بەڵام جیایان ناکاتەوە : ((هاتە زانین کۆ تیپێن (ماندەلا) د فەرمانێ دە (مە ـ نە) شونا هەق دگرن ـ وەك : ـ مەد، نەد، بەرمەد ـ بەرنەد ....)).(٤)

٤ـ لیژنەی کۆڕی زانیاریش لە ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردیدا بە بەرت و بڵاوی باسی زۆر لایەنی ناکردن دەکات لە ڕووی وشە سازییەوە و فەرمانی ناکراویش دەکا بە دوو بەش : (( نەهی صریح : ئەداتەکەی تایبەتی خۆیەتی کە ئەداتی (مە)یە . نەهی ناصریح .... ئامرازەکەشی (نە) یە ))(٥) کەچی لە تێبینی (٢)دا دەڵێت: ((نەدێ نەدەڕوا (بۆنەفی)، نەبێت نەبڕوات (بۆ نەهی)٠))(٦)

---

(١) جگەر خوین، ١٩٦١، ل ١١١ .
(٢) هەمان سەرچاوە، ل ١٦٣ .
(٣) هەمان سەرچاوە، ل ١٦٤ .
(٤) هەمان سەرچاوە، ل ١٥٣ .
(٥) هەمان سەرچاوە، ل ١٥٧ .
(٦) کۆڕی زانیاری کورد، ١٩٧٦، ل ٢٢٩ ـ ٢٣٠ .

که ئه مه ش ناڕێکییه‌ك له گه ڵ یاسای سه ره وه دا په یدا ده کات و ئه وه ی یاساکه ناوێزه دارتر ده کات ئه وه یه : (( له شێوه ی کرمانجی سه رووداً ، نه هی صریح و ناصریح ئه شێت به ئامرازی ( مه ) و ( نه ) بێت))، ئنجا ده ڵێت : (( به ڵام له ناوچه ی بادینادا ته نیا ئیشاره ی ( نه ) به کار دێت )) . (١) له گه ڵ ئه وه شدا ئه گه ر هه موو زانیارییه کانی سه ربه ناکردن له م کتێبه دا بخرێنه سه ر یه ك ، ڕه نگه له ڕووی وشه سازییه وه له هه موو کتێبه کۆنه کان زۆرتر زانستی تیادا بێت .

٥ـ جه مال نه به ز به راوردێك له نێوان کرمانجی ژووروو و خواروودا ده کات و ده ڵێت : (( ده مکاتی نای کاره تێنه په ڕه کان ؛ له هه ردوو شێوه که دا وه ك یه کن )) (٢) ، (( بینای کاری نای کاره تێپه ڕه کان ؛ له هه ردوو شێوه که دا وه ك یه کن )) (٣) و هه رچه نده ئه وه ی ڕوون کردۆ ته وه ، که له ڕووی وه رگرتنی نیشانه کانی ناکردن کاری تێنه په ڕو تێپه ڕ جیاوازیان نییه ، به ڵام هه ندێ جار جیاوازی له شوێنی ڕاناوه لکاوه کان هه یه ، وه ك له نموونه کانیدا ده رده که وێت : ـ

تێنه په ڕ : (( ئه ز نه دکه تم ـ من نه ده که وتم ))

تێپه ڕ : (( من ڤه نه دخوار ـ من نه مده خوارده وه ))

٦ـ ئه وره حمانی حاجی مارفیش وه ك زۆر به ی ڕێزماننووسانی کورد ته نیا (( جێناوه کانی ناکردن )) ده ژمێرێت و هیچ په یوه ندییه کی نێوان ناکردن و ئه م ڕاناوانه ی ڕوون نه کردۆ ته وه و له کرمانجی خوارووداً ( هیچ ) و ( چ ) به ڕاناوی ناکردن داده نێت : (( هه رچه نده له دیالێکتی کرمانجی

---

(١) هه مان سه رچاوه ، ل ٢٣١ .
(٢) جه مال نه به ز ، ١٩٧٦ ، ل ٤٨ .
(٣) هه مان سه رچاوه ، ل ٥٥ .

ژوور ووشدا ( هیچ ، چ ) وەك جێناوی نەفی دەبینرێن، بەڵام ووشەکانی (تو، قەت ) کە بە مانای ( هیچ ) دێن، زۆرتر لە کاردان )) (١) ٠

٧ـ ڕێزمانی قوتابخانەکانیش ، کە پێناسەی ڕستەی ناکراو دەکات، دەڵێت : (( ڕستەی نەرێ : ئەو ڕستەیەیە کە ڕوونەدانی شتێك پیشان دەدات ، بەبۆنەی ئاوەڵفرمانی (نە) و (نا) ی نەفی یەوە کە دەخرێتە پێش فرمانی ناو ڕستەکەوە لە بەشی گوزارەدا )) (٢) ٠ لەگەڵ ئەوەی کە لەم کتێبانەدا تەنیا باسی ئەم دوو نیشانەیە کراوە و ناونراون ئاوەڵفرمان ، بەڵام لە هەمان کاتدا بۆ پێناسەی ئاوەڵفرمان نووسراوە : (( ئاوەلفرمان ووشەیەکە، ڕوویەکی ڕوودانی فرمانی ڕستەکە، دەردەخات )) (٣) کە ئەمەش شتێکی ناکۆکە ٠

٨ـ محەمەد ئەمین هەورامانی لە باسی (مۆرفیمی پێشبەند )) دا باسی (بێ ، مە ، نا ) دەکات و دەڵێت : (( پێشبەندی (مەـ ) کە زۆربەی وەخت بۆ ( ئامۆژگاری ) بەکار دەهێنرێت ، وە هەندێ جاریش بە (فەرمان = ائمر ) بەکار دەهێنرێت ، وەکو : زۆر مەخۆرەوە ـ دوامەکەوە!! )) (٤) کە چی دیاری نەکردووە ، کە ئامۆژگارییەکەش هەر فەرمانە ٠ دیسان دەربارەی (نا ) دەڵێت : ((پێشبەندی (نا ـ ) ، کە زۆربەی وەخت قسەکەر بەکاری دەهێنێ ، بۆ نەکردنی ئیشێك ، کە بەدڵی نیە )) (٥) کەچی مەرج نییە ناکردنەکەی بەدڵ نەبێت ٠

---

(١) ئەورەحمانی حاجی مارف ، ١٩٨٧ ، ل ٢٨١٠

(٢) ڕێزمانی قوتابخانەکان ، ( ٢ ) ، ل ١٢ ٠

(٣) ڕێزمانی قوتابخانەکان ، (٦ ) ، ل ٦٢ ٠

(٤) محەمەد ئەمین هەورامانی ، ١٩٧٤ ، ل ١١٣ ٠

(٥) هەمان سەرچاوە ، ل ١١٣ ٠

٩ــ کوردۆ یــێف ڕاناوەکانی ناکردن لە ڕاناوی نادیار جیا دەکاتەوەو دەڵێت : ((...... (هیــچ ، قەت، تــو ) سەر بە جێ ناوی ناکردنــە )) (١) دوایـــی دەڵێــت (( ئەو ڕستە یەی کە جێ ناوی نای تێــدایە پێویستــی بە نیشانــەی ناکردن نیــە )) (٢) بــەڵام ئەو نموونانەی هێناویە تیــە وە ، هیچیــان ئەم ڕایە ناسەلمێنن، چونکە لە جۆری پرسیاردا نە بێت ، هەردەم لەگەڵ ئەم وشانەدا کارێکی ناکراو دێــت ، وەك : ــ

هیــچ جار چوویتــە هــە ولێــر ؟

قــەت ســواری فڕۆکــە بــوویــت ؟

تــوکەسی هــون ناس کــرن ؟ (٣)

هەروەها بۆ (( دەمکاتی فەرمان )) دەڵێت : (( لەکرمانجی دا پیتی ناکــردنی ( ــ مــە ) و ( ــنــە ) و پێشگری ( ب ــ ) دەکەونــە سەرەتای بناخــەی کــارەوە: باڤیــژە، ناڤێــژە لــە برێــتی مەئاوێــژە وەیا نەئاڤێــژە وهــی دی )) (٤) .

١٠ــ کــورد ستان موکریانــی هــەوڵــی داوە، بە شــێوەیەکی ورد تــر لـــە ڕستەی ناکراو بدوێت و ئەگەرچی باسی هەموو نیشانەکانی ناکردن نــاکات، بەڵام نموونەی بۆ زۆربەیان هێناوەتەوە و بــە (پیــت ) ناویان دەبات و باسی ڕاناوی (هیــچ ، هەرگیــز ) دەکات و دەڵێت : (( ووشــەی هــەرگیــز لە ڕستەی نەرێدا بــەدی دەکرێت و هەمیشە پیتــی (نــە ) ش هاوبەشی دارشتنــی ڕستە ناکراوەکە دەکات )) (٥)، بەڵام زۆرجار نیشانەی (نــا ) ش بەشداری ئەم جۆرە ڕستانە دەکات وەك : ــ

هەرگیــز ئەو کارە ناکەم .

هەرگیــز بە ڕۆژ نــانوم .

---

(١) کوردۆیــێــف ، ١٩٨٤، ل ١٦٠ .
(٢) هەمان سەرچاوە ، ل ١٦١ .
(٣) هەمان سەرچاوە ، ل ٢٦٩ .
(٤) هەمان سەرچاوە ، ل ٢٧١ .
(٥) کوردستان موکریانی ، ١٩٨٦، ل ٥٩ .

١ا_ سادق بەهائەددین لە باسی ناکرندا باسی ئەم نیشانانەی ناکردن دەکات : (( نە ، نا ، ن )) (١) هەروەها فەرمانی ناکراو دابەش دەکات بۆ : (( نەهیا درست ، نەهیا نەدرست )) (٢) •

٢ــ وریا عومەر ئەمین باسێکی کورت و چڕی نەرێ دەکات و پەنجە بۆ هەندێ لایەنی ناکردن درێژ دەکات ،بەڵام دەربارەی بەرکاری ڕستەی ناکراو دەڵێت : (( دەبێ هەموو ئەوەی بەبەرکار لە قەڵەم دەدرێن لە ڕستەی نەرێدا بەرکار نەبن چونکە هیچ کارێکیان بەسەرا تێنەپەڕیوە و پێشوازی هیچ کارێکیان نەکردووە و ئاگاشیان لێ نییە )) (٣) • بەڵام چەمکی بەرکاری پەیوەندی بەجۆری کارەکەوە هەیە • کاری تێپەڕ خاوەنی دوو چاڵ (٤) یان زیاترە ، بوونی ئەم چاڵانە پێناسەی بەرکار دەکات ، ئنجا کارەکە ئەرێ بێت یان نەرێ هیچ لە کێشەکە ناگۆڕێ • ئەو گومانەی د• وریا کاتێ دروست دەبێ کە تەنیا پشت بە واتای ( بەرکار ) ببەستین و تێپەڕی و تێنەپەڕی لە ڕووانگەی واتاوە سەیر بکەین •

## ٧ــ هەڵسەنگاندنێکی کارەکانی پێشتر : —

ئەگەر سەرنجێك بدەینە کارەکانی پێشتر ، دەبینین کەم ڕێزمانزان هەیە دەربارەی ناکردن شتێکی نەنووسیبێت ، بەڵام زۆربەی باسەکان هەموو لایەنەکانی ناکردن ناگرنەوە ، بەڵکو بە زۆری لە لایەنی وشەسازی دەدوێن ، لێرەدا چەند خاڵێکی گشتی دەخەینەڕوو ، کە ڕەنگە زۆربەی بەرهەمەکان بگرێتەوە : —

---

(١) صادق بهاء الدین ئامێدی ، ١٩٨٧ ، ل ٣٧٦ •

(٢) هەمان سەرچاوە ، ل ٣٨٨ •

(٣) وریا عمر امین ، پاشکۆی عیراق ، ٧ / ٣ / ١٩٩٠ ، ل ١١ •

(٤) فاروق عومەر سدیق ، ١٩٨٩ — ١٩٩٠ •

١ـ زۆر بەیان تەنها لە ناکردنی کار دەدوێن و ناکردنی ڕستە ( بە هەموو جۆرەکانیەوە ) و ئاوەڵناوفەرامۆش دەکەن .

٢ـ باسی هەموو نیشانەکانی ناکردن وەك یەك شت نەکراوە و چەندین جۆر زاراوە و ناویان بۆ بەکار هێناوە، وەك : ( نیشانە ئامراز ، ئەدات ، پسیت ، ئاوەڵناو ، ئاوەڵفرمان ، جێی نەفی ، ئالاق ، جێنا و ....... ) .

٣ـ باسی ئەو ڕستانە نەکراوە، کە بەبێ نیشانەی ناکردن واتای نەرێ دەبەخشن ، وەك : ـ

قابیلە من درۆ بکەم ؟

جگەرە کێشان قەدەغەیە .

مەلا و دزی ( کوجا مەرحەبا ) ؟

هەروەها باسی ئەو ڕستانەش نەکراوە، کە لە شێوەدا ناکراون و واتای ئەرێ دەبەخشن، وەك : ـ

کە نەهاتی، من دێم . ( واتا : کە هاتی ، من دێم ).

هەرکە نەگەیشتە ئەوێ،کردیان بە پاشا . ( واتا : هەرکە گەیشتە ئەوێ، ...

٤ـ باسی ناکردنی گشتی ڕستە نەکراوە، بەتایبەتی وەلامی نەرێ و بواری ناکردن و هێزی ناکردنەکە .

٥ـ زۆربەیان تەنیا باسی ناکردنی کاری سادە ( داڕێژراو ) دەکەن و ناکردنی کاری لێکدراو ..... دەخەنە پشت گوێ و پەیوەندی نێوان ناکردن و هەندێ وشە، وەك : ( قەت، هەرگیز، هەر ... ) ڕوون ناکەنەوە .

٦ـ ناکردن بە ناکردن پێناسە دەکەن و باسی واتاکانی ناکردن و ئەرکەکانی ناکەن .

٧ـ بە زۆری ناکردن بە نەکردن و بەجێ نەهێنانی کارەکە دەزانن و بۆ ئەوە نەچوون، کە هەندێ جار واتای بەجێ هێنان و پەیدا گرتن ( تاکید ) لە سەر ڕوودا وەکە بگەیێنێت .

# بەشی دووەم

# بەشی دووەم

## ناکردنی ڕستەی سادە

١- پێناسە و تایبەتییەکانی ڕستەی سادە .

٢- ناکردنی سادەترین ڕستەی کوردی .

٣- ڕستەی سادەی فراوانکردنی .

٤- ناکردنی ڕستەی سادەی فراوانکراو .

١- هێز لە ڕستەی سادەی فراوانکراودا .

٢- بواری ناکردن لە ڕستەی سادەی فراوانکراودا .

٥- ناکردن لە ڕستەی پرسدا .

## ناکردنی ڕستەی سادە لە کوردیدا

لەم بەشەدا لە ناکردنی ڕستەی سادەی کوردی دەدوێین و پەیوەندی نێوان هێزی سەرەکی ڕستە و بواری ناکردن لەم جۆرە ڕستەیەدا نیشان دەدەین :ـ

### ١ـ پێناسە و تایبەتییەکانی ڕستەی سادە :ـ

بەر لەوەی لە ناکردنی ڕستەی سادە بدوێین ، بە پێویستی دەزانین بە کورتی ڕستەی سادە دیاری بکەین و سادەترین ڕستەی کوردی و ڕستەی سادەی فراوانکراو دەست نیشان بکەین ، بۆ ئەوەی زەمینەیەك بۆ باسی ناکردن خۆش بکەین ٠

دەشێ سادەترین ڕستەی کوردی لە شێوەی وشەیەکدا بێت : (( یێکێ لە سەخترین و ئاڵۆزترین لایەن لە زمانا جیاکردنەوەی لێقڵی مۆرفۆلۆجی ( داڕشتنی ووشە ) و لێقڵی سینتاکسە ( داڕشتنی ڕستە ) ٠ ئەم سەختی یە ـ لە زمانی کوردی یا ـ لەم نموونەیەدا خۆی دەرئەخات : ئایا (ئەیانبینین) ڕستەیە یا ووشەیە ؟ )) (١) ٠ هەموو کارێك لە کوردیدا ڕستەیەکی سادەیە لەبەر ئەوە کاری سادە لە ئارادا نییە و کار هەمیشە یا داڕێژراو یا لێکدراو دەبێت ، چونکە ساکارترین کار لە کوردیدا بەلایەنی کەمەوە پێك هاتووە لە ڕەگێکی کارێك ( لە هەر تاقیکدا بێت ) و ڕاناوێکی لکاو ( دەرکەوێت یان دەرنەکەوێت) وەك : ( هات، خواردی ، بوو ، چووم ، کوشتت ٠٠٠٠ هتد )٠

ئەگەر چی ڕستە گەورەترین کەرستەی ڕێزما نییە و سادەترین ڕستەی کوردیش لە دوو بەشی بنجی پێك دێت ، کە هەر بەشێك ڕۆڵێکی سەرەکی لە ڕستە دەگێڕێت، ئەم دوو بەشەش فرێزی ناوی و فرێزی کارین، بەڵام ئەمە ڕێگەی ئەوە ناگرێت،


---

(١) وریا عمر أمين ، ڕۆشنبیری نوێ ، ژ ٩٥ ، ل ٣٤ ٠

که هه ندێ ڕسته له شێوه ی تاکه وشه یه کدا بن و هه ردوو به شه بنچینه یه که ی ڕسته : فرێزی ناوی وفرێزی کاری ڕاسته وخۆ یان لاوه کی له م تاکه وشه یه دا کۆ ببنه وه . که واته مه به ستمان له ساده ترین ڕسته ی کوردی ئه و ڕستانه ن، که له تاکه وشه یه ك (کارێکی داڕێژراو یان لێکدراو) پێك دێن له م ڕستانه دا فرێزی ناوی ( بکه ر ) به شێوه یه کی ئاشکرا به دیار ناکه وێت، به ڵکو له شێوه ی ڕاناوێکی لکاودا به ڕه گی کاره که وه ده لکێ و زۆر جار له ژماره دا له گه ڵ بکه ردا ڕێك ده که وێ . نه خشه ی ئه م جۆره ڕستانه ش له نه خشه ی فرێزه کاریه که یان ده چێت . ده توانین ئه مانه ش له ڕووی ڕۆنانه وه بکه ین به دوو به شه وه : —

١ـ ئه و ڕستانه ی بەرکاریان تیا ده رناکه وێت : —

ئه مه ش ته نیا ئه و ڕستانه ده گرێته وه، که له ڕه گی کارێك ( داڕێژراو یان لێکدراو ) و ڕاناوێکی لکاو پێك دێن، که ڕاناوه که ڕۆڵی بکه ر (فرێزی ناوی ) ده بینێت له ڕسته دا وه ك له م نه خشه یه دا دیاره : —




سووتام ، دیت ، خواردمان ، نووسیان ، بردت ، هێنای .

کاتێك کە کارەکە ڕابردووی تێنەپەڕ بێت یان کارێکی ڕابردووی بکەر نادیار بێت، ڕاناوە بکەرەکەش بۆ کەسی سێیەمی تاك بگەڕێتەوە، ڕاناوەکە وەك مۆرفیمێکی قالبدار دەرناکەوێت : —

ڕستە

|

فرێزی کاری

|

ڕەگی کار

(ڕابردووی تێنەپەڕی بکەر دیار)

(ڕابردووی بکەر نادیار)

هات ، نووست ، مرد .

نووسرا ، کوژرا ، بڕێنرا .

٢— ئەو ڕستانەی بەرکاریان تیا دەردەکەوێت : —

ئەمەش ئەو ڕستانە دەگرێتەوە، کە بکەر و بەرکاری ڕاستەوخۆیان لە شێوەی ڕاناوی لکاو دەردەکەون و کارەکانیشیان هەردەم تێپەڕن : —

ڕستە

|

فرێزی کاری

کاری ڕابردوو — کاری داهاتوو

ڕەگی ڕابردوو — ڕاناوی بکەر — ڕاناوی بەرکار

دە — ڕاناوی بەرکار — ڕەگی داهاتوو — ڕاناوی بکەر

بینیمن — بینیانم

دەیانبینم — دەمبینن

کوشتمانن — کوشتیانین

دەتانکوژین — دەمانکوژن

## ٢ـ ناکردنی سادەترین ڕستەی کوردی :ـ

لە سادەترین ڕستەی کوردیدا بواری ناکردن هەموو ڕستەکە بە هەردوو بەشەکەیەوە ـ فرێزی ناوی و فرێزی کاری ـ دەگرێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەم جۆرە ڕستانەی لەمەوبەر باسکران، لە شێوەی تاکە وشەیەکدان، ناکردنەکە هەمووی دەگرێتەوە، چونکە زۆر گرانە داکۆکی (تاکید) لەسەر بەشێکی وشەیەك بکرێت و بەشەکانی تری فەرامۆش بکرێ . جگە لەمەش نیشانەکانی ناکردن مۆرفیمی هەرە بەهێزن لەکێش کردنی هێزی سەرەکی ((لە ڕێژەی نەرێدا، هێزی سەرەکی دەچێتە سەر پێشگری نەرێ چونکە ئەم پێشگرانە لەکوردیدا هەمیشە هێزی سەرەکی بۆ خۆیان ڕادەکێشن لەبەر ئەوەی هەڵوێستی قسەکەر بەرامبەر هەموو ڕستەکە دەدرکێنن))[(٢)] :ـ[(١)]

هات ـ نەهات، دەمسوتێنێت ـ نامسوتێنێت، بخۆ ـ مەخۆ

بکرن ـ نەکرن ، دەبێت ـ نابێت، هەیە ـ نییە

---

(١) لێرەدا مەبەست لە بوارئەو ناوچەیەی ڕستەیە،کە نیشانەی ناکردن دەسەڵاتی بەسەردا دەگرێ. بەواتایەکی تر بوار بریتییە، لەو توخمە یان لەو توخمانەی و کەرەستانەی ڕستە،کە ڕاستەوخۆ دەکەونە ژێر کاریگەری ناکردنەوە، وەك لە (مِن ناڕۆم) دائەگەر مەبەست لە ڕۆژێکی تر یان میوەیەکی تر بێت،واتا، بواری ناکردن ئەوکەرەسەیەی گرتەوە،کە هێزی سەرەکی لەسەرە،بەڵام ئەگەر هێزی سەرەکی لەسەر نیشانەی ناکردن بێت (وەکو لەکاتی ئاساییدا) ئەوا بواری ناکردن هەموو ڕستەکە بەگشتی دەگرێتەوە .

(٢) محمد معروف فتاح ، ڕۆشنبیری نوێ ، ژ ١٢١ ، ل ٤٨ ـ ٤٩ .

نیشانه کانی ناکردنیش هه رده م ده که ونه پێش ڕه گی کاره وه، کاره که له هه ر تافێکدا بێت : —

شکا — نه شکا ، ده مرێت — نامرێت ، بڕۆ — مه ڕۆ

کوژرا — نه کوژرا ، ده شکێنرێ — ناشکێنرێ

ڕه نگی هێنا — ڕه نگی نه هێنا ، ده ربازبوو — ده ربازنه بوو

به ره لای کردین — بەرەلای نه کردین ، وردی کردن — وردی نه کردن

تەنیا له دوو باردا نه بێت، نیشانه کانی ناکردن یه کسه ر ده که ونه پێش کاره که : —

١— کاتێك نیشانەی (ده) ی به رده وامی هه بێت و له کاتی ناکردن هه ر بمێنێته وه ، وه ك له ڕابردووی به رده وامیدا ئه وا نیشانه ی (ده) ده که وێته نێوان نیشانەی ناکردن و ڕه گه که : — (١)

ده خوارد — نه ده خوارد ، ده نووست — نه ده نووست

٢— کاتێك ڕاناوی بکه ر (وه ك له ڕابردووی تێپه ڕ ) یان ڕاناوی بەرکار (وه ك له ڕانه بردووی تێپه ڕ ) به هۆی ڕێکه وتن بکه وێته پێش ڕه گی کاره که وه، یه کسه ر به نیشانەی ناکردنه وه ده لکێن ، چونکه هیچ بێگهاتێکی تریان له پێشدا نییه، پێیه وه بلکێن : —

خواردم — نه مخوارد ، بردمان — نه مانبرد

ده یهێنم — نایهێنم ، ده یانگریت — نایانگریت

---

(١) به ڕای من (نا )ی نیشانەی ناکردن بریتی یه له (نه + ده ← نا ). واتا : (نا) جگه له نیشانەی ناکردن نیشانەی به رده وامیشه . وه ك له ڕانه بردوو ده خۆم ← نه ده خۆم ← ناخۆم . هه روه ها له زۆر ناوچه ی وه ك ، ڕواندز و خۆشناو و . . . . . . له تافی ڕابردووی به رده وامیش به کاری ده هێنن . واتا : له جیاتی بڵێن : (نه مده خوارد ، نه ده نووستم . . . . ) ده ڵێن : (نامخوارد ، نانووستم . . . . . . ).

لە بەر ئەوە دە بینین، کاتێك کارەکە یان لێکدراو بن، ڕاناوەکان بەکەرتی یەکەمەوە دەلکێن و نیشانەکانی ناکردن شوێنی ئاسایی خۆیان دەگرنەوە :—

خوولم خوارد ــــ خوولم نەخوارد، هاریان کردن ــــ هاریان نەکردن

هەروەها ئەو کارە داڕێژراوانەی پێشگرێکیان لە پێشەوە هەیە، بە هەمان شێوە ڕەفتار دەکەن :—

هەڵی هێنان ــــ هەڵی نەهێنان، ڕات پەڕاندم ــ ڕات نەپەڕاندم

دەتوانرێت ئەم ڕستانەش،کە لە شێوەی کاری داڕێژراو یان لێکدراو دان، لەم شێوانەی خوارەوە ببینرێن :—

١— ئاوەڵکار + کار ← هەڵکرد، دەرکر ــ هەڵ نەکرد، دەرنەکرد

٢— ئاوەڵکار + ئاوەڵکار + کار ← پێ لێ داگرت ــــ پێ ی لێ دانەگرت

تێ بەردا ــــ تێ ی بەرنەدا

٣— ناو + کار ← سوێندی دام، دەرزی برد ــ سوێندی نەدام، دەرزی نەبرد (١)

٤— ئاوەڵناو + کار ← شڕکرد، سڕکرد ــ شڕی نەکرد، سڕی نەکردم

٣— ڕستەی سادەی فراوانکراو :—

مەبەست لە فراوانکردنی ڕستەی سادە خودی کارەکە نییە، چونکە هەموو ڕستەیەکی سادە تەنیا یەك کاری تێدایە، بەڵکو مەبەست فراوانکردنی بەشەکانی تری ڕستەکە بە (ئاوەڵناو، ئاوەڵکار، ڕادە ٠٠٠٠ هتد ) و پتربوونی ژمارەی وشەکانی ڕستەکەیە ٠بۆنموونە دەتوانین ئەم ڕستە سادەیە تا ڕادەیەکی زۆر فراوان بکەینەوە :—

---

(١) محمد معروف فتاح ، ١٩٩٠ ، ل ٩٧ ٠

خوێندمـه وه ٠

من كتێبـه كانم خـوێنـدە وه ٠

من كتـێبی چیرۆكه كانی عـه زیز نه سینم خوێنـدە وه ٠

من و بـراده ره خۆشه ویسته كانم و ٠٠٠٠٠ كوری مامی نووسه ره كه و ٠٠٠٠ لـه په ڕتووكخانه‌ی گشتی، له نهۆمی دووه م له هۆڵی پیاچوونه وه ٠٠٠٠ به هاری ساڵی ڕابردوو ئێواره ی ڕۆژه كانی شـه ممه ٠٠٠٠ هه ر ڕۆژه ی سێ كاژمێر ٠٠٠٠ زۆربه‌ی كتـێبی چیرۆكه خۆشه كانی ٠٠٠٠ چیرۆك نووسی به ناوبانگـــی كورد نه ژاد ـــ عـه زیز نه سیـــن ـــم بـه جـوانی ٠٠٠٠٠ خوێـنده وه ٠

((له ڕووی نه زه ری یه وه هیچ هێـزێ نی یه بڵێ ژماره‌ی ئه و ناوانه‌ی له بكـه رو به ركار ٠٠٠٠٠ هتـد ده رده كه ون نابێ له وه نده ره تـبـێ ژماره ی ناوه كـان هه رچه ندێ بێ ده شـێ ناوێكی تری بخرێتـه سـه ر ٠ له ڕووی عه مه لی یشه وه ٠٠٠٠ ژیانی ڕۆژانه هه رگیز پێویستـی بـه م جۆره ڕستانه نی یه ژماره ی ناوه كـان یـه كجـار زۆر بێ)) (١) ٠ نـه ك هه ر ژماره ی ناوه كان به ڵكو ده توانیـن ژماره ی ئاوه ڵناوه كانیش به هه مان شـێوه زۆرتـر بكه ین ٠ بـه زۆری فـراوانكردنی ڕسته‌ی ساده به پتـر كردنی ژماره ی ناوه كان و ئاوه ڵناوه كان ده بێت، كه كۆمه ڵه ی بكـه رو كۆمه ڵه ی به ركار پێك دێـنن، چونكه ((ئه و یاسایانه ی بكه ریان بێ دائه ڕێژرێت هه مانن كه به‌ركاریشیـان بێ دائه ڕێـژرێ ٠ شـوێـنیان له ڕسته دا ده وره كه یان ده ست نیشان ئه كات)) (٢) ٠ گرنگترین ئه و ڕێگایانه ی ڕسته‌ی ساده یان پێ فراوان ده‌كرێت بریتـــین لـه :ـ

---

(١) وریا عمر أمیـن، ڕۆ شنبیـری نـوێ، ژ ١١١، ل ١٨٦ ٠

(٢) وریا عمر أمیـن، ڕۆ شنبیـری نـوێ، ژ ٩٧ ، ل ٣٦ ٠

١ـ فراوان كردنى كۆمه‌ڵه‌ى ناو وئاوه‌ڵناو : ـ

أ ـ به‌هۆى (و) ، (ێ) و (ه) ى خستنه‌سه‌ره‌وه : ـ

١ـ ئازاد و نه‌وزادو هه‌ڵاڵه‌و گوڵاڵه‌ولاقـا و لا رقيـــن و ٠٠٠٠٠٠

٢ـ ئاڵانى كورى ره‌حمانى گه‌ڕه‌كى زانياری‌ى شـارى هه‌وليـرى ٠٠٠

٣ـ كچـه شۆخ وشه‌نگه چاوشينـه قـژزه‌رده ٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠

ب ـ بـه هـۆى ژمـاره : ـ

ده‌تـوانيـن هـه‌ر ناويـك ژماره‌يه‌كى ساده‌يان ئاويتـه‌ى بخريتـه‌پيـش : ـ

دووپياو و سـێ چـوار ژن و سێ سـه‌د مه‌ڕێك و ٠٠٠٠٠٠٠

ج ـ به هـۆى ڕاده‌كـان : ـ

هه‌ندێ وشـه هه‌ن وه‌ك (زۆر ، كه‌م ، گه‌لێ ، نه‌ختێ ، بڕێك ، پيچـێك ، هه‌ندێ

تـۆزێ ، يه‌كجار ، هيچ ٠٠٠٠٠٠ هتـد ) ڕاده‌و بـڕى ديارخراوه‌كـــه

ده‌گه‌يـێـنـن ، ده‌توانـريـت بخريتـه پيش ناوه‌كان ، ئاوه‌ڵناوه‌كان وكاره‌كان : ـ

هه‌ندێ گه‌نجى زۆر چالاكى تۆزێ كه‌ڵه‌گه‌تى نه‌ختێ قه‌ڵه‌وى كه‌مـــن

ڕه‌شتاڵــه ٠٠٠٠٠٠

(١)

ء ـ به‌هۆى هه‌ندێ وشـه‌ى هه‌ڵبژاردن (حصـر) : ـ

هه‌ندێ وشه هه‌ن ، كه مه‌به‌ستى هه‌ڵبژاردن ده‌گه‌يـێـن وه‌ك (هه‌ر ، ته‌نيا ،

به س ، جگه له ٠٠٠٠٠ هتـد ) ده‌خريتـه ناو ڕسته بۆ هه‌ڵبژاردنى يه‌كێ يا هه‌ندێ

له ناوه‌كان يا ئاوه‌ڵناوه‌كان : ـ

جگه له ئازاد و نه‌وزادو ٠٠٠٠٠ ته‌نيا شـۆڕش يان بـراكـه‌ى ٠٠٠٠٠

---

(١) ئه‌م وشانه له كتيبه ڕيزمانييه‌كان به زۆر جۆر ناونراون : بۆنموونه : لـــه كتيبـێ ـ كۆڕى زانيارى كورد ، ١٩٧٦ ـ به ئامرازه‌كانى عه‌تف ناونراون ، ل ٤١٥ ، ٠٠٠٠ هتـد . به‌ڵام ئيمه ليره‌دا به مه‌به‌ستى هه‌ڵبژاردنى به شيك له به‌شه‌كان به‌كاريان ده‌هيـنين ، له‌به‌ر ئه‌وه وامان باشتر زانى له ژير ناوى هه‌ڵبژاردن كۆيان بكه‌ينـه‌وه ٠

٢ــ بەهۆی تێ خستنی بەرکاری ناڕاستە وخۆ : ــ

دەتوانین ڕستەی سادە بەهۆی تێ خستنی بەرکاری ناڕاستە وخۆ (تەواوکەر) فرەوان بکەین و دیسان دەتوانین بەرکارە ناڕاستە وخۆکانیش فراوانتر بکەین بەهۆی پتر کردنی ناوەکان و ئاوەڵناوەکانیان : ــ

من نامە بۆ ئازادی پۆستەچی و بارامی ڕۆژنامە نووس و ٠٠٠٠٠ دەنێرم

دووبارە دەتوانین،دوو بەرکاری ناڕاستە وخۆ ش بەکار بێنین : ــ

من نامە بە پۆستەی زەوی و ئاسمانی و بروسکە و ٠٠٠٠ بۆ ئازاد و٠٠٠دەنێرم ٠

٣ــ بەهۆی تێ خستنی ناوی شوێن وکات : ــ

بەهۆی تێ خستنی ناوی شوێنی ڕووداوەکە یان کاتەکەی یان هەردووکیان ڕستەی سادە فراوانتر دەکرێ : ــ

ئێوارانی ڕۆژی هەینی لەسەر لێواری زێی سیروان ٠٠٠٠٠٠٠٠٠

٤ــ بەهۆی تێ خستنی هەندێ وشەی تر : ــ

هەندێ ئامراز و وشەی تاك و تەرای تر هەن،کە تا ڕادەیەکی کەم تر دەبنە هۆی فراوانکردنی ڕستەی سادە، وەك : ڕاناوی خۆیی (خۆ) کە بۆ پێداگرتن (تأکید) لەسەر ئەو ڕاناوەلکاوەی کە لەگەڵی هاتووە بەکار دێت : ــ

ئەو خۆی خۆی کوشت ٠

یان ئامرازی بانگ کردن : ــ

هۆ کوری چاك وەرە ٠

هێ ژنینە مەقیژێنن ٠

ئەی خەلکینە لەخەو هەستن ٠

یان (هێ) خاوەنێتی و ناوی بریتی ٠٠٠٠ : ــ

ئەم هۆنراوەیە هی ماموستا هێمنی مەهابادیە ٠

یان ئامرازی سەرسورمان : ــ

بەککو ئەم هەرایە چییە ؟!

## ٤- ناکردنی ڕستەی سادەی فراوانکراو :-

### ١- هێز لە ڕستەی سادەی فراوانکراودا :- (١)

بۆ دەست نیشان کردنی بواری ناکردن لە ڕستەی سادەی فراوانکراودا پێویستیمان بە کورتە باسێکی (هێز) و جۆرەکانی دەبێت، چونکە شوێنی هێز لەم بوارەدا رۆڵێکی گرنگ دەبینێت .

هەرچەندە لە زمانی کوردیدا لێکۆڵینەوەیەکی ئەزموونگەری تەواو بۆ دیاریکردنی برگە هێزدارەکان نەکراوە بەڵام زۆربەی پشت بە توندی گوتن و پلەی گوتن و جۆرو چەندی دەنگەکان دەبەستن . لە زمانی کوردیدا برگەی بێ هێز هەرچی یەک بێت، برێک هێزی هەر دەکەوێتە سەر، بۆیە ناتوانرێت لە کوردیدا، بوونی هێزی لاواز ڕەچاو و دابین بکرێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی بزوێنی کورتکراوە و نەپێوانی ماوەی خایاندنی دەنگەکە . لە لایەنی دەنگسازییەوە دەتوانرێت سێ ئاستی هێز لە زمانی کوردی جیا بکرێتەوە : سەرەکی، ناوەنجی و سێیەم ئاست . هیچ وشەیەکی روون و ئاشکرای ئەوتۆشمان نییە، کە بەهۆی کاریگەری هێزی ناوەنجی وسێیەم ئاست جیا کراوە بێت، هەروەها ئێمەش پەیوەندی سەرەکیمان بە جێگای هێزی سەرەکییەوە هەیە، بۆیە هێزی ناوەنجی و سێیەم ئاست فەرامۆش دەکەین . وەکو لەمەوبەر باسمان کرد، هێزی سەرەکی لە ڕستەی سادەدا دەکەوێتە سەر نیشانەکانی ناکردن، چونکە لە مۆرفیمی هەرەبە تواناکانن بۆ وەرگرتنی هێز : .

---

(١) محمد معروف فتاح، زانکۆ، ب ٦، ژ ٢، ل ١٧٧ - ٢٠٠ .

١- گۆشتی نەکولیو مەخۆ •

٢- ئازاد لە بابەتەکەی نەگەیشت •

٣- هێژا جوان نییە •

٤- ئەم تەوەرە خوول نا خوات •

هەرئەم هێزی سەرەکی یە یە،کە زۆرجار بەهۆیەوە زۆر وشەی هاوشێوە لە یەك جیا بکەینەوە : -

| ئاوەڵناو | دۆخی بانگەواز | کار |
| --- | --- | --- |
| نەخۆش | نەخۆش | نەخۆشە |
| ناپەسەند | ناپەسەند | ناپەسەندە |
| نەزان | نەزان | نەزانە |
| ناڕەوا | ناڕەوا | ناڕەوایە |

مەبەست لە هێزی سەرسادەترین ڕستەی کوردی ، هێزی سەر ڕەگی کارەکان بوو (داڕێژراو ولێکدراو )،بەڵام دەربارەی هێزی سەر ڕستەی سادەی فراوانکراو دەتوانین دووجۆرە هێزی ڕستەیی دەست نیشان بکەین : -

١- هێزی ئاسایی : -

بەگشتی ئەم جۆرە هێزە دەکەوێتە سەر سێ جۆرە وشەوە (ناو ، ئاوەڵناو و ئاوەڵکار )• هێزی ئاسایی ڕستە دەکەوێتە سەر وشەکانی ناکرداری لە ڕستانەدا کە کاری لێکدراویان تیا بەکارهاتووە و کارە لێکدراوەکەش لە (ناو ) یان (ئاوەڵناو) لەگەڵ کارێکی بێ شێوە (Colourless verb) وەك : (کرد ، دا •••هتد ) پێك هاتووە : قووتم دا ، بەخێوم کرد •••هتد ، بەڵام کاتی ناکردنی ئەم جۆرە کارانەش هێزەکە دەگەڕێتەوە سەر نیشانەی ناکردن •

هێز لابردن لە سەر بەشە کارییەکە لەو ڕستانەشدا ڕوو دەدات، کە ڕستەی هەبوونن (Existential sentence) وەك : -

١- گوڵێکی ڕەنگینە ·

٢- کابرا لە کوێ بوو ؟

لە بەر ئەوەی نیشانەکانی ناکردن مۆرفیمی هێزدارن، کاتی ناکردنی ئەم ڕستانەش هێزە سەرەکییەکە لە سەر نیشانەکە گڵ دەدرێتەوە و ڕستەکە بە گشتی نادەکرێت.-

١- گوڵێکی ڕەنگین نییە ·

٢- کابرا لە کوێ نییە ؟

٣- دوێنێ دووجار نەهات ·

٢- هێزی جیاکەرەوە : -

ئەم جۆرە هێزە دەتوانرێت بخرێتە سەر هەر وشەیەك لە ڕستەکە و توند بگوترێت بە پێی مەبەستی قسەکەر ئەمەش بۆ دەرخستن و جیاکردنەوەی وشە هێزدارەکەیە لە ناو وشەکانی تری ڕستەکەدا لەو کاتەشدا برگە هێزدارەکە بە پلەیەکی دەنگی توندترو بەرزتر دەگوترێت، وەك : -

١- من گوڵێکم لە ناوگوڵدانە سپییەکە نەڕواند ·

٢- من گوڵێکم لە ناو گوڵدانە سپییەکە نەڕواند ·

٣- من گوڵێکم لە ناوگوڵدانە سپییەکە نەڕواند ·

٤- من گوڵێکم لە ناوگوڵدانە سپییەکە نەڕواند ·

٥- من گوڵێکم لە ناوگوڵدانە سپییەکە نەڕواند ·

٦- من گوڵێکم لە ناوگوڵدانە سپییەکە نەڕواند ·

لەم ڕستانەی سەرەوەدا دەبینین : لە ڕستەی یەکەم هێزخراوەتە سەر (من) و داکۆکی (تاکید) لە سەر کراوە، کە کارەکەی نەکردووە ،

واتا : (من ) كەسێ تر نا . لە ڕستەی دووەمدا — هێز خراوەتە سەر (گوڵ ) و داکۆکیی (تاکید )ی لەسەر کراوە واتا : (گوڵ ) هیچی ترنا . لە ڕستەی سێیەمیش بەهۆی هێزەوە داکۆکی (تاکید ) کراوەتە سەر (ناو )ـەوەو هیچ شوێنێ ترنا . هەروەها لە چوارەم (گوڵ ) لە پێنجەم (سپی ) و لە شەشەم وەکو هێزێکی ئاسایی خراوەتە سەر کارەکە ، کە لە سەر نیشانەی ناکردن گڵ دراوەتەوە و مەبەست نەکردنی گشتی ڕستەکەیە .

٢ــ بواری ناکردن لە ڕستەی سادەی فراوانکراودا : —

هەر لە سەر ئەو ئەنجامەی لە سەرەوە دا بەدەستمان هێنا دەتوانین ڕادەو بواری ناکردن لە ڕستەی سادەی فراوانکراودا دەست نیشان بکەین و مەبەستی قسەکەر ناکردنی کامە بەشی ڕستەکە بێت بەهۆی توند گوتن و ئاوازو پلەی دەنگ هێزی سەرەکی دەخاتە سەر ئەو بەشەو بواری ناکردنەکە تەنیا ئەو بەشە دەگرێتەوە،((چونکە دابەش بوونی هێز پەیوەندی بە زانیاری نوێوە هەیەو هەر کەرەسەیەکی ڕستە زانیاری نوێ بدات بە گوێ گرو خوێنەر ، ئەو کەرەسەیە دەرکەوتووتر دەوەستێ ، بەوەی هێزی سەرەکی وەردەگرێ و دەبێتە چەقێك بۆ ئاوزار گۆڕین ))(١) . بەڵام لە ڕستەی ئاساییدا هێزی سەرەکی لە سەر نیشانەکانی ناکردنی کارەکەیەو لەم بارەدا بواری ناکردن هەموو ڕستەکە بەگشتی دەگرێتەوە . بۆ ڕاستی سەلماندنی ئەو ئەنجامەو دەست نیشان کردنی بواری ناکردن : ئەم هێزەو ناکردنە لەگەڵ ڕێگاکانی فراوانکردنی ڕستەی سادە پاسادان دەکەین : —

١ــ ناکردنی کۆمەڵەی ناو و ئاوەڵناو : —

کاتێك ڕستەیەکی سادەی فراوانکراو کە بکەریان بەرکارەکەی لە کۆمەڵێك ناو و (ئاوەڵناو )پێك هاتبێت و ناوەکان و ئاوەڵناوەکان بەهۆی

(١) محمد معروف فتاح ، ڕۆشنبیری نوێ ، ژ ١٢١، ل ٤٨ .

( و . ی . ٥٥٠٥) لیکدرابن و بمانه وێت ئه‌م ڕسته‌یه نابکه‌ین و مه‌به‌ستمان ناکردنی بکه‌ره‌که یان به‌رکاره‌که بێت، ئه‌وا هێزی سه‌ره‌کی ڕسته‌که ده‌خه‌ینه سه‌ر یه‌کەم ناوی بکه‌ره‌که یان به‌رکاره‌که و، ناوه هێزداره‌که له کردنی کاره‌که ده‌ترازێت : —

١— ئازاد و نه‌وزاد و ٠٠٠٠٠ ی کوره‌کانی کوێخا ٠٠٠٠ ٠ نه‌هاتن ٠

٢— من هه‌ڵبه‌ست و چیرۆك و وتار و ٠٠٠ ی هه‌موو نووسه‌ره‌کانی کوردی ٠٠٠٠٠ ،

هه‌موو کۆمه‌ڵه‌که وه‌ك تاکه ناوێك ڕه‌فتارده‌کات و هه‌موو پێکهێته‌کانی کۆمه‌ڵه‌ی بکه‌ر یان به‌رکار به‌شدارن له نه‌کردنی کاره‌که و ناتوانین به هۆی هێزه‌وه داکۆکی (تاکید) له سه‌ر ناوێك بکه‌ین له ناو کۆمه‌ڵه‌که که ئه‌و زیاتر کاره‌که‌ی نه‌کردووه و ڕه‌نگه ئه‌گه‌ر هێزێکیش بخه‌ینه سه‌ر یه‌کێ له دیارخه‌ره‌کانی دوای ناوه‌که ئه‌وه بۆ زیاتر ناساندنی ناوه‌که‌یه یان داکۆکی له سه‌ر بوونی ئه‌و دیارخه‌ره‌یه نه‌ك داکۆکی له سه‌ر پتر ناکردنی ئه‌و ناوه : —

١— گۆرانی شاعیر ٠٠٠٠٠ له‌یاد ناکرێت ٠

٢— گۆرانی شاعیری نه‌مر ٠٠٠٠٠

٣— گۆرانی شاعیره نه‌مره به‌رزه‌کەی کورد ٠٠٠٠

٢— ناکردنی ناوی ژماره‌دار : —

کاتێك هه‌ر ناوێك له ڕسته ژماره‌یه‌کی ئاسایی (ته‌رتیبی نه‌بێت)، ساده بێت یا ئاوێته‌ی له پێشدا بێت و ڕسته‌که نابکرێت و هێزی سه‌ره‌کی بخرێته سه‌ر ئه‌و ژماره‌یه، ئه‌وا بواری ناکردن به شێوه‌یه‌کی ئاسایی داکۆکی له سه‌ر ژماره‌که ده‌کات و ڕه‌نگه به پێی مه‌به‌ست واتای که‌متر یا زیاتریش بگه‌یه‌نێت : —

١ـ سێ قوتابی دەرنەچوون .   ١ـ ئاسایی . واتا : تەنیا سێ دەرنەچوون .

٢ـ کەمتر . واتا : کەمترلە سێ دەرچوون .

٣ـ زیاتر . واتا : زۆربەیان دەرنەچوون .

٢ـ مامۆستا سێ قوتابی دەرنەچواند . ١ـ ئاسایی : تەنیا سێ ی دەرنەچواند .

٢ـ کەمتر : کەمترلە سێ ی دەرچواند .

٣ـ زیاتر : زۆربەیانی دەرنەچواند .

٣ـ ناکردنی ڕستەی ڕادەدار : ـ

کە ڕستەیەکی سادەیەکێ (یا زیاتر) لە وشەکانی ڕادەی تیادا بێت و لە کاتی ناکردن هێزی سەرەکی بخرێتە سەر ڕادەکە، ئەوا بواری ناکردن بە شێوەیەکی سنووردارتر بڕی ئەو ڕادەیە دەگرێتەوە و لە ڕادەکانی تری جیا دەکاتەوە : ـ

١ـ هەندێ لە گوڵەکان هەڵ نەوەرین .

٢ـ زۆر لە ئاوارەکان نەگەڕانەوە .

٤ـ ناکردنی وشەکانی هەڵبژاردن : ـ

کاتێك ڕستەی سادەی ناکراو یەکێ لە وشەکانی ناکردنی تیا بێت و هێزی سەرەکی ڕستە بخرێتە سەری، ئەوا بواری ناکردن تەنیا ئەو (کۆمەڵە) ناوە هەڵدەبژێرێت، کە بەدوای وشەکەدا هاتوون و داکۆکی (تائکید)ی تەواویان لەسەر دەکات و لە هاوشێوەکانیان جیایان دەکاتەوە : ـ

١ـ هەر من و ئازاد نەهاتین .

٢ـ تەنیا سێو ترێ ناخۆین .

٣ـ جگە لەنان هیچ مەخۆ .

٥- ناكردنى بەركارى ناڕاستەوخۆ :-

لە ڕستەی سادەی ناکراودا دەتوانریت، پیداگرتن (تاکید) لە سەر (کۆمەلە) ناوی بەرکاری ناڕاستەوخۆش بکرێ و مەبەستی ناکردن تەنیا لە سەر ئەو بەشەگل بدرێتەوە :-

١- من نامە بە پۆستەی میری نانێرم .

٢- من نامە بە پۆستەی میری بۆ خۆشەویستەکەم نانێرم .

٦- ناکردنی ناوی کات و شوێن :-

بە هەمان شێوە لە ڕستەی سادەی ناکراودا دەتوانین پێداگرتن لە سەر کات و شوێنی ڕوونەدانی کارەکە بکەین، واتا : لەم کاتە یان لەو شوێنە ئەم کارە ڕووی نەداوە، بەگل دانەوەی هێزی سەرەکی ڕستە لە سەر ناوی کاتەکە یان شوێنەکە :-

١- بەیانی ناچم بۆ سەیران .

٢- بەیانی ناچم بۆ هەولێر .

دەتوانین وردتر پێداگرتن لە سەر ئەو کاتە یان شوێنە بکەین بە دانانی دیارخەرێك بۆ کاتەکە یان شوێنەکە :-

١- شەو (زوو درەنگ .....) نەخەوتم .

٢- کتێبەکەم (لە سەر، لەناو، لەژێر ...) مێزەکە دانەنا .

هەربەم شێوەیە دەتوانین بەهۆی خستنەسەری هێزی سەرەکی ڕستە بۆ سەر هەر وشەیەك یان پێکهاتێکی سەرەکی ڕستە بەرو بواری ناکردنی کارەکە لە سەر ئەو بەشەگل بدەینەوە و مەبەستەکە هەر ئەو بەشە بگرێتەوە .

## ٥ – ناکردن لە ڕستەی پرسدا : –

تا ئێستا ئەو ڕستە سادانەی لێیان کۆڵیوەتەوە لە شێوەی ڕستەی هەواڵدان بوون . لێرەدا کەمێك لە ڕستەی پرس دەدوێین، چونکە کە (پرس) و (ناکردن) لە ڕستەیەکدا کۆدەبنەوە ، هێزی سەرەکی ڕستە و بواری ناکردن لەگەڵ ئاوازی پرسەکە لەیەك دەدەن و ڕاستی تر دەکەوێتە ڕوو . کاتێك ڕستەی سادەی ناکراو لە شێوەی پرسدا بێت ، هێزی سەرەکی بکەوێتە سەر هەر بەشێکی ڕستە ، جگە لە واتا ئاساییەکەی واتایەکی پێچەوانەش بە هەمان هێز دەدات ، بەڵام ئەگەر هێزی سەرەکی لە شوێنی ئاسایی خۆی بێت (لە سەر نیشانەی ناکردن ) ، ئەوا هەموو ڕستەکە بەرئەم یاسایە دەکەوێت و جگە لە واتای پرسیارێکی ئاسایی واتای پێچەوانەیی و بگرە پەیداکردنیش لە سەر ئەو واتا پێچەوانەییە دەکات ، (کە لەم پارەدا واتاکە بە ئەرێ دەگەڕێتەوە چونکە ڕستە پرسەکە ناکراوە ) : –

| | |
|---|---|
| ١ – تۆ نـاخەویت ؟ | ١ – ئایا تۆ ناخەویت ؟ |
| | ٢ – تۆ زیاتر لە ئاسایی دەخەویت . |
| تـۆ ناخەویت ؟ | ١ – ئایا تۆ ناخەویت ؟ |
| | ٢ – تۆ لە خەڵك زیاتر دەخەویت . |
| ٢ – من لە تاریکی ناترسم ؟ | ١ – ئایامن لە تاریکی ناترسم ؟ |
| | ٢ – من لە تاریکی دەترسم . |
| من لە تاریکی ناترسم ؟ | ١ – ..................... |
| | ٢ – من زۆر لە تاریکی دەترسم . |
| مـن لە تاریکی ناترسم ؟ | ١ – ..................... |
| | ٢ – من لە خەڵکی زیاتر لە تاریکی دەترسم . |
| ٣ – ئەو نان ناخوات ؟ | ١ – ئایا ئەو نان ناخوات ؟ |
| | ٢ – ئەو نان زۆر دەخوات . |
| | ٣ – ئەو زۆر نان دەخوات . |
| | ٤ – بە زۆری هەر ئەو نان دەخوات . |

# بەشی سێیەم

## بەشی سێیەم

## ڕستەی ناسادە :-

١- ڕستەی لێکدراو :-

أ- پێکهاتنی ڕستەی لێکدراو .

ب- جۆرەکانی ڕستەی لێکدراو .

ج- ناکردنی ڕستەی لێکدراو .

ء- ناکردن و ئامرازە لێکدەرەکان .

٢- ڕستەی ئاوێتە :-

أ- پێکهاتنی ڕستەی ئاوێتە .

ب- جۆرەکانی ڕستەی ئاوێتە .

ج- ناکردنی ڕستەی ئاوێتە .

## ڕستەی ناسادە :ـ

لە بەشی دووەمدا باسی ئەو ڕستانەمان کرد ، کە تەنیا یەك کاریان تیادایە (ڕستەی سادە) ، ئەگەر ڕستە پتر لە کارێکی تێدا بوو لە سنووری ڕستەی سادە دەردەچێت و دەبێتە ڕستەی ناسادە • بۆ نموونە ئەگەر سەیرێکی ئەم ڕستانەی خوارەوە بکەین :ـ

أ ـ ١ـ تۆ هەتە تیغی دەبان و من هەمە تیغی زبان •

٢ـ زستان ساردە ، بەڵام هاوین گەرمە •

٣ـ زەنگ لێدرا ، خوێندکاران چوونە ژوورەوە ئنجا مامۆستاکان ڕوویان کردە پۆلەکان •

٤ـ پالەوان مێژوو دروست ناکات ، بەڵکو مێژوو پالەوان دروست دەکات •

٥ـ یا زانا بە ، یا پرسا بە •

ب ـ ١ـ ئیتر تەفرەی دوژمن ناخۆین ، چونکە لە فێڵەکانی گەیشتووین •

٢ـ مامۆستایان ، کە ڕابەرن ، ئاڵای پێشکەوتن هەڵدەگرن •

٣ـ ئەگەر دار کرمی لە خۆی نەبێت ، تەمەنی هەزار ساڵە •

٤ـ سوار هەتا نەگلێ ، نابێ بە سوار •

٥ـ کە زانی پارە پەرستین ، بە پارە چاومانی کوێر کرد •

دوو جۆر ڕستەمان بەر چاو دەکەوێت ، کە هەر یەکەیان زۆرتر لە ڕستەیەکی سادەی تێدایە و ئەگەر بەراوردێکی هەردوو کۆمەڵەکە بکەین ، دەبینین: لە زمانی کوردیدا دوو جۆر ڕستەی تریش لە ئارادا هەیە : کە یەکەمیان لێکدراو و دووەمیان ئاوێتەیە •

## ١ـ ڕستــــەی لێــــکــــدراو : ـ

### أـ پـێکهاتنـی ڕستـەی لێـکدراو : ـ

ڕستەی لێکـدراو ئەو ڕستەیە، کە لە دوو ڕستەی سادە یا زۆرتـر پێك دێـت بــە پێـی پێویـست . هەریەك لە ڕستە سادەکان ڕستەی سەربەخۆن لە هەمـــوو بارێکەوە (سینتـاکسـی ، واتایی ....) . ئامرازە لێکدەرەکانیش ڕۆڵێکـــی ئاشکرا دەبیـنن، لە پێکەوە بەستنــەوەی ڕستە سادەکان، هەروەها چەنــــد هۆکارێکـی تریش هەن، تا ڕادەیەك بەشـداری ئەم ئەرکە دەکەن، وەك : تاقی ڕستەکان جۆر و شوێنیان و هێـزو .... هتـد . ئامرازە لێکدەرەکان بەشداری پـێکهاتنی ڕستەکان ناکەن و لە ڕووی فۆنۆلۆجییەوە تێکەڵ بە ڕستە سادەکان نابن (١). کاتی ڕوودانی کارەکان لە ڕستە سادەکاندا یان هەمان کاتە، یان کارەکان یەك لە دوای یەك ڕوودەدەن، بەڵام تاقی کارەکان مەرج نییـە یەك شـێوە بـــن .

### ب ـ جۆرەکانی ڕستەی لێکــدراو : ـ

ڕستەی لێکدراو بە پـێـی جۆری ڕستە سادەکان، شوێـنیان، کات و دژخیـان هێـزو ئامرازە لێکدەرەکان واتای جۆراوجۆر دەبەخشـن بە پـێی مەبەستـــی قسەکەر (٢) . دەشـێ ڕستە لێکدراوەکان بە پـێی مەبەست و واتـــا پۆلیـــن بکرێـن (٣) ، یان بـە پـێی ئامـرازە لێکـدەرەکان، هەروەها دەتوانرێـت بە پێـــی کاتیـش ڕستەی لێکدراو بکرێت بـە دوو جۆر : هەمان کاتـی و پێش‌ودوا : ـ

---

(١) لە ئامرازەکاندا تەنیا (و) لە ڕووی فۆنەتیکییەوە لەگەڵ ڕستەی پێش خۆی تێکەڵ دەبێت.
(٢) کوردستان موکریانی ، ١٩٨٦، ل ٧٢ .
(٣) ئیبـراهیم عەزیز ئیبـراهیم ، ١٩٨٠ ب، ل ٣٤ .

١ـ ڕستەی لێکدراوی هەمان کاتی :ـ

مەبەست لە ڕستەی لێکدراوی هەمان کاتی ئەو ڕستانەن، کە کارەکانی ڕستە سادەکانیان لە هەمان کاتدا ڕوودەدەن، یان ڕوونادەن ، کە دەکرێت بە سێ بەشەوە :ـ

أ ـ هاو ڕووداو : (لێکدراوی بێ ئامراز ) :ـ

ئەم بەشەیان ئەو ڕستە لێکدراوانە دەگرێتەوە ، کە لەکاتێکی دیارکراودا کارەکانی ڕستە سادەکانیان ئەنجام دەدرێن و ڕوو دەدەن،لە وێرگوڵ (کۆما )بەوەلاوە هیچ ئامرازێکی لێکدەریان نییە :ـ

١ـ هاوینان دەچووینە سەیران ، هەندێکمان کتێبمان دەخوێندەوە ، هەندێکمان یاریمان دەکرد ، هەندێکمان خواردنمان ئامادە دەکرد .

٢ـ ئێمە گشتمان زیرەك بووین ، من بووم بە مامۆستا ، یەك بوو بە ئەندازیار ، یەك بوو بە پزیشك ، ئەوی تر بوو بە پارێزەر .

٣ـ هەمووتان شەڕ بکەن ، هەندێك تفەنگ بهاوێن ، هەندێك هاوەن بتەقێنن ، هەندێك فیشەك پڕکەنەوە ، دەست دامەهێنن .

لەم جۆرە ڕستە لێکدراوانەدا ، ڕستەی یەکەم زەمینە یەك خۆش دەکات بۆ ڕوودانی ڕستە سادەکانی تر ، بۆیە لە ئاڵوگۆڕ کردنی شوێنەکانیان تۆزێك سەرکە .

ب ـ یەك ڕووداو : جۆری ( یان ... یان ) :ـ

ئەو ڕستە لێکدراوانە دەگرێتەوە،کە لە نێوان هەموو ڕستە سادەکانیان تەنیا کاری یەکێ لە ڕستەکان ڕوودەداو جێ بەجێ دەکرێت ، لە بەر ئەمەش ناومان نان یەك ڕووداو ، چونکە تەنیا ڕوودانی یەك کارمان دەمێنێتەوە و جێ بەجێ

ده‌كرێـت ، له‌به‌ر ئه‌مه‌ش ناومان ناوه‌ یه‌ك رووداو ، چونكه‌ ته‌نیا رووداوی یه‌ك كارمان ده‌بینین پێكه‌وه‌ و جێ به‌جێ ده‌كرێته‌ ئـــه‌م كارانه‌ش به‌ زۆری له‌ تافـــێ داخوازیـــدا ده‌بن • ئه‌م جۆره‌ ڕستانه‌ش به‌ زۆری له‌ باری ئه‌رێـدا كه‌مترن و زۆربه‌ی له‌ شێوه‌ی ( جیا كه‌ر — (١) ) ده‌بینرێـن ، كه‌ به‌هۆی ئامرازی لێكده‌ری (یا • • • • • یا ) ، (یـا ) (٢) یه‌كێ له‌كاره‌كان هه‌ڵـده‌بـژێـرێـت ، واتا ، لـه‌ ئه‌نجامدا ته‌نیا كارێـك په‌سـه‌ند ده‌كـرێـت : —

١— یا ده‌بێ بـه‌ خانێ خانان ، یا ده‌بێ به‌ پووشێ بانان •

٢— یا زانا به‌ ، یا پـرسا بـــه‌ •

٣— داده‌ نیشـێـت یا ده‌ڕۆیـت ؟

٤— ڕۆژان خه‌ریكێ تۆپانێ ده‌بـووین ، یا له‌ ڕووبار مه‌له‌مان ده‌كـرد •

ج — ڕوونـه‌ داو : لێكـدراوی دوونـه‌ رێ (نـه‌ • • • • نــه‌ ) : —

مه‌به‌ست له‌ ڕسته‌ی لێكدراوی ڕوونه‌ داو ئه‌وه‌ نییه‌ ، كه‌ ڕووداو له‌ ڕسته‌كاندا نییـــــه‌ ، به‌ڵكو مه‌به‌ست ئه‌وه‌یـه‌ ، كه‌ هیـچ له‌ ڕووداوه‌كان جێ به‌جێ ناكرێـن ، به‌هـــۆی ئامرازی لێكده‌ری (نـه‌ • • • • نـه‌ ) لێكـدراون : —

١— نـه‌ هـێـنده‌ وشـك به‌ ، بشـكێـیت ، نه‌ هێـنده‌ ته‌ڕ به‌ ، بگوشرێـیـت •

٢— نـه‌ وازی لێ دێـنێـت ، نه‌ ده‌یـگوازێـته‌وه‌ •

٣— نـه‌ ساڵـێ دووبه‌هـار ، نه‌ ژنێ جووچكه‌ دار ، نه‌ پـیاوی گوێ به‌گـوار •

ئه‌مه‌ش زۆرتـر له‌ په‌ندی پـێـشـینان و قسه‌ نه‌سته‌قه‌كان به‌ كارهاتـــوون •

---

(١) كـوردستان موكریانـی ، ١٩٨٦ ، ل ٧٥ •

(٢) ئه‌م ئامرازه‌ لێـره‌دا زۆرتـر بۆ پرسـیار به‌كار دێـت •

٢ــ ڕستەی لێکدراوی پێش‌ودوا : (یەك لە دوای یەکێ ) : ــ

ڕستەی لێکدراوی پێش‌ودوا ئەو ڕستانەن، کە کاری ڕستە سادەکانیان یەك لە دوای یەك ڕوودەدەن : ــ

١ــ چووینە سینەما، ئنجا گلۆپەکان کوژانەوە، ئەوسا فلیمەکە دەستی پێ کـرد .

٢ــ دەنگی بانگ هات و نوێژکەرەکان چوونە مزگەوت .

٣ــ چووم بۆ لای هۆزان، بەڵام هۆزان لە ماڵ نەبوو، لە پاشا چووم بۆلای هەلبەست بەڵکو بیدۆزمەوە، کە چی ئەویش لە ماڵ نەبوو .

لەم جۆرەیاندا هەموو ئامرازەکانی لێکدەر تیایدا بەکار دێن، بەتایبەتی (و)، (بەڵام) تەنیا ئەوانە نەبێت، کە لە جۆرەکانی تر بەکارهاتوون .

## ج ــ ناکردنی ڕستەی لێکدراو : ــ

١ــ ناکردن لە ڕستەی لێکدراوی هەمان کاتی : ــ

لە باری ئەڕێدا ڕستەی لێکدراوی هەمان کاتی ئەو ڕستانەن، کە کارەکانی ڕستە سادەکانیان لە یەك کاتدا ڕوودەدەن، بەڵام ئێستا کە ناکردنیش هاتە ناوەوە دەبێت بڵێین : لە یەك کاتدا ڕوودەدەن یان ڕوو نادەن، چونکە ڕەنگە ناکردنەکە ڕستەیەکێ سادە یان زۆرتر یان هەموو ڕستە لێکدراوەکە بگرێتەوە، وەك لە خوارەوەدا دەردەکەوێت : ــ

أــ ناکردنی هاوڕووداو : (ڕستەی لێکدراوی بێ ئامراز ) : ــ

لەم بارەدا کارەکانی ڕستە سادەکان لە هەمان کاتدا ڕوودەدەن یان ڕوونادەن، یان هەندێك ڕوودەدەن و هەندێك ڕوونادەن، واتا: بە پێی مەبەست و ئارەزوو ڕستەیەك یا زۆرتر نادەکرێت : ــ

١– هاوینـان نه ده چـووینه سـه یران، هه ندێکمان کتێـبمان ده خوێـنده وه، هه ندێکمان یاریمان ده کرد، هه ندێکمان خواردنمان ئاماده ده کـرد.

٢– ئـێمه گشتمان زیره ك بووین، من نـه بوم به مامۆستا، یه ك بووبـه ئه ندازیار، یه ك بوو به پزیشـك، ئه وی تـر پارێـزه ریـی به دڵنه بوو.

٣– هه مووتان شه ڕمه که ن، هه ندێك تفه نگ بهاوێن، هه ندێك هاوه ن بته قـێنـن، زۆر فیشـه ك به فیـڕۆ مـه ده ن،ده ست دا مه هێـنن.

ناکردنی کارێك یان هه موو کاره کان ئاره زوو مـه ندانه یـه، له م باره دا لـه جۆری (پێش و دوا) ده چێت، به ڵام لێره دا ڕوودان یا ڕوونه دانی کاره کان لـه هه مان کات و ساتدایه، به ڵام ناکردن و ئاڵوگۆڕی ڕسته ی یه که م گرانتـره، چونکه زه مینه یه ك خۆش ده کات بۆ ڕوودانی کاره کانی تـر.

ب– ناکردنی یه ك ڕوودا و: (ڕسته ی لێکدراوی یان ... یان): –

له باری ئه رێـدا ڕسته ی لێکدراوی یه ك ڕوودا و ئه و ڕسته یه،کـه له نێـوان هه ردوو ڕسته ساده کانیدا یـه کێ له کاره کان جێ به جێ ده کرێت، ئامرازی لێکده ری ئه م جۆره ڕستانه ش به زۆری (یا .... یا) یـه هه ندێ جاریش (یا) به کار دێت، به ڵام له باری نه رێدا ڕسته ی یه ك ڕوودا وی بـه هۆی هه ندێ ئامرازی لێکده ری تـر فروان ده بێت و ئه م ئامرازه ش ئه رکێ نوێ وه رده گرێـت، چـونکـه: –

١– له بنـچیـنه دا یه کێ له کاره کان جێ به جێ ده کرێت، ئێمه ش ئه گـه ر یه کێکیان نابکه ین، ئه وه شـێوه ی مه رجێـك وه رده گرێت و هه ردوو کاره که بـه یه که وه جێ به جێ ده بـن یـان نابـن: –

١– یان بـڕۆ قوتابخانه، یان کاسـبی مه کـه.

٢– یان مه ڕۆ قوتابخانـه، یان کاسـبی بکـه.

لێرەدا جێ بەجێ کردنێ کارە ئەرێـیەکە مەرجە، بۆ جێ بەجێ کردنێ کارە ناکراوەکە • بەڵام لە باری ئەرێـدا تەنیا کارێك هەڵدەبژێـرریـێـت، واتا: یەکێ لە کارەکان نادەکرێت و بەرپـەچ دەدرێتەوە بێ ئەوەی نیشانەی ناکردنێ لەگەڵدا بێت : —

١— یان بـڕۆ قوتابخانە، یان کاسبێ بکە •

٢— یا زانا بە، یا پرسـا بـە •

٢— ناکردنێ هەردوو کارەکە کەمتر بەکار دێت، چونکە هەمان واتای پێشتـــــر دەگەیـێـنـێـت، کە واتە پێویسـت بە ناکردنێ ناکات، بەڵام تەنیا جیاوازیان ئەوەیە، لە ئەرێـدا کەسێ دووەم هیچ لە کارەکـان ناکات و لە نەرێدا هەردوو کارەکـــە دەکات و کەسێ یەکەم فـەرمانێ کـردنێ یەك کاری پێ دەدات ( لە ڕستەی فەرماندا ): —

١— یان مەڕۆ قوتابخانە، یان کاسبێ مەکـە •

٢— یان قسە مەکە، یان درۆ مەکـــە •

بەڵام زۆرتـــر بۆ ناکردنێ دووکاری ناپەسەند بەکاردێـت : —

١— یان عارەق مـەخۆ، یان جگەرە مەکێـشـــە •

٢— یان جنێـومـەدە، یان دەست دامەهێـنـە •

بەڵام لە باری نەرێـدا هەندێ ئامرازی تریش ڕۆڵی خۆیان دەبینـن، وەك :( بەڵام بەڵکو، بەشکـو، کەچێ ) لێرە لەکاتێ بەکار هێنـانێ ئەم ئامرازانەدا بـــــە زۆری یەکێ لە ڕستەکان لەبـاری نەرێـدا دەبـێـت : —

١— من زۆرم لێ نەکردووە، بەڵام / بەڵکو / بەشکو / کەچێ / خۆی ئەم کارەی کردووە •

٢— ئەو هیچی پێ نالێت، بەڵام / بەڵکو/ بەشکو/ کەچێ / خۆی فێر دەبێـت •

٣— تۆ پارەت هەیە، بەڵام / • • • • • • کەچێ / ئەمەت پێ ناکـرێـت •

ئەگەرچی ئەم ئامرازانە بە زۆری لەگەڵ ناکردن بەکاردێن، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیێنێت، کە هەردەم لەگەڵ ڕستەی ئەرێدا نایەن :ـ

١ـ زۆر جوانە، بەڵام تۆزێك ڕەشتاڵەیە .

٢ـ تۆ دڵی نەرم بکە، بەڵکو ئاشت دەبینەوە .

٣ـ زۆرم تکا لێ کرد، کەچی ئەو هەر ڕۆیشت .

٤ـ شەو و ڕۆژ دەیخوێنند، بەشکو دەرچێت .

بەڵام لەم بارەدا لە ڕستەی ئاوێتە نزیك دەبنەوە، بەتایبەتی لەگەڵ ئامرازەکانی ( بەڵکو، کەچی، بەشکو )و بە واتای (بۆ ئەوەی )بەکاردێن .
(١)
هەر لەبەر ئەوەشە دەبینین بە پارستەی ( پێچەوانەیی) دادەنرێن، ئەگەرچی لە بنچینەدا ڕستەی لێکدراون و ئاوێتە نین، چونکە پەیوەندییەکی ئەوتۆ لە نێوان ڕستەکاندا نییە، جگە لە ئامرازە لێکدەرەکە (بەشکو، بەڵام، کەچی ئەگەرچی، هەرچەندە، لەگەڵ، ئەوەشکە .... ) وەك :ـ

١ـ من دەردەچم بەڵام ، کەچی ، ئەگەرچی ، هەرچەندە ، لەگەڵ ئەوەشکە، تۆ دەرناچیت .

٢ـ ئازاد باش ڕادەکات بەڵام، کەچی ، ئەگەرچی ، هەرچەندە ، لەگەڵ ئەوەشکە، ناگاتە نەوزاد .

لەم ڕستانەی سەرەوەدا دەبینین، کاتێك بکەری ڕستە سادەکان جیا بن، دەتوانین هەموو ئامرازەکان تا ڕادەیەك بە هەمان واتا بەکار بێنین، بەڵام کاتێك بەرکارەکان جیا بن، واتای ڕستەکانی کە بەهۆی ئامرازی (بەڵام، کەچی) لێك دەدرێن جیا دەبێت لەگەڵ ئەوانی تر .

١ـ ئەم خانووە دەکڕم بەڵام ، کەچی پارەم نییە . (واتا: نابێت ).

٢ـ ئەم خانووە دەکڕم ئەگەرچی ، هەرچەندە ، لەگەڵ ئەوەشکە پارەم نییە . (واتا : دەبێت ).

---

(١) کوردستان موکریانی، ١٩٨٦، ل ٨٦ .

ئه گه ر به راوردی ئه م دوو ڕسته یه ی سه ره وه بکه ین، ده بینین کاریگه ری نێوان دوو ڕسته ساده که ی یه که م زۆرتره له نێوان دوو ڕسته ساده که ی دووه م و ئه گه ر ڕسته ساده کان له یه ك دابڕین، چه ند ڕسته یه کی ساده و سه ربه خۆی ته وامان ده سگیر ده بێت . که واته ده شێ بوترێ، ئه م ڕستانه لێکدراون ، به ڵام کاتێك دوو ڕسته ساده کان هه موو پێکهاته کانیان جیا بن و له واتاوه پێچه وانه بن ، ده بینین ئه گه ر ڕسته کان دوا به دوای یه ك بن (متسلسل)، ده توانین (به ڵام ، که چی) به کار بێنین ، به ڵام ئه گه ر ئالوگۆڕ بن، ئه وانی تر به کار دێن : —

١ — ئاسمان هه وراوی بوو ، به ڵام / که چی باران نه باری .

٢ — باران باری ، به ڵام / که چی گیا سه وز نابێت .

٣ — زه نگه که لێی دا ، به ڵام / که چی خوێند کاران نه چوونه ژووره وه .

٤ — باران نه باری ، هه رچه نده / ئه گه رچی ئاسمان هه وراوی بوو .

٥ — گیا سه وز نابێت ، هه رچه نده / ئه گه رچی باران باری .

٦ — خوێند کاران نه چوونه ژووره وه، هه رچه نده / ئه گه رچی زه نگه که لێی دا .

له ڕسته کانی سه ره وه دا بۆمان ده رده که وێت ئه م ڕسته ناسادانه ڕسته ی لێکدراوی پێچه وانه یین و ئاوێته نین ، به تایبه تی چونکه په یوه ندییان له گه ڵ هیچ به شێکی ڕسته ی یه که م نییه، به ڵام ئه گه ر په یوه ندی نێوان ڕسته یه ك و به شێکی ڕسته که ی تر په یدا ببێت به ره و ڕسته ی ئاوێته ده چن : —

١ — کچه که زۆر جوانه، ئه گه رچی تۆزێك ڕه شتاڵه یه .

٢ — ئه سپێکی باشم کری ، هه رچه نده لاوازه .

٣ — به که شتییه شڕه که هاتم، هه رچه نده سه وڵی شکابوو .

ج ـ ناكردنی ڕوونەداو : ڕستەی لێکدراوی دوونەرێیی (نە ٠٠٠٠ نە ):ـ

ڕستەی لێکدراوی ڕوونەداو تەنیا لە باری نەرێدا هەیە ، چونکە هەردوو ڕستە سادەکانی ئەم جۆرە ڕستەیە بە هۆی ئامرازی لێکدەری (نە ٠٠٠٠ نە ) لێکدراون ، واتا: هەردوو ڕستە سادەکان ناکراون و هیچ لە ڕووداوەکان جێ بەجێ ناکرێـن بۆیەش ناومان ناون ڕوونەداو : ـ

١ـ نە فێری خراپەی دەکرد ، نە ئامۆژگاری دەکرد .

٢ـ نە بازاڕی چۆڵ ، نە شایی بێ دەهۆڵ .

٣ـ نە بەرگ بۆ کوێر ، نە خواردن بۆ تێر .

٤ـ نە کۆنەکانی بەباخ کە ، نە لە دوای جوان ئاخ کە ، نە هەتیوچە چراخ کە .

٢ـ ناکردنی ڕستەی لێکدراوی پێش و دوا : ـ

ئەگەر ڕستەی لێکدراوی پێش و دوا ئەو ڕستانە بن، کە کاری ڕستە سادەکانیان هەندێك پێش هەندێکی تر ڕوودەدەن ، کەواتە لە کاتی ناکردندا یەك لە دوای یەکی کارەکان هەر بەردەوامە ، بەڵام هەندێکیان هەر ڕوونادەن، بە هۆی ئەوەی کە ناکراون . ئەو ئامرازە لێکدەرانەی لەم جۆرەشدا بەکار دێن، ئەوانەن کە لە جۆرەکانی تر بەکار نەهاتوون ، کە ئەمەش هۆیەکە بۆ جیاکردنەوەی لە جۆرەکانی تر . وەك : (و ، ئنجا ، ئەوسا ، لەپاشا ، لە دواییدا ، نەك نەوەکو ، نەبادا ٠٠٠٠٠ ) . بەڵام ئەم ئامرازانە زۆرتر حەز بە ناکردنی کاری ڕستەی دووەم دەکەن : ـ

١ـ من هاتم / و/ ئنجا/ ئەوسا / لەپاشا/ لە دواییدا ئەو نەڕۆیشت .

٢ـ زەنگەکە لێی دا / و/ ئنجا / ئەوسا / لە پاشا/ لە دواییدا خوێندکاران نە چوونە ژوورەوە .

شایانی تێبینییە لەم بارەدا جگە لە(و) ئەوانی ترکەم بەکار دێـن .

ئامرازەکانی (نەك، نەوەکو ، نەبادا ) کە لەباری ناکراودان ، دەکەونە بەر ڕستەی لێکدراوی پێش و دوا ، چونکە ئەم ئامرازانە دوودڵییەك لە ڕوودان و ڕوونەدانی یەکێ لە کارەکان پەیدا دەکەن . لەم بارەشدا ژمارەی ڕووداوەکان (ڕوودان و ڕوونەدان ) زۆرتر دەبێت : -

١- نان بخۆ / نەك/ نەوەکو/ نەبادا/ هیچ نەمێنێت .

٢- واز لە وەرزش مەهێنە / نەك/ نەوەکو/ نەبادا/ ئیفلیج ببیت .

٣- تۆ مەچوو/ نەك/ نەوەکو/ نەبادا/ ئەو نەهاتبێت .

لە ڕستەی سێیەمدا، ئەگەرچی هەردووکارەکان ناکراون ، بەڵام بەرجۆری ڕوونەداو ناکەوێت ، چونکە ئیحتیمالی هاتنی ئەو لە ڕستەی دووەمدا هەر هەیە . لێرەدا مەرجیش نییە ئەم ئامرازە هەردەم لەگەڵ ناکردن بەکاربێت . بەلام لەباری ئەرێدا کەمتر بەکاردێت : -

١- تۆ بڕۆ / نەك / نەوەکو/ نەبادا / ئەو هاتبێت .

٢- نان بخۆ / نەك/ نەوەکو/ نەبادا / برسیت ببێت .

بەڵام لە هەموو بارێکدا دووئەنجام لەکاری ڕستەی دووەم چاوەڕێ دەکرێت . کە یەکیان ئەرێ و یەکیان نەرێیە . واتا ڕەنگە ڕوویدات یان ڕوونەدات . بەڵام کارەکە لە چ دۆخێکدایە (ئەرێ یان نەرێ )چاوەڕێی ڕوودانی ئەم دۆخەکەمترە .

ع- ناکردن و ئامرازە لێکدەرەکان : -

ئامرازە لێکدەرەکان ڕۆڵی هەرە گرنگ دەبینن، لە ناکردنی ڕستەی لێکدراودا ، ئەگەرچی ژمارە و جۆری ئامرازە لێکدەرەکان لای هەموو زمانەوانەکان یەك نییە ، بۆنموونە یەکێ باسی ( بەڵێ )[1] دەکات وەك ئامرازێکی لێکدەر ، یەکێکی تر باسی ئەمە ناکات و باسی هەندێکی تر دەکات ، کە یەکەم باسی نەکردووە ، وەك : -

(١) کوردستان موکریانی ، ١٩٨٦ ، ل ٧٣ .

(١)

( ش ، ئه وسا ، وه کو ، نه وه کو ، ئه گینا ، وه ٠٠٠٠٠ ) ٠ بەڵام کاری ئێمــــه لێکۆڵینــه وه ی ئه مانه نییه ، به ڵکو ده ست نیشان کردنی بواری ناکردنه لــــه ڕستــه ی لێکـدراودا ٠

لــــه زمانی کــوردی دا ده توانرێت،به پـێی مه به ست به شێك له ڕسته‌ی لێکدراو یا هه موو ڕستــه ساده کان نابکرێن ، بەڵام به زۆری ڕاده‌ی ناکردنه که جـــۆری ئامرازه لێکده ره که مان بۆ ده ست نیشان ده کات ، بۆ نموونه هه ندێ ئامرازی لێکده رمان هه یه ، ڕێگه ی ئه وه ده ده ن به پـێی مه به ست ڕسته یه کی ســاده یا زۆرتــر یا هه موو ڕسته لێکدراوه که نا بکه ین ، وه ك ئامرازه کانی ( و ، کۆما ٠ ئنجا ، ئه وســــــا ٠٠٠٠٠ ): —

١ــ من ده خوێـنمه وه و / ئنجا / ئه وســا / ، / ٠٠٠ تــۆ بنووســه ٠

٢ــ من ده خوێنمه وه و / ئنجا / ئه وســا / ، / ٠٠٠ تــۆ مه نووســه ٠

٣ــ من نا خوێـنمه‌وه و / ئنجا / ئه وســا / ، / ٠٠٠ تۆ بـنووســه ٠

٤ــ من نــا خوێـنمه وه و / ئنجا / ئه وســا / ، / ٠٠٠ تۆ مه نووســــه ٠

ئه گه ر به راووردێکی ئه م ڕستانه ی سه ره وه بکه ین ده بیـنین ، واتای جۆراو جۆر ده بــه خشـــن ، بـــۆ نمـوونــــه : —

١ــ من ده خوێنمه وه ، تۆ بنووســه ٠ (واتا : له هه مان کاتدا،که من ده خوێنمه‌وه، تۆ ش بنووســــه )٠

٢ــ من ده خوێـنمه وه و / ئنجا/ ئه وسا/ له پاشا تۆ بنووسه ٠

(له کاتی ئاساییدا واتا : کاتێك من خوێـندمه وه، دوای من تۆ بینووسه وه ٠ بەڵام له کاتی هه ڕه شه دا ، واتا : من ده خوێـمه وه، بەڵام تۆ نابێـت بینووسیت٠ که واتا له کاتی ئاساییدا ڕسته‌ی دووه م ناکراوه، ته نیا له کاتی خوێـدنه وه دا ، بەڵام له کاتی هه ڕه شه دا کاری دووه م به یه کجاری قــه ده غــه یـــه ٠ )٠

---

(١) ئیبــراهیم عــه زیز ئیبــراهیم ، ١٩٨٠ ب ، ل ٣٤ ٠

لەم بارەدا لەگەڵ ئامرازی لێکدەر (کۆما) بەزۆری واتاکە ئاسایی دەبێت ، بەڵام لەگەڵ ئامرازی (ئنجا / ئەوسا / و/ لەپاشا ) کاتێك یەکێ یـــان هەردوو کارەکانی ڕستە سادەکان نادەکرێن ، زۆرتـر بـە مەبەستـــی هەڕەشـە بەکار دێت و واتا (دەبێـت کاری ڕستەی دووەم بە پـێچـەوانە ئەنجام بدرێـت ، ئەگەر ئەری بێت بە نەری ئەنجام بدرێت ، ئەگـەر نەری بێت بە ئەری ئەنجام بدرێـت ) : ــ

١ــ من دەخوێنمـەوە و / ئنجا / ئەوسا / تۆ مەنووسە .

(واتا : دەبێـت بنووسـیت ).

٢ــ من ناخوێنمەوە و / ئنجا/ ئەوسا/ تۆ بنووســە . (واتا : نابێت بنووسیت ).

بەڵام ئەگەر ئەم جۆرە ئامرازانە لەباری فەرماندان و هەڕەشەدا نەبـــــن ، کەمتر حەز بە ناکردن دەکەن ، بەتایبـەتی ناکردنی ڕستەی یەکەم بەتەنیـــا ، بۆ نموونە ناکردنی تەنیا کارێك یان هەردوو کارەکە لەم ڕستانەی خوارەوەدا گران و واتاکەیان سـرکە و هەست بەوە دەکەین ، کە لەم بارەدا جۆرە ئامرازێکـی تـر پێویستە ، بۆیە تا ڕادەیەکی زۆر ئامرازەکان تایبەتمـەنـدن . هــەر لەبەر ئەوەش تا ڕادەیەك مانەوەی خۆیان پاراستـووە : ــ

١ــ نانم ( نــە ) خـوارد ، ئنجا (نــە) چوومە دانشگـا .

٢ــ پشوویەکی (نــە ) دا ، ئەوسا کارەکەی تەواو (نــە )کـرد .

٣ــ خۆیان ئامادە (نــا / دە )کەن ، لەپاشا (نا / دە ) چنە دەرەوە .

٤ــ دڵی (نــە ) شکاندم ، لەدواییـدا داوای لـێ بـووردنی (نە )کـرد .

٥ ــ قسە (مــە / بــ )چێـژە ، ئەوجا (مــە / بــ ) ببێـژە .

ئەگەر لە جیاتی ئامرازەکانی (ئنجا ، ئەوسا ، لەپاشا ، لەدواییدا ، ئەوجا ) ئامرازەکانی (بەڵام ، کەچی ، بەڵکو/ بەشکو ) لەکاتی ناکردن دابنرێت . ڕەنگـە

گونجاو تر بێـت، چـونکه له کاتی بەکار هێنانی ئەم جۆرە ئامرازانە بەزۆری دەبێت مەبەستەکـان پـێـچەوانە بن . هەروەك لەخوارەوەدا باسیـان دەکەین :—

بـــــەڵام :—

ئامرازێکی لێکدەری باوە لە زمانی کوردیـدا ، ڕۆڵـێکی گرنگ لەمەبەستـــی پـێـچـەوانە دەگەیـێـنێت ، مەبەستە پـێـچـەوانەکەش یان بەناکردنی کـــاری یەکێ لە ڕستـەکان دەبـێت :—

١— نان بخـۆ ، بەڵام نان دەر مەکـوژە .

گۆرانـی بڵێ ، بەڵام دەنگـت بەرز مەکەوە .

یان بەهۆی بەکارهێـانی دووکاری دژواتا :—

١— بـڕۆ ، بەڵام زوو بگەڕێـوە .

٢— تـووڕە بـوو ، بەڵام خێرا ئاشت بـووەوە .

یان بە بەکارهێنانی دوو ئاوەڵناو کە دژواتا نـین ، بەڵکو تا ڕادەیەك واتاکانیان پێچەوانەن و هەر یەکە بەر لایەك دەکەون لە جەمسەرەکانی چاك وخـراپ :—

١— تۆلە بە سـە بـرە ، بەڵام بە زە بـرە .

٢— کچەکە ڕەشـە ، بەڵام شـیرنـە .

کەواتە ئەو دوو ڕستە سـادەیەی بە ئامرازی (بەڵام )لێك دەدرێـن . بەزۆری مەبەستەکانیان پێچـەوانەن .

دەبێت تـێـبینی ئەوەش بکەین،کاتێـك ئامرازی لێکدەری (ش) بـە تەنیا یان لەگەڵ هەندێ ئامرازی تری وەك : (بەڵام ، کۆما ) بەکاردێـنیـن . بەزۆری دەبێت کـاری هەردوو ڕستە لێکدراوەکە لـە باری ئەرێ یان نەرێدا بـن :—

١— تـۆ ناچـیت ، منیش ناچـم .

٢— ئەو ناخوات، منیـش نـایدەمێ .

٣— منالەکان سـرەوتنیان نەبوو ، بەڵام دایکشیان پـێێ نـەدەووتـن .

٤— خوێـند کارەکە زیرەك نەبوو ، بەڵام مامۆستاکەش هیـچی نەدەزانـی .

(١)
بـــــه لـــكــــو : ــ

به زۆری ئامــرازی لێکــدەری (بــه ڵکو) بــۆ لێکدانی دوو ڕستەی ســادەی بێچەوانــه بەکاردێت ، بــه زۆری پێـچـەوانەییـەکەش لـە ناکـــردنی یـەکێ لــه ڕستــه ســـادەکان پــێك دێت . دەتــوانــرێت لـــــه جیاتــی ئامرازی (بەڵکــو) چــەند ئامرازێکی هــاوواتای (بەشکــو ، کەچی .... ) بـەکـار بـهـێنـرێـت : ــ

١ــ پاڵەوان مێژوو دروست ناکات / بەڵکو/ بەشکو/ کەچی/ مێژوو پاڵەوان دروست دەکات .
٢ــ من ئەو گوڵەم نەڕواندووە / بەڵکو/ بەشکو/ کەچی/ خۆی ڕواوە .

دوونـــــەری (نـــه ..... نـــه) : ــ

لە زمانی کوردیدا ئامرازی دوونەری (نــه .... نــه) هەیە ، کــه هەردوو ڕستە لێکدراوەکە نــا دەکات : ــ

١ــ نــه بـۆ کوێــر هەلپـەڕە . نــه بۆ کەڕ گۆرانــی بـڵــێ .
٢ــ نــه ئەرز قـــووتــی دام نــه ئاسمان هەڵی کێشـــــام .

بەڵام لەم جۆرە ڕستانەدا بــواری ناکردن تەنیا ئەو دوو ڕستە ســادانــــه دەگــــرێتــەوە : ــ

١ــ نــه ئازاد هـــات و نــه نــه وزاد .

واتا : (ئەوانی تــر هــەموو هـــاتن ، تەنیا (ئازاد و نــه وزاد) نەهاتـــوون .

---

(١) دەشێ ئامرازی (بەڵکو) وەك ئامرازی لێکدەری ڕستەی ئاوێتەش بەکاربێت بە واتای (بۆ ئەوەی) ، وەك لە ڕستەی ئاوێتەی (نیاز) : ــ
باش بخـــــوێنـــه ، بەڵکو ســـەرکەویت .

## ٢ – ڕستـــــــــــەی ئـــاوێتـــــــــــە : –

### أ – پێکهاتنی ڕستەی ئاوێتە : –

ڕستەی ئاوێتەش جۆرێکی ترە لە ڕستەی ناسادە ، کە ڕستەی ئاڵۆزو ڕستەی تێکەڵ (١) و ڕستەی لێکدراوی شوێنکەوتووخوازیشی پێ دەوترێت (٢) ، بەڵام لەبەر ئەوەی زۆربەی خوێندکارانمان بە هۆی پرۆگرامی قوتابخانەکان (٣) زمانیان بە ڕستەی ئاوێتە ڕاهاتووە ، ئێمەش هەمان زاراوە بەکاردێنین.
ڕستەی ئاوێتەش لە دوو ڕستەی سادە یان زۆرتر پێك دێت ، بەڵام لە ناو ڕستە سادەکاندا یەکێکیان سەرەکییە (شاڕستە) و ئەوانی تر لاوەکین (پاڕستە)، ژمارەی پاڕستەکانیش بە پێی مەبەست و ئارەزووی قسەکەر دەگۆڕێت . شاڕستە و پاڕستەش وەکو ڕستە سادەکانی لێکدراو بە هۆی چەند ئامرازێکی لێکدەرەوە بە یەکەوە دەبەسترێنەوە ، کە گرنگترینیان ئەمانەن: (کە ، ئەگەر / گەر ، هەتا / تا / تاکو/ هەتاکو ، بۆیە ، لەبەر ئەوەی ، چونکە و بۆ ئەوەی ....هتد ) .
لە ڕستەی ئاوێتەشدا پاڕستە یان بەشێکی شاڕستە فراوان دەکات و دەبێتە دیارخەرێك، لایەنێکی ئەو نادیارییە دەردەخات ، کە لە بەشەکەدا هەیە ، یان پاڕستەکە خۆی جێگەی یەکێ لە بەشەکانی شاڕستە دەگرێتەوە . هەر بەم پێیەش بەگشتی پاڕستەکان دەکەین بە سێ جۆر : ناوی ، ئاوەڵناوی و ئاوەڵکاری ، تاکو زەمینەیەکیش بۆ باسی ناکردنی ڕستەی ئاوێتە خۆشبکەین . بەکورتی باسی جۆرەکانی دەکەین .

---

(١) کوردستان موکریانی ، ١٩٨٦، ل ٧٦.
(٢) ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم ، ١٩٨٠ ب ، ل ٣٣ .
(٣) پرۆگرامی قوتابخانەکان : پۆلی چوارەم ، ١٩٨٣ ، ل ١٢ .
پۆلی پێنجەم ، ١٩٨٢ ، ل ٧ ، پۆلی شەشەم ، ١٩٨٢ ، ل ٣٣ .

ب ـ جۆرەکانی ڕستەی ئاوێتە : ـ

یەکەم ـ پاڕستەی ناوی : ـ

پاڕستەی ناوی ئەو پاڕستانەن ، کە جێگەی ناوێك لە شاڕستەدا دەگرنەوە، ئەو ناوانەش کە دەشێ ئەم جۆرە پاڕستەیە جێگەیان بگرێتەوە ، یان (بکەر)ن یان (بەرکار)ن ، کەواتە پاڕستەی ناوی دوو جۆرە : ـ

١ـ پاڕستەی جێگری بکەر : ـ

١ـ ئاشکرایە ، (کە) ئیمپریالیزم دژی ئازادی گەلانە .

٢ـ دیارە ، (کە) هەرێم ئەمساڵ دەردەچێت .

پاڕستەی جێگری بەرکار : ـ

١ـ وتم ، (کە) توخنی بێگانە مەکەون .

٢ـ ناتوانم ، (کە) ئەم کارە بکەم .

٣ـ دڵنیام ، (کە) دەردەچێت .

٤ـ باوەڕبکە ، (کە) نایەت .

دووەم ـ پاڕستەی دیارخەری : ـ

پاڕستەی دیارخەری سەرو دەرووی (وسف)(١) ناوێك دەکات لە شاڕستەدا و لایەنێکی ئەو نادیارییە دەردەخات یان ڕوون دەکاتەوە، کە لە ناوەکەدا هەیە و ئەو ناوەمان بۆ دەناسێنێت ، کە کێیە یان چییە ، یان کامەیە ،.... هتد . بە پێی ئەرکی ناو لە ڕستەدا دەتوانرێت پاڕستەی دیارخەری بکرێت بەم بە شانەی خوارەوە : ـ

---

(١) فاضل نظام الدین ، ١٩٧٧ ، ل ٤٥٣ . محمد ی خاڵ ، ١٩٦٤، ل ٢٩٤.

١- پارستەی دیارخەری بکەر : -

١- مێگر، کە هاوینە هەوا ڕێکی خۆشە ، شەقامی نییە .

٢- ئەو خوێندکارەی کە باشی دەخوێند ، بەیەکەم دەرچوو .

٢- پارستەی دیارخەری بەرکار : -

١- من سوجا دیم بینی بوو ، کە نووسەرێکی بەرزی کوردە .

٢- مارکۆنی، ڕادیۆی دروست کرد ، کە ئامێرێکی گرنگە بۆ شارستانییەت .

٣- پارستەی دیارخەری ناوی بەیارێدە : -

١- هێمن بە ئۆتۆمبێلەکەی ، کە تازەی کڕیوە ، هات .

٢- نامەیەکم بەهەستیاردا ، کە کوری بچووکی خۆمە ، بۆ ناردی .

٤- پارستەی دیارخەری دیارخەر : -

١- دەنگی گریانی دایکێك دەهات ، کە تاقانەکەی جوانەمەرگ بوو بوو .

٢- بە دەم ئازاری برینێکەوە دەنالێنم ، کە ساڕێژ بوونەوەی نییە .

٥- پارستەی دیارخەری کات : -

١- ئەو چوار ساڵە کە لە زانکۆ بووم ، خۆشترین ڕۆژانی ژیانم بوو .

٢- لەو ڕۆژەوە ، کە تۆم بینی ، پەپوولەی شادیم فڕی .

٣- بە هیوای سەردەمێك دەژیم ، کە گورگ و مەڕ بەیەکەوە ئاو بخۆنەوە

٦- پارستەی دیارخەری شوێن (١) : -

١- لە سەر ئەو شەقامە دانیشت ، کە پڕ بوو لە هات و چۆکەران .

٢- من لە زانکۆی سەلاحەددین دەخوێنم، کە کەوتۆتە شاری هەولێر .

---

(١) لە ڕاستیدا دەتوانرێت، پارستەی دیارخەری کات و پارستەی دیارخەری شوێن لاببرێن و بەسەر جۆرەکانی تری پارستەی دیارخەری دابەش بکرێن ، واتا : ناوی کاتەکە یان شوێنەکە بە پێی ڕۆڵی لە ڕستەدا هەڵس وکەوتی لەگەڵ بکرێت، بەڵام لە بەر ئەرکی دەرخستنی ئاوەڵکاری کات و ئاوەڵکاری شوێن بە جیاوازمان دانان .

سێیەم ـ پارستەی ئاوەڵکاری : ـ

پارستەی ئاوەڵکاری سەرودەرووی کاری شارستە دەکات و یەکێ لە لایەنە نادیارەکانی ڕوودانی کارەکە دەردەخات و ڕوونی دەکاتەوە ، وەك : کات ، هۆ ، ئەنجام ، ئامانج ، پێنوانە و مەرج .... کەواتە بەپێی جۆرەکەی دەتوانین پارستەی ئاوەڵکاری بکەین بەم بەشانەی خوارەوە : ـ

١ـ پارستەی کات (١) : ـ

١ـ کە من هاتم ، ئەو لەوێ بوو .

٢ـ تۆ خەوتبووی ، کە من گەڕامەوە .

٣ـ کە کار لەکار ترازا ، برا دەبێتە برازا .

٢ـ پارستەی هۆ : ـ

١ـ چونکە یەك ناگرین ، سەرناکەوین .

٢ـ لەبەر ئەوەی ، کە نەخۆشە ، نەهات بۆ قوتابخانە .

٣ـ کچەکە شووی پێ نەکرد ، لەبەر ئەوەی هەژار بوو .

٣ـ پارستەی ئەنجام (٢) : ـ

١ـ یەك ناگرین ، بۆیە سەرناکەوین .

٢ـ نەخۆشە ، لەبەر ئەوە نەهات بۆ قوتابخانە .

٣ـ هەژار بوو ، لەبەر ئەوە کچەکە شووی پێ نەکرد .

---

(١) جیاوازی پارستەی ئاوەڵکاری کات لەگەڵ پارستەی دیارخەری کات ئەوەیە کە لە شارستەی ئاوەڵکاری کات ناوی کاتێك هەیە ، بەڵام لە شارستەی دیارخەری کاتدا ناوی کات نییە .

(٢) ئەگەر شارستە و پارستە ئاڵوگۆڕ بکەین ، لەگەڵ گۆڕینی ئامرازە لێکدەرەکان پارستەی هۆ و ئەنجام ئاڵوگۆڕ دەبن .

٤ـ پارستەی ئـــا مـانـــج : ـ

١ـ هـەسـتيار دەخوێـنێـت، تـا ببـێت بـە ئەندازیـــار ٠

٢ـ هێـژا وەرزش دەکات ، بـۆ ئەوەی بـەهێـز بێت ٠

٣ـ دەستم مانـدو دەکەم، تـاکو سـکم تێـر بێـت ٠

٥ ـ پارستـەی پێـوانـــــە : ـ

١ـ سـیروان ئەوەندەی خوێـند ، تـا بەیەکەم دەرچـوو ٠

٢ـ ئـەو شتـانە هێـندە قورس بوون ، کە نەمتـوانی هەڵیان بگرم ٠

٣ـ کورد ستـان بە رادەیەك جوانە ، کەبـاسی ناکـــرێ ٠

٦ـ پارستـــەی مـــەرج : ـ

١ـ ئەگەر پشـتـت مـــەفیـن بێـت ، تـف بکە لـە ئاسـن ٠

٢ـ ئەگەر ئـێمـە رۆشـنبیـرو زانا بیـن ، کاری نارەوا ناکەیـن ٠

٣ـ ئەگەر گوڵ نیـت بۆ ئاسـوودەی ژیانـــم

درکیـــش مەبە بـۆ ئازاری گیــــانـم ٠

ج ـ ناکـردنـــی ڕستـەی ئـــاوێتـــــە : ـ

ئەگەرچـی ڕەنگە ناکردن لە هەندێ جۆرەکانی ڕستـەی ئاوێتـەدا ڕۆڵێکـی گرنگتـر بـبـینێـت لە هەندێکی تـر ، بەڵام بە زۆری بـە پێـــی مەبەسـتو ئارەزووی قسەکەر دەگۆڕێـت ٠ لەبەر ئەوە یەکە یەکە باســی ناکردنی جۆرەکانی ڕستەی ئاوێتە دەکەیـن : ـ

یەکەم ـ ناکردنی پاڕستەی ناوی : ـ

١ـ پاڕستەی جێگری بکەر : ـ

لە کاتی ناکردنی ئەم پاڕستەیەدا بواری ناکردن ناچێتە سەر شاڕستەو تەنیا واتای کاری پاڕستە پێچەوانە دەبێتەوە ، چونکە شاڕستەکە گەواهی لەسەر ڕوودای پاڕستە دەدات ، لە باری ئەرێ و نەرێدا : ـ

١ـ ئاشکرایە ، (کە) خورما لە کوردستان ناڕوێت .

٢ـ دیارە ، (کە) هەرێم ئەمساڵ دەرناچێت .

کەچی ئەگەر شاڕستەکە نابکەین ، دەبینین جگە لە واتا ئاساییەکەی دوولایەنییەك و گومانێك لە ڕوودان و ڕوونەدانی کاری پاڕستە دێتەکایەوە : ـ

١ـ ئاشکرا نییە ، (کە)خورما لە کوردستان ناڕوێت .

أـ واتای ئاسایی : (ڕوانی خورما لە کوردستان شاراوەیە و ئاشکرا نییە).

ب ـ واتای دوولایەنی : (ئاشکرا نییە ، کە ئایاخورما لە کوردستان دەڕوێت یان نا ؟ ) واتا : ڕەنگە بڕوێت و ڕەنگە نەڕوێت . چونکە شتەکە ئاشکرانییە.

هەر لەبەر ئەم دوولایەنییەشە ، کە زۆرجار کاری پاڕستە بە ناکراوی دووبارە دەکرێتەوە : ـ

١ـ ئاشکرا نییە ، (کە) خورما لە کوردستان دەڕوێت / ناڕوێت .

٢ـ دیار نییە ، (کە) هەرێم ئەمساڵ دەردەچێت / دەرناچێت .

دیار نییە ، (کە) هەرێم پار دەرچوو / دەرنەچوو ،

ئەگەر کاری شاڕستە و پاڕستەش لە هەمان کاتدا نابکرێن، هەمان دوولایەنی لە واتا پێك دێت ، بەڵام ناکردنی شاڕستە وپاڕستە کەمتر بەکاردێت : ـ

١ـ ئاشکرا نییە ، (کە) خورما لە کوردستان ناڕوێت .

٢ـ دیار نییە ، (کە)هەرێم ئەمساڵ دەرناچێت .

که واته ئه گه ر کاری شاڕسته نابکرێت، بواری ناکردن پاڕسته‌شده گرێته وه ٠ به‌ڵام کاتێك پاڕسته نابکرێت ، بواره‌که ته‌نیا خۆی ده گرێته وه ٠

له کاتی پرسیار کردندا ،جگه له واتای ئاسایی پرسیار، واتای به‌رپه‌چدانه‌وه ش (رووداني پێچه‌وانه‌ی کاره‌که ) ده گه‌یه‌نێت ٠ هێزی سه‌ره‌کی ڕسته و ئاوازی پرسیاره‌که له‌سه‌ر چ به‌شێك بێت ، به‌رپه‌چدانه‌وه‌که و کاریگه‌ری ناکردنه‌که ئه‌و به‌شه ده گرێته وه : ـ

١ـ دیارنییه که هه‌رێم ئه‌مساڵ ده‌رده‌چێت ؟ ١ـ ئایا ده‌رچوونی هه‌رێم دیارنییه ؟

٢ـ دیاره ،که هه‌رێم ئه‌مساڵ ده‌رده‌چێت

٢ـ دیاره ، که هه‌رێم ئه‌مساڵ ده‌رناچێت؟ ١ـ ئایا ده‌رنه‌چوونی هه‌رێم دیاره ؟

٢ـ دیاره ، که هه‌رێم ئه‌مساڵ ده‌رده‌چێت٠

هه‌ر به‌م پێیه‌ش هه‌ندێ جار به مه‌به‌ستی ناکردن و به‌رپه‌چدانه‌وه‌ی مه‌به‌ستێك ڕسته‌که هه‌ر له‌باری ئه‌رێ هێزو ئاوازی پرسیاری ده‌خه‌ینه سه‌ر : ـ

١ـ دیاره ئێمه ترسنۆکین ؟ ١ـ دیاره ئێمه ترسنۆکین ؟

٢ـ ئێمه ترسنۆك نین ٠

٢ـ قابیله من درۆبکه‌م ؟ ١ـ قابیله من درۆبکه‌م ؟

٢ـ من درۆناکه‌م ٠

٢ـ پاڕسته‌ی جێگری به‌رکار : ـ

له‌م جۆره ڕسته ئاوێتانه‌دا پاڕسته جێگه‌ی به‌رکار ده‌گرێته‌وه ، له‌به‌رئه‌وه ئه‌گه‌ر پاڕسته‌که نابکرێت، بواری ناکردنه‌که ته‌نیا پاڕسته ده‌گرێته‌وه و ناچێته سه‌ر شاڕسته : ـ

١ـ وتم ، (که ) توخنی بێگانه مه‌که‌ون ٠

بەلاّم کاتێك کاری شاڕستە نابکرێت، بواری ناکردن پاڕستەکەش دەگرێتەوە، چونکە بواری ناکردنی کاری تێپەڕبکەر و بەرکاریش دەگرێتەوە . لەم جۆرە ڕستانەشدا پاڕستە جێگری بەرکارە . کەواتە بواری ناکردنی کاری شاڕستە دەبێ پاڕستەش بگرێتەوە : —

١— نەموت ، (کە توخنی بێگانە بکەون .

٢— نەتتوانی ، (کە) ئەم کارە بکەیت .

لەبەر ئەوە لەکاتی نەرێ کردنی هەردوو کارەکان ئەرێ دەردەچێت ( نەرێ X نەرێ = ئەرێ ) : —

١— نەموت ، (کە) توخنی بێگانە مەکەون . (واتا: توخنی بێگانە بکەون)

٢— نەتوانی ، (کە) ئەم کارە نەکەیت . (واتا : ئەم کارەت کرد )

بەلاّم لەکاتی پرسیاردا ئەگەر هێزو ئاوازی پرسیار لەسەر کاری شاڕستە بێت ، جگە لەواتای پرسیار واتای ناکردن و پێداگرتنیش (تاکید) دەگەیێنێت : —

١— نەموت↑ (١) . (کە) ئەم کارە مەکە ؟ ١— ئایا نەموت ؟ ........

٢— وتم .

٣— من پێم وتی ، کە ئەم کارە نەکەیت...

بەلاّم ئەگەر کارە ناکراوەکە لەتانی ڕانەبردوو بێت . واتای پێداگرتنی نابێت : —

١— ناتوانم ، (کە) ئەم کارە بکەم ؟ ١— ئایا ناتوانم ئەم کارە بکەم ؟

٢— ئەتوانم ئەم کارە بکەم .

---

(١) ا = هێز . ↑ = ئاوازی پرسیار .

دووەم- نـاکردنــی پارستـەی دیارخـەری : ـ

پارستەی دیارخەری سەرودەرووی ناوێکی ناو شارستە دەکات، لەبەرئەوە لـە کاتی ناکردنی ئەم جۆرە پارستەیە بە پێـی هێـزی سەرەکی رستە، بواری ناکردن جگە لە پارستەکە ئەو ناوەش دەگرێتـەوە ، کە پارستەکە زانیاری دەربارەی داوە :ـ

١ـ پارستەی دیارخـەری بکـەر : ـ

لەبەر ئەوەی پارستەی دیارخەری بکەر سەرودەرووی بکەری شارستە دەکـات ، ئەگەر لە رووی واتای گشـتییەوە شارستە و پارستە هاوشـێوە و رێك بن (ئەری بن یان نەری)، رستەکە ئاسایی دەردەچێـت : ـ

١ـ مـێگر ، کە هاوینە هەوارێکی خۆشە ، شەقامی هـەیە .

مـێگر ، کە هاوینە هەوارێکی ناخۆشـە ، شەقامی نییـــە .

٢ـ ئەو خوێـندکارەی ، کە باشی دەخوێند ، بەیەکەم دەرچوو .

ئەوخوێـند کارەی ، کە باشی ناخوێنـد ، بەیەکەم دەرنەچوو .

بەڵام ئەگەر واتا گشتییەکانـیـان لەگەڵ یەك نەگونجێ ، (ئەمەش بـە زۆری لـە بارێکدا دەبێت کە کارێك ئەری بێـت و کارێك نەری بێـت ) رستە ئاوێتەکــــە واتایەکی پێـچـەوانەیی دەگەیەنێـت :ـ

١ـ مـێگر ، کە هاوینە هەوارێکی خۆشە ، شەقامی نییـە .

مـێگر ، کە هاوینە هەوارێکی خۆش نییە ، شەقامی هـەیە .

٢ـ ئەو خوێنـد کارەی ، کە باشی دەخوێـند ، بە یەکەم دەرنەچوو .

ئەو خوێنـد کارەی ، کەباشی ناخوێنـد ، بـەیەکەم دەرچـوو .

بواری ناکردن لە شارستەدا ناچێتە سەر پارستە ، چونکە پارستە بە شـێك لـــە شارستە (کـە بکـەرەکەیـە ) فـراوان دەکـات ، بەڵام بـواری ناکردن لــــە

پاڕسته‌وه ده‌چێته سه‌ر به‌شه بکه‌ری شاڕسته ئه‌ویش به‌ پێی هێزی سه‌ره‌کی ڕسته‌که ، ئه‌گه‌ر له‌سه‌ر بکه‌ری شاڕسته بێت یان هه‌ر به‌شێک له پاڕسته ، ئه‌و به‌شه ده‌گرێته‌وه . واتا : بکه‌ری شاڕسته ده‌توانێت ، بواری ناکردن له شاڕسته و پاڕسته بگرێته‌وه : —

١ — پاشای گه‌وره ، که میری سۆران بوو ، فریوی نه‌خوارد .

پاشای گه‌وره ، که میری سۆران نه‌بوو ، فریوی خوارد .

به‌ڵام له‌باری پرسیار کرندا جگه له واتای پرسیار هێزی سه‌ره‌کی له‌سه‌ر کام به‌ش بێت، ئه‌و به‌شه جگه له واتای پرسیار واتای پێچه‌وانه‌ییش ده‌گه‌یه‌نێت.(١)

٢ — پاڕسته‌ی دیارخه‌ری به‌رکار : —

بواری ناکردنی پاڕسته‌ی دیارخه‌ری به‌رکار جگه له هه‌موو به‌شه‌کانی پاڕسته به‌رکاری شاڕسته‌ش ده‌گرێته‌وه ، ئه‌گه‌ر هێزی سه‌ره‌کی پاڕسته‌ی بخرێته سه‌ر: —

١ — دارێک بڕوێنه ، که کرمی نه‌بێت .

٢ — کارێکت پێ ده‌که‌م ، که با به‌ده‌واری شه‌ری نه‌کردبێت .

کاتی ناکردنی کاری شاڕسته‌ش ئه‌گه‌ر هێزی سه‌ره‌کی بخرێته سه‌ر به‌رکار دیسان بواری ناکردن ده‌یگرێته‌وه : —

١ — دارێک مه‌ڕوێنه ، که کرمی بێت .

ئه‌گه‌ر کاری پاڕسته ناکراو بێت ، به‌رکاره‌که له‌گه‌ڵ

---

(١) له‌کاتی پرسیار کرندا ئه‌م یاسایه به‌سه‌ر هه‌موو ڕسته‌یه‌کدا ده‌چه‌سپێت، له‌به‌ر ئه‌وه دووباره کردنه‌وه‌ی به پێویست نازانین .

هه ر دیارخه ریکی تر جگه له دیارخه ری پارسته که ی خۆی ده گونجێت : —

شیــرین
مێــخۆش
١ــ سێــوێکم خوارد ، (که ) ——/تــاڵ نــه بــوو .
تــفــت
تــرش

واتا : (سێوه که هه ر تامێکی بووبێت،یان هه ر که م و کورییــه ك :ــ کاڕك ، ناکام ڕزیــو ، کرمن ، ... هتد ــ خــواردم ، به ڵام ته نیا ئه گه ر (تاڵ )نه بــوو ) . به ڵام ئه گه ر کاری شــاڕسته ناکراو بێت ، به پێــچه وانه دیارخه ره که (پاڕستـــه ) له گه ڵ هــه موو به رکارێکی تــر ده گونجێــت ، ته نیا به رکاره که ی خۆی نه بێت : —

هه نار
هه رمێ
١ ــ ســێــوێکم/نه خــوارد ووه (که ) —— شیریــن بێــت .
هه نجیــر
خــۆخ

واتا : ( هه موو جۆره میوه یه ك و به رو بوومێکی (شیرین )م خــوارد ووه ته نیا سێــو نه بێـــت ).
به ڵام ئه گه ر کاری هه ر دوولا ( شاڕسته و پاڕسته ) ناکراو بــن، ئه نجامه که لــه واتا (ئه رێ ) ده رده چێــت : —

١ــ سێوێکم نه خــوارد ووه ، (کــه ) شــیرین نــه بوو بێــت .

واتا (هه ر سێوێکم خــوارد بێــت ، شیرین بووه ).
به ڵام زۆرجار (به تایبه تی له تانی ڕانه برد وو یان ڕابرد ووی به رده وام ) سه رو ده رووی

پارسته دیارخه ره که ده بێـتـه مه رجێك بۆ به رکاری شـاپرسته و پارسته کـه جگـه لـه ئه رکی دیارخه ری ، ئه رکی مه رجیش به جێ ده هێـنێـت : ـ

١ـ سـێوێك مه خۆ ، (که ) تاڵ بێت ٠ ١ـ دیارخەری : (سێوی تاڵ مه خۆ)

٢ـ مەرجی : (سێوێك مه خۆ ئەگەرتاڵ بێت)

٢ـ سێوێکم نه ده خوارد، (که ) تاڵ بووایه ٠ ١ـ دیارخەری : (سێـوی تاڵم نه ده خوارد )

٢ـ مەرجی : (سێوێکم نه ده خوارد ئەگەرتاڵ بووایه)

هه ندێ جاریش (به تایبه تی له ئافی ڕابردوو ) که هێزی سه ره کی له سه ر کاری پارسته هه ڵگیرێن و بیخـه ینـه سه ر ئامرازی لێکده ری (که )،پارسته که له دیارخه ری به رکار ده گۆڕێت بۆ پارستەی کاتی : ـ

١ـ ئه و کچـه م خۆش نه ده ویست ، کـه دراوسێمان نـه بوو ٠

١ـ پارستەی دیار خه ری به رکار : ـ ئه وکچەی دراوسێمان نه بووخۆشم نه ده ویست٠

٢ـ پارستەی کـــاتـــــــی : ـ ئه وکچه م خۆش نه ده ویست کاتێك دراوسێمان نه بوو٠

هه روه ها له کاتی ناکردنی شاپرسته دا، ئه گه ر یه کێ له ئاوه ڵناوه چه ندییه کان ( Quantifier ) : (یه ك ، هه ندێ ، که من ، نه ختـێ ٠ گه لێك و زۆر٠٠٠ ... هتـد )له گه ڵ به رکاری شاپرسته هات ، ئه وا جگه له واتای ئاسایی واتای که متر یان زۆرتریش ده گه یه نێـت : ـ

١ـ تـۆ تابلۆیه کت نه کریوه ، که له کوردستان بچێت ٠ ١ـ ئاسایی : ته نیا یه کت نه کریوه٠

٢ـ که متر: هیچت نه کریـوه ٠

٣ـ زۆر تر : زۆر تر له یه کت کریوه٠

ئه گه ر وشه ی (هه ر) یش له پێش ئه م ئاوه ڵناوانه بێت ، پێـداگرتن (تاکید )له سه ر واتای ئه م بـۆ چوونانه ده کـات ٠

٣- پارستەی دیارخەری ناوی بەیارىدە :-

لەکاتی ناکردنی ئەم جۆرە پارستەیەش بواری ناکردن جگە لە پارستەکە، ناوە بە یاریدەکەش دەگرێتەوە ئەگەر هێزی سەرەکی پارستەی بخرێتە سەر :-

١- هێمن بە ئوتومبێلەکەی هات، کە نەیکڕیوە.

پارستەکە (کە نەیکڕیوە) سەرودەرووی (ئوتومبێلەکە) دەکات و جیای دەکاتەوە لەو ئوتومبێلانەی کە کڕیویەتی، بە دیاری وەری گرتووە، بەپاداش پێیان داوە. دۆزیویەتیەوە، دزیویەتی یان دروستی کردووە... واتا: ڕەنگە ئوتومبێلەکەی بە هەر ڕێگەیەك لەمانە پەیدای کردووە، تەنیا (کڕین) نەبێت. بەڵام کاتێك شاپارستەکە نادەکرێت :-

١- هێمن بە ئوتومبێلەکەی نەهات، کە تازەی کڕیوە.

لێرەدا ڕەنگە بە ئوتومبێلی تر یان بەپێ هاتبێت، تەنیا ئەو ئوتومبێلە نەبێت (کە تازەی کڕیوە).

بەڵام لە بەر ئەوەی پارستەکە لەباری ئەرێ و نەرێدا هەر سەرودەرووی ناوە بە یاریدەکە دەکات، بۆیە لەکاتی ناکردنی کاری پارستە و شاپارستەدا، شاپارستەکە واتای ئەرێ دەگەیەنێت، تەنیا لەگەڵ پارستەکەی خۆی نەبێت :-

١- هێمن بە ئوتومبێلەکەی نەهات، کە نەیکڕیوە.

واتا: (هێمن هاتووە) بە پێ بێت یان بە هەر ئوتومبێلێکی تر.

٤- پارستەی دیارخەری دیارخەر :-

لەکاتی ناکردنی ئەم جۆرە پارستەیەش بە پێی هێزی سەرەکی ڕستە بواری ناکردن هەموو پارستەکە و ئەو دیارخەرەش دەگرێتەوە، کە پارستەکە سەرودەرووی دەکات :-

١ـ بە دەم ئازاری برینێکەوە دەناڵێنم ، کە سارێژ بوونەوەی نییە.

لێرەدا بواری ناکردن بە پێی هێزی سەرەکی پارستە ( برینێک ) یش دەگرێتەوە ، کە جیای کردۆتەوە لە هەموو دەردو ناخۆشییەکی تر و لە برینێکی تریش،کە سارێژ بوونەوەی هەبێت.

بواری ناکردنی کاری شاپرستەش هەموو بەشەکانی شاپرستە دەگرێتەوە. بەڵام پارستە ناگرێتەوە : —

١ـ بە دەم ئازاری برینێکەوە ناناڵێنم ، کە سارێژ بوونەوەی هەیە/نییە.

لێرەدا لە بەر ئەوەی ناوەکە یەکێك لە ئاوەڵناوە چەندییەکانی ( ێك ) لەگەڵدا هاتووە،لە کاتی ناکردنی کاری شاپرستەدا ، زۆرتر لە واتایەك دەگەیەنێت : —

١ـ بە دەم ئازاری برینێکەوە ناناڵێنم ، کە ... ١ـ یەك برین.
٢ـ زۆرتر لە برینێك.
٣ـ هیچ برینێك نا ،
ڕەنگە دەردێکی تر.

٢ـ دەنگی گریانی دایکێك نەدەهات ، کە تاقانەکەی جوانەمەرگ (نە) بوو بوو.
١ـ یەك دایك.
٢ـ زۆرتر لە دایکێك.
٣ـ هیچ دایکێك.

٥ـ پارستەی دیارخەری کات : —

لە کاتی ناکردنی پارستەی دیارخەری کات بواری ناکردن جگە لە پارستەکە ئەو ناوی کاتەش دەگرێتەوە ، کە لە شاپرستەدایە و پارستەکە سەرودەرووی دەکات، بە مەرجێ هێزی سەرەکی پارستەی بخرێتە سەر ، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەگەر شاپرستە نابکرێت ، بواری ناکردن تەنیا شاپرستە دەگرێتەوە وناچێتە سەر پارستە : —

١- به هیوای سه رده میێك ده ژیم ، كه پیاو خراپ جێگه ی تیا نه بێته وه •

٢- به هیوای سه رده میێك نا ژیم ، كه ئازادی تیا زه وت كرێ •

٣- له و ڕۆژه وه ، كه تۆم نه دیوه ، په پوولەی شادیم فڕیوه •

٤- له و ڕۆژه وه ، كه تۆم دیوه ، ئارام له لام نه ماوه •

هه ندێ جار پارستەی دیارخه ری كاتێ له دۆخێ ئه رێ و ناكراودا هه مان واتای ئه رێ ده به خشێت ، بەڵام ڕه نگه ناكردنه كه پتر پێداگرتن (تاكید) له سه ر كاره كه بكات : -

١- به یانێ ، كه ڕۆژ هه ڵهات ، دێم بۆلات •

٢- به یانێ ، كه ڕۆژ هه ڵنه هات ، دێم بۆلات •

٣- دوێنێ ، كه باران باری ، هه موو له شم ته ڕ بوو •

٤- دوێنێ ، كه باران نه باری ، هه موو له شم ته ڕ بوو •

٦- پارستەی دیارخه ری شوێن : -

پارستەی شوێنیش وه كو پارسته یه كێ دیارخه ری ڕه فتار ده كات ، كه سه رو ده رووی شوێنێ ڕوودانێ كاری شارسته ده كات ، له به ر ئه وه بواری ناكردنه كه ی هه موو پارسته كه و ناوی ئه و شوێنه ش ده گرێته وه كه له شارسته دا ده رخراوه : -

١- له سه ر ئه و شه قامه دانیشت ، كه پڕ نه بوو له هاتوچۆكه ران •

كه هێزی سه ره كێ له سه ر (شه قامه) كه دا ده نێین، بواری ناكردن ده یگرێته وه و جیای ده كاته وه له شه قامێك (كه پڕبوو له هاتوچۆكه ران)• بەڵام كاتێك كاری شارسته ناده كه ین ، بواری ناكردنه كه ته نیا شارسته كه ده گرێته وه و ناچێته سه ر پارسته • كاتێك هێزی سه ره كێ بخرێته سه ر (شه قامه كه) دووباره بواری ناكردن ده یگرێته له شه قامێك (كه پڕبوو له هاتوچۆكه ران) بۆ هه ر شه قامێكی تر : -

١ـ لە سەر ئەو شەقامە دانەنیشت ، کە پڕبوو لە هاتوچۆ کەران .

لێرەدا ڕەنگە هەر دانەنیشتبێ، یان لە شەقامێکی تر یان شوێنێکی تر دانیشتووە .

لەم بارەدا دەتوانرێت پارستەکە بە پارستەیەکی (هۆیی) ش لێك بدرێتەوە ، یان ڕەنگە هەندێ جار پارستەکە، شوێنییە، کە وەکو پارستەیەکی مەرجیش لێك بدرێتەوە :ـ

که دیارخەری

١ـ ئەو لە شوێنێ دانانیشێ ، (کە) ئاو بچێتە ژێری .

ئەو لە شوێنێ دادەنیشێ ،(کە) ئاو نەچێتە ژێری .

٢ـ من ناچمە شارێك ، کە خەڵکەکەی بمناسێت .

من دەچمە شارێك، کە خەڵکەکەی نەمناسێت .

لەم دوو ڕستەیەدا وا دەردەکەوێت، کە ئاڵوگۆڕکردنی (ناکردن) لە شارستەو پارستەدا تا ڕادەیەك واتا ناگۆڕێت .

لەکاتی ناکردنی کاری شارستەو پارستەشدا ئەنجامەکە بە ئەرێ دەردەچێت . ( نەرێ × نەرێ = ئەرێ ) :ـ

١ـ من کێڵگەیەك داناچێنم ، کە بەرهەمی بۆمن نەبێ .

( واتا : من کێڵگەیەك دادەچێنم، کە بەرهەمی بۆ من بێ ).

٢ـ ئەو ناچێتە قوتابخانەیەك ، کە بەکوردی نەخوێنن .

(واتا : دەچێتە قوتابخانەیەك ، کە بەکوردی بخوێنن ).

سێیەم ـ ناکردنی پارستەی ئاوەڵکاری :ـ

١ـ پارستەی کات :ـ

ئەگەرچی پارستەی کات دوو شێوەی هەیە ، بەڵام لە بنچینەدا جیاوازییان

نییە • شێوە یەکیان ناوی کات لە شارستەدا نە هاتووە : ـ

١ ـ کە من هاتم ، ئەو لەوێ بوو •

شارستەی ( ئەو لەوێ بوو ) هیچ ئاوەڵکارێکی کاتی لەناودا نییە ، بەڵام لە تاقی کارەکە دەزانین ، کە کاتەکە ڕابردووە • لەبەر ئەوە گرنگ نییە ، هەر کاتێك بێت لە ڕابردوو ، بەتایبەتی چونکە پارستە پتر کاتەکە ڕوون دەکاتەوە • کەواتە شێوەی دووەم ئاوەڵکارێکی کات لە شارستەکەیدا هاتووە و پارستەکە ڕوونتری دەکاتەوە : ـ

٢ ـ دوێنێ ، کە من هاتم ، ئەو لەوێ بوو •

لێرەدا ئاوەڵکاری (دوێنێ ) کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر واتا و ئەنجامی کارەکان نییە ، لەبەر ئەوە بوون و نەبوونی زۆر بایەخی نییە •

کە پارستەی کاتی نابکرێت ، دەتوانرێت بەپێی هێزو ئاوازەکە بە زۆرتر لە واتایەك دەرببڕێت : ـ

١ ـ کاتێك کاری پارستەی کاتی نابکرێت و ئاوازی پرسیاری نەخرێتە سەر دەتوانرێت بە دوو واتا دەربیڕێت : ـ

أ ـ دەربڕینی کات : ـ

١ ـ کە تۆ نەهاتی ، ئێمە ڕۆیشتین • ( کاتێك تۆ نەهاتی ، ئێمە ڕۆیشتین)

ب ـ دەربڕینی هۆ : ـ

٢ ـ کە تۆ نەهاتی ، ئێمە ڕۆیشتین • (چونکە تۆ نەهاتی • ئێمە ڕۆیشتین )•

٢ ـ بەڵام ئەگەر ئاوازی پرسیاری بخرێتە سەر ، دەتوانرێت بەم دوو واتایە دەربیڕێت : ـ

(١)
أ- واتای پێداگرتن ( پێچەوانە ) : -

١- کە تۆ نەهاتی ، ئێمە ڕۆیشتین ؟ ( کە تۆ هاتی ، ئێمە ڕۆیشتین ).

ب- واتای پرسیار ( ئاسایی ) : -

٢- کە تۆ نەهاتی ، ئێمە ڕۆیشتین ؟ .(ئایا کە تۆ نەهاتی ؟ ئەوکاتە ئێمە ڕۆیشتین)

کەواتە بە پێی هێزو ئاواز زۆرجار دەتوانرێت ، پارستەی کاتی ناکراو بە زۆرتر لە واتایەك دەرببڕێت : -

١- کە بۆمباکە دەنگی نەهات ، خەڵکە ڕایکرد .

١- کاتێك بۆمباکە دەنگی نەهات ، خەڵکە ڕایکرد .

٢- بۆمباکە دەنگی نەهات ، بۆیە خەڵکە ڕایکرد .

٣- کە بۆمباکە دەنگی هات ، خەڵکە ڕایکرد .

هەندێ جار بەمەبەستی پتر دەرخستن و وردی کاتەکە،کارەکە بە ئەرێ و نەرێ دووبارە دەکرێتەوە : -

١- کە بۆمباکە دەنگی هات و نەهات ، خەڵکە ڕایکرد .

دەتوانرێت وشەی (هەر )بخرێتە پێش ئامرازە لێکدەرەکەوپتر پێ داگرتنی لە سەر کاتەکە پێی بکرێ : -

١- هەر کە بۆمباکە دەنگی هات و نەهات ، خەڵکە ڕایکرد .

ئەرکی پارستەی کاتی دەرخستنی کاتەکەیە ، لەبەرئەوە زۆرجار بواری ناکردنی

---

(١) هەموو کارێکی ناکراو ، کە ئاوازی پرسیاری بخرێتە سەر ، دەتوانێت جگە لە واتای پرسیار واتای (ئەرێ )ش بگەیەنێت ، کە زۆرتر بۆ پێداگرتن (تاکید) بەکاردێت . ڕۆڵی ئەم ئەرکەش لە پارستەی کاتی زۆرتر دەبێت . لەبەرئەوە لێرەدا کەمتر کاری ناکراو بۆ پرسیار بەکاردێت .

کاری شاپرستە کاری تــن نــاکات و نایگــرێتــەوە : —

١ـ کە مـن گەڕامەوە ، تۆ نەنووستبووی .

٢ـ کە مەلا بانگ دەدات،من لەخەو هەڵناستم .

٢ـ پاپرستــەی هــۆیــی : —

بواری ناکردنی کاری پاپرستەی هۆیی کار ناکاتە سەر شاپرستــە ، چونکە پاپرستە (ئەرێ بێت یان نەرێ ) هۆی ڕوودانی کاری شاپرستە دەردەخات : —

١ـ هیوا کتێبەکەی فرۆشت ، چونکە سـوودی نەبوو .

٢ـ هێـژا زۆر تەمبەڵە ، چونکە ناخوێنێـت .

هەروەها ناکردنی کاری شاپرستە کار ناکاتــە سەر پاپرستــە و بــواری ناکردنیان ئاڵو گۆڕ نابـێـت : —

١ـ مـن هێـڤیم نەبینـی ، چونکە لە زانکۆ بــوو .

٢ـ جگەرە مەکـێشــە ، لەبەرئەوەی زیانی زۆرە .

ئەمە لە ڕووی ڕێزمانییــەوە ، بەڵام لە ڕووی واتاوە بە زۆری ئەگەر پاپرستەکە هۆیەکی خراپ بدات بە دەستەوە ، ئەنجامەکە شتی کە شاپرستەیە ، خراپ دەبێــــت . لەبەرئەمەش زۆرتر لە ڕووی ئەرێ و نەرێ دا هاوشـێوەن : —

١ـ سەرناکەوین ، چونکە یــەك ناگریــن .

٢ـ خانووەکەم نەکڕی ، لەبەرئەوەی خۆشنەبوو/ ناخۆشبوو.

٣ـ مرۆڤێکی سووکە ، چونکە کاری خـراپ دەکات .

کەواتە لە پاپرستەی هۆییــدا، ئەگەر کاری شــاپرستە و پاپرستە لە هەمان کاتــدا ناکراوبـن شتێکی ئاسـاییە و کار لە ڕەوتی واتا نــاکات : —

١ـ کچەکــە شــووی پێ نەکرد ، چونکە دەوڵــەمــەند نــەبـــــوو .

٣- پارستەی ئەنجام :-

پارستەی ئەنجام پێچەوانەی پارستەی هۆییە ، چونکە هۆیەکە لە شارستەدایە و ئەنجامەکە لە پارستەدا ، بۆیە لە ناکردن و ڕەفتاردا جیاوازییان نییە .
کاتێك کاری پارستە نابکەین، بواری ناکردن ناچێتە سەر شارستە :-

١- نەخۆشە ، بۆیە نەهات بۆ قوتابخانە .
٢- هەژار بوو، لەبەر ئەوە کچەکە شووی پێ نەکرد .

هەروەها بواری ناکردنی شارستەش، کار لە پارستە ناکات :-

١- یەك ناگرین ، بۆیە دواکەوتووین .
٢- نەیدەخوێند ، لەبەر ئەوە تەمبەڵ بوو .

هەروەها دەتوانرێت،بەپێی مەبەست شارستە و پارستە لە هەمان کاتدا نابکرێن :-

١- یەك ناگرین ، بۆیە سەرناکەوین .
٢- کتێبەکە سوودی نەبوو ، لەبەر ئەوە نەمکڕی .

بە زۆری هۆی خراپ، ئەنجامی خراپی دەبێت و بەپێچەوانە ...... :-

١- خۆخۆرین ، بۆیە دواکەوتووین .

٤- پارستەی ئامانج :-

ئەم پارستەیە ( ئەرێ بێت یا نەرێ ) بەپێی مەبەست ، ئامانج و نیازی کاری شارستە دەردەخات . بواری ناکردنیشی کارناکاتە سەرشارستە :-

١- هەستیار دەخوێنێت ، تا ببێتە ئەندازیار / نەبێتە سەرباز .
٢- پۆلا وەرزش دەکات بۆئەوەی بەهێز بێت/ بێ هێز نەبێت .

هه روه ها بـواری ناکردنی شـاڕسته بەزۆری کار ناکاته سه ر پاڕسـتـه : -

١- نه رمیـن زۆر ناخوات ، تاکو لا واز بێـت ٠

٢- باوکی هیـچ کاری پـسـێ ناکات ، بۆ ئه وه ی بخوێـنـێـت ٠

بەلام هه ندێ جار ئه گه ر یه کێ له وشه کانی (خۆزگه ، بریا ، ده بوا ٠٠٠هتد) له پێش شاڕسته هه بێت ، واتای شاڕسـتـه و پاڕسته له ڕووی ئه رێ و نه رێـوه پێچـه وانه ده گه یـه نێـت : -

١- خۆزگه بهاتایه ، بۆ ئه وه ی پاره‌ی بده منی ٠ (نه هاتووه و پاره‌ی نادەمێ)٠

پێچـه وانـه ی ئه مه ش ڕاستـه : -

٢- بـریا نه هاتایه، تاکو ئه م نهێنییه نه زانێ ٠ (هاتووه و ئه م نهێنییه ده زانێ)٠

٣- ده بوا ئامۆژگاری بکه ی، تا ئه م کاره نه کات ٠ (ئامۆژگاریت نه کرد و ئه م کاره‌ی کرد)٠

ڕه نگه هه ندێ جار ئه م وشانه‌ی له گه ڵدا نه بێت ، بەلام کاره که هه ر له جۆری ڕابردووی داخوازی بێـت و هه مان واتا بگه یه نێـت : -

١- لـه گه ڵ خۆت نه هێنـا بووایـه ، تاکو بخوێـنـێـت ٠ (هێناوته و ناخوێنێت)٠

٢- به خێوت بکردمایه ، بۆ ئه وه‌ی ئاواره نه بـوومایه ٠ (به خێوت نه کردم و ئاواره بووم)٠

ده شێ له ڕووی ڕێزمانییه وه شاڕسته یان پاڕسته یان هه ردووکیان ناکراو بـــن و بـواره که یان کار له یه کتر ناکات ، بەلام له ڕووی واتاوه زۆرتـر وا ده گونجـێ، که هه ردوو کاره که ئه رێ یان نه رێ بـن : -

١- جگه ره ناکێشـم ، بۆ ئه وه‌ی نه خۆش نـه بـم ٠

٢- باوکی پاره‌ی نادات ، تاکو ده ست بـەـسـلا و نـه بێـت ٠

هه ندێ جاریش قسه که ر له شاڕسته دا نادەکات له و شـتانه‌ی که به ڕای ئه و زیان به خشن ٠٠٠، له به ر ئه وه به پێویستی نازانێـت ، پاڕسته که (ئامانجه که) ده ربـبـڕێـــت : -

١- تۆ بەخێو ناکەم بۆ خەوو خواردن

یا وەك هەندێ کەس بۆ سەرشۆڕکردن •

(واتا : بەخێوت دەکەم بۆ شتێکی تر) •

٢- پارەت نادەمێ ، بۆ جگەرەکڕین •

واتا : هەرچی دەیکڕی بیکڕە ، تەنیا جگەرە نەبێت) •

٥- پارستەی پێوانە : -

لە شارستەی پێوانەدا یەکێ لە دیارخەرە ڕادەییەکان لە شارستەدا هەیەو پارستەکەش سەرودەرووی ئەو دیارخەرە دەکات و زۆرتر ئاشکرای دەکات و بڕو ڕادەکەی ڕوونتر دەکاتەوە ، بۆیە ناکردنی کاری پارستەکە کار لە بڕ و ڕادەی ئەو دیارخەرە دەکات و بەرەو زۆرتری دەبات : -

١- ئەو شتانە هێندە قورس بوون ، (کە) پێم هەڵنەدەگیرا •

٢- کچەکە بەڕادەیەك جوانە ، (کە) باسی ناکرێ •

ناکردنی کاری شارستە دووبارە کار لە بڕو ڕادەی دیارخەرەکە دەکات ،بەڵام ئەمجارە بەرەو کەمتری دەبات : -

١- ئەوەندە خۆم ماندوو ناکەم ، (کە) نەخۆش بکەوم •

٢- مووچەکەم ئەوەندە نییە، (کە) بەشم بکات •

لەبەرئەوە دەبینین ، ئەگەر کاری شارستە و پارستە نابکرێن بڕو ڕادەی دیارخەرەکە پلەیەکی مام ناوەندی وەردەگرێت : -

١- ئەو شتانە هێندە قورس نەبوون، (تاکو) پێم هەڵنەگیرێن •

٢- مووچەکەم ئەوەندە نییە ، (کە) بەشم نەکات •

٣- کچەکە بەو ڕادە جوان نییە ، (کە) باسی نەکرێ •

بەڵام هەندێ جار لە ئەنجامی بوونی ئاوەڵناوێکی ناکراو (نەخۆش، بێزار،.. هتد) لە پارستەدا و هاوبەشی لەگەڵ کارێکی ناکراو، سەرەنجامی پارستەکە دوو نەرێ بەرامبەر یەك نەرێی شارستە، لە ئەنجامدا ئەگەر کارە ناکراوەکان هاوسەنگ بن (نەرێ × نەرێ = ئەرێ) ئەوا لە پارستەدا نەرێیەك دەمێنێتەوە و بڕو رادەکە بەرەو زۆرتر دەبات :-

١- ئەوەندە خۆی ماندوو ناکات، (کە) نەخۆش نەکەوێت.

٢- هێندە قسە ناکات، (کە) خەڵك بێزار نەبێت.

کەواتە بواری ناکردنی کاری پارستەکار لە هەموو شارستەکە ناکات، بەڵکو تەنیا دیارخەرە رادەییەکە دەگرێتەوە، کە سەرودەرووی کراوە. بەڵام ناکردنی کاری شارستەکار لە هەموو پارستەکە دەکات و واتاکەی پێچەوانە دەکاتەوە :-

١- مووچەکەم ئەوەندە نییە، (کە) بەشم بکات. (بەشم ناکات).
مووچەکەم ئەوەندە نییە، (کە) بەشم نەکات. (بەشم دەکات).
٢- ئەوەندە خۆی ماندوو ناکات، (کە) نەخۆش‌کەوێت. (نەخۆش‌ناکەوێت).
ئەوەندە خۆی ماندوو ناکات، (کە) نەخۆش‌نەکەوێت. (نەخۆش‌دەکەوێت).

٦- پارستەی مەرجی :-

بواری ناکردنی پارستەی مەرجی کار لە شارستە ناکات :-

١- ئەگەر ئێمە رۆشنبیر بین، کاری ناڕەوا ناکەین.

٢- ئەگەر ئاوت لە کانییەك خواردەوە، بەردی تێ مەهاوێ.

هەروەها بواری ناکردنی شارستەش کار لە پارستە ناکات :-

١- ئەگەر ئەم کارەت پێ ناکرێت، وازی لێ بێنە.

٢- ئەگەر دەبەنگ نەبێت، ئەمساڵ دەردەچێت.

کەواتە لە ڕووی ڕێزمانییەوە دەشێت ، کاری شاڕستە یا پاڕستە یان هەردووکیان نابکرێن و بواری هیچیان کارناکاتە سەر ئەوی تر : -

١- ئەگەر گوڵ نیت ، دڕکیش مەبە .

٢- ئەگەر کار نەکەیت ، نان ناخۆیت .

بەڵام لە ڕووی واتاوە بەزۆری وا ڕێك دەکەوێت هەردوو کارەکە ئەرێ یان نەرێ بن : -

١- (ئەگەر) پشتبت سەفین بێت ، تف بکە لە ئاسن .

٢- ئەگەر نەخوێنم . دەرناچم .

هەندێ جاریش لەجیاتی کارێکی ناکراو ئاوەڵناوێکی دژواتا ڕۆڵی ناکردنەکە دەبینێت : -

١- ئەگەر ڕا بکەیت ، گەرم دەبیتەوە .

ئەگەر ڕا بکەیت ، سارد نابیتەوە .

٢- ئەگەر ئازایت ، بڕۆ وەرە مەیدان .

ئەگەر ترسنۆك نیت ، بڕۆ وەرە مەیدان .

هەندێ جار ڕستەی ئاوێتەی مەرجی واتای پێچەوانە دەگەیەنێت . (بە تایبەتی ئەگەر کاری پاڕستە ڕابردووی داخوازی بێت ): -

١- ئەگەر بیخوێندایە ، بەیەکەم دەردەچوو .

(واتا : نەیخوێندو بە یەکەم دەرنەچوو ).

٢- ئەگەر منداڵ نەبوایە ، سزایان دەدا .

(واتا : منداڵە و سزایان نەدا ).

یان ئەگەر شاڕستە لە شێوەی پرسیار بێت دەتوانین ڕستە ئاوێتەکە بە دوو شێوە لێك بدەینەوە ، کە هەرجارەی واتای ڕستەیەك پێچەوانە دەبێتەوە : -

١- ئەگەر پیاو بێت ، چۆن ئەم کارە دەکات؟

أ- ئەگەر پیاوبێت ، ئەم کارە ناکات .

ب- پیاو نییە ، بۆیە ئەم کارە دەکات.

٢- ئەگەر کورد بوو ، بۆ کوردی نەدەزانی ؟

ا- ئەگەر کورد بووایە ، کوردی دەزانی .

ب- کورد نەبوو ، بۆیە کوردی نەدەزانی .

هەندێ جار ئاوەڵناوێکی نەگۆڕ و چەسپاو بەرامبەر کارێك دا دەنرێت (لە شاڕستە یان پاڕستە ) بەو مەبەستەی،کە دەبێت کارەکە هەر ئەنجام بدرێت و پێداگرتنی لەسەر دەکرێت : -

١- ئەگەر پیاو بم ، دەیکوژم .

ئەگەر نەمکوشت،پیا نیم .

٢- ئەگەر کوردیت ، سەرشۆڕناکەیت .

( ئەگەر ) سەرشۆڕکەیت ، کوردنیت .

بەزۆری ئەگەر لە پاڕستەی مەرجییدا ڕاناوێکی نادیار ( کەسێك ، هەرکەس، ئەوەی ،..... ) هەبێت ، ئامرازی لێکدەری مەرجی (ئەگەر) بەکار نایەت: -

١- هەرکەس گێل نەبێت ، هەڵەی وا ناکات .

٢- ئەوەی سیر نەخوات ، بۆن سیری لێ نایەت .

هەندێ جاریش لەجیاتی ناکردنی پاڕستە ئامرازی لێکدەری ( مەگەر ) بەکار دێت ، بەڵام لەم بارەدا زۆرتر پاڕستەکە دەکەوێتە دواوە : ـ

١ ـ ئەگەر خوا چاکی نەکاتەوە ، ئەم نەخۆشە ڕۆیشتووە .
ئەم نەخۆشە ڕۆیشتووە ، مەگەر خوا چاکی بکاتەوە .

بەڵام ئەگەر بمانەوێت پاڕستەکە هەر لە پێشەوە بێت ، ئامرازی (ئەگەر نا) یان (دەنا) دەخرێنە نێوان شاڕستە و پاڕستە : ـ

١ ـ مەگەر خوا چاکی بکاتەوە ، ئەگەر نا / دەنا ئەم نەخۆشە ڕۆیشتووە .

هەندێ جار بۆ پێداگرتن (تاكید) لەسەر مەرجەکە ، پاڕستەکە بە پێچەوانە دووبارە دەکرێتەوە : ـ

١ ـ ئەگەر درۆ ناکەیت ( ڕاست دەکەیت ) ، ........
٢ ـ ئەگەر پیاویت (ژن نیت ) ، ............

ئەگەر چی کاتێك شاڕستەیەکی ناکراو بکرێتە پرسیار ، هەمان واتا ناکراوەکە دەگەیەنێت (پێچەوانەکەشی ڕاستە ) : ـ

١ ـ ئەگەر چاکە نازانیت ، بۆ خراپە دەکەیت ؟ (خراپە مەکە ) .
٢ ـ ئەگەر ئاگرت پێ نییە ، بۆ جگەرە دەکێشیت ؟ (جگەرە مەکێشە ) .

بەڵام هەندێ جار دەبینین ، ڕستەی فەرمانیێکی وشك و ڕەق دەکرێت بە شاڕستەیەکی پرسیاری ناکراو بەمەبەستی گۆڕینی فەرمانەکە بۆ داوایەکی نەرم و ڕێزدار : ـ

١ ـ بڕۆ بەولاوە ← (ئەگەر) زەحمەت نەبێ ، ناچیت بەولاوە ؟
٢ ـ ئەم پێنووسەم پێ بدە ← ئەگەر بەئازاری نازانی ، ئەم پێنووسەم نادەیتێ ؟
٣ ـ تۆزێك یارمەتیم بدەن ← گەر لاتان گران نەبێت ، تۆزێك یارمەتیم نادەن ؟

# ئه‌نجام

## ئـــــــه نجــــــــام

گرنگتـریـن ئـه و ئه نجامانه‌ی له باسه‌كه‌دا بـه ده‌ستمان هێناون . له‌م خـالآنـه‌ی خـواره‌وه‌دا كـۆ ده‌بنـه‌وه‌ : ـ

١ـ به‌ پێچـه‌وانه‌ی بیـرو ڕاكانـی پێشـتره‌وه‌ كـرده‌ی ناكردن لـه‌ كـوردیـدا ته‌نیا ئه‌ركی ڕه‌ت كردنه‌وه‌ و ڕوونه‌دان ناگه‌یێنێ ، به‌ڵكو چه‌ندین واتـــای بلاوی تـر ده‌دات ، وه‌ك : پـێـچـه‌وانه‌ ، یه‌كسه‌ری ، سوور بـوون ، گومان و پـێـدا گرتن ،.... به‌ تایبه‌تی كه‌ هێـزو بوار و ئاواز به‌ به‌ر چاوه‌وه‌ ده‌گـیـرێـن .

٢ـ جگه‌ له‌ نه‌رێـی ده‌ربـڕاو ، بـۆ گه‌یانـدنی بـیری ڕوونه‌دان و جێ به‌جێ نه‌بوون نه‌رێـی ده‌رنه‌بـڕاویـش له‌ ئارادا هه‌یه‌ ، واتا : ناكردن هه‌نـدێ جار له‌ كوردیـدا پێویست بـه‌ نیشانه‌ی ناكردن ناكات ، بـه‌ڵكو بـه‌ هـۆی جۆری ڕسته‌وه‌ به‌ تایبـه‌تی ڕسته‌ی پرسه‌وه‌ ده‌رده‌بـڕێ .

٣ـ بـه‌ پێچه‌وانه‌ی بـۆ چوونه‌كانی پێـشتره‌وه‌ ، ته‌نیا كاری ڕسته‌ نییـــه‌ یان هه‌موو ڕسته‌كه‌ نییـه‌ ، كه‌ ناده‌كرێ ، به‌ڵكو هه‌موو كه‌ره‌سه‌یه‌كـــی تری ڕسته‌ به‌ كۆبوونـه‌وه‌ی هێـزو ناكردن ده‌بێـت به‌ بـوار له‌ ناكردنـدا .

٤ـ كـوردی بـه‌ پـێـچـه‌وانه‌ی هه‌ندێ زمانی تـره‌وه‌ ، ناكردن به‌ زۆری به‌ هـۆی گـۆڕان لـه‌ كـاردا ئه‌نجـام ده‌درێت ، واتا : نیشانه‌یه‌ك له‌ شێوه‌ی پێـشگردا به‌ پێشـی ڕه‌گی كاره‌وه‌ ده‌لكێـنێ و نیشانه‌كه‌ش ئاره‌زووی ئه‌وه‌ی تێـدایـه‌ له‌ سـه‌ره‌تاوه‌ بێـــــت .

٥ ـ نیشانەی ناكردن ئاسایی هێزی سەرەكی ڕستە ڕادەكێشی ، بەمە هەموو ڕستەكە نادەكات . بەڵام كە دەگوێزرێتەوە بۆ سەر بوارێكی دیاریكراو، ئەوسا تەنیا بوارەكە نادەكات .

٦ـ لە ڕستەی ئاوێتەدا بەتایبەتی ئەو جۆرەی كە پارستەیەكی ناوی تێدایە، گواستنەوەی نیشانەی ناكردن لە پارستەوە بۆ شاڕستە یان بەپێچەوانەوە هەندێ جار واتای گشتی ڕستەكە ناگۆڕێ، ئەمەش بەپێی هەڵكەوتی كارەكە دەبێ .

٧ـ لەو ڕستە ئاوێتانەدا كە پارستەی كاتیان تێدایە ، نیشانەی ناكردن بە كۆمەك لەگەڵ ئاواز و هێزدا دەتوانن ، واتای پێدا گرتن دروست بكەن .

٨ـ هەندێ جار لە ئەنجامی لێكدانی دوو (نەرێ) بەتایبەتی كارێكی ناكراوو ئاوەڵناوێكی دژواتا ، ئەرێ دروست دەبێت .

# سەرچاوەکان

## سەرچاوەکان


١- ئەورەحمانی حاجی مارف ، ڕێزمانی کوردی ، بەرگی یەکەم (وشە سازی) . بەشی دووەم - جێناو - ، دار الحریه للطباعة ، بەغدا . ١٩٨٧ .

٢- ابراهیم عزیز ابراهیم ، ڕستەی شوێنکە وتووخوازلەگەڵ ڕستەی شوێنکە وتووی دیارخەری لە دیالێکتە ناوەندیەکانی زمانی کوردیدا ، دار الحریه للطباعة بەغدا ، ١٩٨٠ (أ) .

٣- ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم ، هەندێ ئامرازی سینتاکسی لە زمانی ئەدەبی ئیمڕۆی کوردیدا ، بەغدا ، ١٩٨٠ (ب) .

٤- جگرخوین ، اواو دەستورا زمانی کوردی ، صلاح الدین ، بەغدا ، ١٩٦١ .

٥- جەمال نەبەز ، زمانی یەکگرتووی کوردی ، بامبێرك ، ١٩٧٦ .

٦- ڕێزمانی قوتابخانەکان ، (١، ٢، ٣، ٤، ٥، ٦) لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە ، چاپخانەی ژمارە (٢)ی پەروەردەی هەولێر ، ١٩٨٢ .

٧- سعید صدقی ، مختصر صرف ونحوی کوردی ، جزء (١) ، طبع أول ، النجاح بغداد . ١٩٢٨ .

٨- صادق بهاء الدین ئامێدی ، ڕێزمانا کوردی کرمانجی یا ژوری و ژێری یا هەڤبەرکری ، چاپا یەکێ ، دار الشؤون الثقافیه العامة ، بەغدا ، ١٩٨٧ .

٩- فاروق عومەر سدیق ، موحازەرەکانی پۆلی یەکەمی خوێندنی بەرزی بەشی کوردی ، زانکۆی سەلاحەددین ، وەرزی خوێندنی ١٩٨٩ - ١٩٩٠ .

١٠- فاضل نضام الدین ، فەرهەنگی - ئەستێرەگەشە ، ١٩٧٧ ، بەغدا .

١١- ك . ك . کوردۆیێف ، ڕێزمانی کوردی بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجی و سۆرانی ، وەرگێڕانی / د . کوردستان موکریانی ، الادیب البغدادیة . هەولێر . ١٩٨٤ .

١٢- کوردستان موکریانی ، سینتاکسی ڕستەی سادە لە زمانی کوردیدا ، دار الحریة للطباعة . ١٩٨٦ .

١٣- كۆڕی زانیاری کوردی ، ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی بەپێی لێکۆڵینەوەی لیژنـەی زمان و زانستەکانی ، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کـورد ، بـەغـدا ، ١٩٧٦

١٤- محـەمەد ئەمین هەورامانی ، سـەرەتـایێـك لە فیلۆلۆژی زمانی کـوردی دا ، مـەعـاریـف ، بـەغـدا ، ١٩٧٤.

١٥- محمد معروف فتاح ، ( On the stress system of kurdish ) گۆڤاری زانکۆ ، بـەرگی (٦) ژمارە (٢) ی ساڵی ١٩٨٠ ،/ئازاد حـەمە شـەریف کـردوویـە بـەکـوردی .

١٦- محمد معروف فتاح ، زمانەوانی ، کـتـێـبـێـکی مەنهـەجیە ، ١٩٨٦.

١٧- محمد معروف فتاح ، زمانەوانی ، دار الحکمة ، ١٩٩٠.

١٨- محمد معروف فتاح ، کارپۆلین کردن بەپێـی ڕۆنان ، ڕۆشنبیری نـوێ ژمارە ١٢١ ، سـاڵـی ١٩٨٩.

١٩- محمـدی خـاڵ ، فەرهەنگی-خـاڵ ، بەغدا ، ١٩٦٤ .

٢٠- نوری علی أمیـن، قـەواعـدی زمانی کوردی لە ((صـرف و نحـو)) دا . بەرگی یەکەم ، مـەعارف ، بەغـدا ، ١٩٥٦ .

٢١- نوری علی أمین ، قەواعدی زمانی کوردی لە ((صـرف ونحـو)) دا، بەرگی دووەم ، مەعارف ، بـەغـدا ، ١٩٥٨.

٢٢- نوری علی أمین ، ڕێزمانی کوردی ، کامەران ، سلێمانی ، ١٩٦٠.

٢٣- وریا عمر أمیـن ، ڕستەی بکەرنادیار ، ڕۆشنبیری نـوێ ، ژمـارە (٩٥) ی ئـاب و ئـەیـلوولـی ١٩٨٢.

٢٤- وریا عمر أمین ، زمان و ماتماتیـك ، ڕۆشنبیری نوێ . ژمارە (٩٧). ئایار و حـوزەیرانی ١٩٨٣.

٢٥- وریا عمر أمین ، بیناغـەی سادەترین ڕستەی کوردی ، ڕۆشنبیـری نوێ، ژمارە ١١١، سـاڵی ١٩٨٦.

٢٦- وریا عمر أمین ، نـەرێ ، پاشـكۆی عێـراق ، ژمارە (١٢٧) ، چوارشـەمـمـە ٧ / ٣/ ١٩٩٠.

## ملخص البحث

يتناول البحث موضوع النفي في اللغة الكرديه -لهجه الكرمانجية الجنوبية- حيث تركزنا على الناحيتين الصرفيه والنحويه ، خلافا لمعظم المراجع والكتب السابقة والتي يتناول مؤلفوها بحث وترتيب أدوات النفي ومدى تأثيرها على الأفعال ، وتغاضوا عن تأثير النفي على الصفات والجمل ، والموضوع بأكملها ولاسيما جانب النحوى ، حيث لا نجد لها دراسة مستقلة تحتل مرجعا ولا كتيبا في المكتبه الكرديه ، ولغرض اكمال النواقص وتغطية كافة الجوانب ، بادرت الى تقسيم الدراسة الى ثلاثة فصول اضافة الى المقدمة وملخص لأهم النتائج التي توصل اليها البحث

يتناول الفصل الأول من هذه الرسالة تعريف ومعاني النفي ثم دراسة النفي من خلال وظائف اللغة وأنواع الجمل ودراسة أدوات النفي ومدى تأثيرها على نفي الأفعال والصفات والجمل ، ثم تطرقت الى أنواع النفي ، وفي نهاية الفصل قدمت عرضا لما كتب عن موضوع النفي في اللغه الكرديه في بعض المصادر والكتب اللغوية ، مع نقد تحليلي شامل لآراء كتابها .

بينما خصصت الفصل الثاني لنفي الجمل البسيطة ومن خلال النبرة ومدى مجال النفي تم دراسة أبسط الجمل الكرديمة والجملة البسيطة الموسعة .

وخصص الفصل الثالث لنفي الجمل المركبة والمعقدة ، وتم في الجزء الأول دراسة مدى تأثير النفي على الجمل المركبة غير التابعة وفي الجزء الثاني على الجمل المركبة التابعة ، ولكي تكون دراستي اكثر وضوحا وشمولية تطرقت في بداية كل من الفصلين الأخيرين الى قواعد تكوين الجمل البسيطة والمعقدة .

## Abstract

The thesis is concerned with negation in the Southern Dialect Of Kirmanji , a main dialect of the Kurdish Language . In contrast with all previous work on negation in Kurdish , which deals mainly with the morphology of negation , the study focuses on the syntactic aspects of the process . The work falls into three chapters , in addition to an introduction and some concluding remarks .

The first chapter introduces the concept of negation, the meaning of negation, its connection with speech acts and sentence types , presenting at the end a survey of all previous work on the topic .

The second chapter deals with negation in the minimal and expanded Kurdish Sentences , paying particular attention to the negation of the scope( which is highly variable) and its relation with stress and into nation contours.

The third chapter is devoted to the study of negation in compound and complex sentences, concentrating on negative raising and transposition .

# النفي في اللغة الكردية

رسالة

قدمت كجزء من متطلبات شهادة الماجستير

الى كلية الآداب - جامعة صلاح الدين

من قبل الطالب

عبدالله حسين رسول

صفر ١٤١٢ هـ                    ايلول ١٩٩١ م